عەزیز نەسین

تورک لە بولگارستان
کورد لە تورکیا

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێڕان و ئامادەکردنی
بەکر شوانی و سیروان رەحیم

پرۆفیسۆر جەبار قادر
پێشەکی بۆ نووسیوە

هەولێر ٢٠١٠

پێشکەشە بەو زانیارەی تەنها لە پێناوی زانست و راستیدا بەرگری لە کورد و کێشەی کورد
دەکات..
بەو زانیارەی ئامادە نییە وڵاتەکەی بە جێ بهێڵێت و بەرگریکردن لە تێگە و بۆچوونەکانی بە
کەسانی دیکە بسپێرێت..
زانیارێك بە هەموو وزەیەکییەوە دەیان ساڵە بەرانبەر بە چەواشەکاری و دژەزانست خۆی
راگرتووە و دەزانێت زانست و لۆژیك سەردەکەون..
پێشکەشە بە
ئیسماعیل بێشکچی..

هەواڵنامەی کتێب

پێڕست

پێشەکی: پرۆفیسۆر جەبار قادر
پێشەکی: دەرفەتێك بۆ بەراود

تورك لە بولگارستان

نامەی سەندیکای نووسەرانی تورکیا بۆ یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان
وەڵامی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان بۆ نامەکەی سەندیکای نووسەرانی تورکیا
وەڵامی سەندیکای نووسەرانی تورکیا بۆ وەڵامەکەی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان
کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی
نامەی نێردراو بۆ ڕێکخراوەکانی نووسەران لە جیهان

کورد لە تورکیا

هەواڵنامەی کتێب

ئەو وتارەی کە بوو بە هۆی کردنەوەی دۆز لەسەر پرسی کورد
پرۆسەی کردنەوەی دۆزەکە
بەرگرینامەکانی دۆزەکە
بڕیاری بێتاوان دەرخستن

بەڵگەنامەکان

وتارەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد
وتارەکانی محەمەدی مەلا کەریم

پێشەکیی پرۆفیسۆر دکتۆر جەبار قادر

عەزیز نەسین یەکێ لە نووسەرە هەرە بەنێوبانگەکانی سەدەی بیستەمی تورکیایە و دید و بۆچوونەوەکانی گرنگی زۆریان پێدراوە ، بە تایبەتی ئەگەر لە بارەی پرسێکی هەستیاری وەکو دۆزی کوردەوە بووبێ لەو ولاتە. رەنگبێ وتەکانی عەزیز نەسین بە پێوەرەکانی ئەورۆ مایەی سەرنجێکی زۆر نەبن، لێ بۆ ئەو رۆژانەی نەسین ئەو قسانەی کرد لە بارەی دۆزی کوردەوە کرد ئازایی و جوامێرییەکی بێ وێنە بوو، تەنها ئیسماعیل بێشکچی لەو بوارەدا لە پێش ئەوەوە بوو.

پێش ئەوەی باسی دید و بۆچوونەکانی لە بارەی دۆزی کوردەوە بکەین و لێکدانەوەیان بۆ بکەین، ئەگەر بە کورتیش بێ وێستگە سەرەکییەکانی گەشتی ژیانی ئەم نووسەرە گەورەیە بخەینە بەر دیدی خوێنەری کورد .

نووسەری بەنێوبانگی تورك عەزیز نەسین (نێوی راستەقینەی محەمەد نوسرەت کوری عەبدولعەزیز نەسین) لە 20 کانونی یەکەمی ساڵی 1915 لە دوورگەی هەیبەلی لە ئیستانبوڵ هاتۆتە دونیاوە و لە 5 تەمموزی 1995 کۆچی دوایی کردووە . بە پێی ئیندێکسی یۆنیسکۆ بۆ بەرهەمە وەرگێردراوەکان عەزیز نەسین بە پلەی چوارەمین دێت لە نێو ئەو نووسەرە تورکانەدا کە بەرهەمەکانیان وەرگێڕدراون بۆ چەندین زمانی دیکە. ئەم ئیندێکسەی یۆنسکۆ لە ساڵی 1932 هاتۆتە کایەوە ونێوی ئەو کتێبانەی تێدا تۆمار کراوە کە وەرگێڕدراون بۆ زمانی تر. ئەو بەرهەمانەی پێش ساڵی 1979 وەرگێردراون لە ئیندێکسی کاغەزیدا لە چەشنی کتێبدا بلاو کراونەتەوە و لە کتێبخانە گرنگەکانی جیهان دەست دەکەون . بەرهەمەکانی دوای ساڵی 1979 لە داتابەیزێکدا تۆمار کراون کە ملیۆنێك و نۆسەد هەزار ناونیشان دەگرێتە خۆ.

عەبدولعەزیزی باوکی لە گیرەسۆنەوە هاتبووە ئیستانبول وبەکاری باخەوانییەوە خەریك بوو بۆ بەخێوکردنی ژن و منداڵەکانی. بە وتەی یەکێك لە نەوەکانی، عەبدولعەزیز شەیدای سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و دوژمنی باوەکوشتەی موستەفا کەمال بوو .

عەزی نەسین لە ساڵی 1924 لە (مەکتەبی ئیبتدائی سوڵتان سولەیمانی قانونی) کە نێوەکەی گۆردرا بۆ قوتابخانەی 7 ئیستانبوڵ لە پۆلی سێ وەرگیرا . دوای دوو ساڵ خوێندنیش لە لیسەی دارولشەفەق چووە لیسەی سەربازی قولەلی لە ساڵی 1935 و لە ساڵی 1937 قوتابخانەی جەنگی ئەنقەرەی تەواو کرد و بوو بە ئەفسەری یەك ئەستێرە. لە ساڵی 1939 قوتابخانەی هونەری سەربازی تەواو کرد. لە هەمان کاتدا لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بەشی زەخرەفە دەیخوێند.

وەکو ئەفسەر لە سوپای تورکیا لە چەند دەڤەرێکی تورکیا خزمەتی کرد لە دەسپێکی شەڕی دووەمی جیهانیدا دوو ساڵ ژیانی لە خێوەتگەی سەربازیدا لە تراقیا بەسەر برد. لە 1942 گوێزرایەوە بۆ ئەرزەرۆم و هەر لەوێ لە تەقینەوەی بۆمبێکدا بریندار بوو . لە ئەرزەنجانیش بۆ گواستنەوەی جبەخانەی سوپا لە دوای بومەلەرزە ماوەیەك دەست بە کار بوو. لە ساڵی 1944 لە یەکەمین کۆرسی کارکردن لە سەر تانك لە قوتابخانەی جەنگی ئەنقەرە بەشداری کرد. بۆ ماوەیەکیش لە سەر موشەکی دژ بە فرۆکە لە زەنگولداغ دەست بەکار بوو . هەر لەو دەور و بەرە بە تۆمەتی (خراپ بەجێهێانی ئەرك وکارەکانی) لە سوپا دوورخرایەوە.

لە دوای دوورخستنەوەی لە ریزەکانی سوپا دەمێك بە بەقاڵی و ژمێریارییەوە خەریك بوو. لە ساڵی 1945 دەستی بە رۆژنامەوانێتی کرد. لە دەسپێکدا چووە گۆڤاری (یەدی گوین - حەوت رۆژ) کە سەدات سەماوی

دەریدەکرد . دوای ئەوەش لە ڕۆژنامەی (قەرەگۆیز) وەکو نووسەر و ریداکتۆر کاری کرد. هەر لە هەمان ساڵدا دەستی کرد بە نووسینی شانۆ و گۆشەی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی (تان). لە ساڵی 1946 لە گەڵ کۆمەڵێ گەنجی زانکۆ بڵاوکراوەیەکی هەفتانەی بە نێوی (شەممو) بلاوکردەوە، کە تەنها هەشت ژمارەی لێ دەرچوو. لە دوای ئەوەش لە ڕۆژنامەی (وەتەن) دەستی بەکار کرد. هەر لە هەمان ساڵدا یەکەمین نامیلکەی لە 16 لاپەرەدا بڵاوکردەوە لە ژێر ناونیشانی (پارتی دامەزراندن و پارتی لێدان) .

لە ساڵی 1946 دا لە گەڵ سەباحەدین عەلیدا ڕۆژنامەی ساتیری (مارکۆپاشا)ی دەرکرد و دەنگێکی زۆری دایەوە. بە ڕەخنە و ساتیرەکانی مارکۆ پاشا سیاسەتمەداران و کاربەدەستانی تووڕە دەکرد و چەندین جار بە داخستنیان دا، لە گەڵ ئەوەشدا ژمارەی فرۆشی هەر لە بەرزبوونەوەدا بوو. ئەو دۆزانەی لە دژی مارکۆ پاشا و نووسەرانی دەکرانەوە ژیانیانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەختتر دەکرد. عەزیز نەسین بە هۆی نووسینێکەوە لە ژێر ناونیشانی (بەرەو کوێ دەرۆین؟)، کە ڕەخنەی لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمەریکا دەگرت، لە 12 ئابی 1947 سزای 10 مانگ زیندانی گرانی بۆ بڕایەوە و دەبوایە سێ مانگ و دە ڕۆژیش لە ژێر چاودێری توندی ئەمندا بە دوورخراوی لە بورسە بەسەر بەرێ .

دووەمین بەرهەمی عەزیز نەسین کتێبی (عەزیزنامە) بوو کە ساڵی 1948 بڵاوکرایەوە. بە هۆی ڕەخنە و ناوەرۆکی ئەم کتێبەوە لە دادگای 2 سزای گرانی ئیستانبوڵ دۆز لە دژی کرایەوە. هەرچەندە ئەو دادگایە لە سەر ئەم بەرهەمەی سزای بۆ نەبڕیەوە، لێ بە هۆی گازندەی شازادەی بەریتانیا ئەلیزابێس، شای ئێران محەمەد ڕەزا پەهلەوی و شای میسر فاروقەوە لە ڕێگەی باڵیۆزخانەکانیانەوە لە ئەنقەرە، کە بە فەرمی سەردانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیایان کرد و دۆزیان لە دادگای ئەنقەرە لە دژی کردەوە، شەش مانگ زیندانی بۆ بڕایەوە . ئەو هەموو سەرئێشەیە ناچاری کرد پەنا بۆ کار و پیشەی تر بەرێ بۆ بەخێوکردنی ماڵ و منداڵەکەی. لە ساڵی 1952 لە گەرەکی لەڤەنت لە ئیستانبوڵ دوکانێکی بە کرێ گرت و دەستی کرد بە کتێب فرۆشتن. لە گەڵ کتێب فرۆشتندا بەیانیان ڕۆژنامەی بە سەر دانیشتوانی لەڤەنتدا دابەش دەکرد. بەڵام بۆی نەکرا بەو کارە پێداویستییەکانی هەردوو منداڵە بچوکەکەی دابین بکات، بۆیە لە ساڵی دواتردا دەستی لەو کارەش هەڵگرت و لە گەرەکی بەیئۆغلو (ستۆدیۆی فۆتۆغرافی پارادی) کردەوە. ئەم کارانە نەیانتوانی لە نووسین و بڵاوکردنەوە دووری بخەنەوە، لە ساڵی 1954 دا بە نێوی خوازراوەوە لە گۆڤاری (ئاک بەبە) دەستی بە نووسین کرد.

لە 6 و 7 ئەیلولی 1955 کارەساتی تالانکردنی ماڵ و فرۆشگەکانی کەمینە ئاینییەکان وتوند و تیژی لە دژیان لە ئیستانبوڵ قەوما ، لەو دوو ڕۆژەدا نەژادپەرستان و تاوانکاران ماڵ و سامانی کەمینەی یۆنانی و ئەرمەنییەکانیان بەتاڵان برد و زەبر و زەنگی زۆریان لە بەرامبەریان ئەنجامدا. ئەم ڕووداوەش یەکێ لە پەڵە ڕەشەکانی تری مێژووی هاوچەرخی تورکیایە. دوای ئەوەی تاوانکاران تاوانەکانی خۆیان ئەنجامدا، ئەوجا هێزەکانی ئەمن و ئاسایش کەوتنە گرتنی خەڵك. سەیر لەوەدایە کە لەو ڕووداوەدا عەزیز نەسین بە تاوانبار لە قەڵەم درا و دەستگیر کرا.

ساتیر و ریپۆرتاژ و بیرۆکەکانی عەزیز نەسین کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەکو (دۆڵمش) 1955، (یەنی گەزەتە) 1957، (ئەکشام) 1958 ، (تانین) 1960، (گوین ئایدن) 1969 و (ئایدنلك) 1993، بڵاو دەکرانەوە، ئەم نووسەرەیان کرد بە یەکێ لە نووسەرە هەرە بەنێوبانگەکانی تورکیا.

لە پای بەرهەمە نایابەکانی و نێوەرۆکە ئینسانیەکەی کۆمەڵێ خەلاتی نێودەوڵەتی وەرگرت. خەلاتی چڵە خورمای زێڕینی ئیتاڵی لە 1956 لە سەر ساتیری (ئاهەنگی قازان). بۆ ساڵی دواتریش لە پای ساتیری (حەمدی فیل) هەمان خەلاتی وەدەستهێنا.
لە ساڵی 1956دا لە گەڵ بیرمەند و رۆماننووس کەمال تاهیر وەشانخانەی (بیر) یان دامەزراند. 1963 بە هۆیەکی نادیار ئەو وەشانخانەیە سوتا و لە ژێرزەمینەکەیدا ژمارەیەکی زۆر کتێب سووتا، کە نرخەکەی دەگەیشتە نزیکەی سێ ملیۆن لیرە (بە نرخی ئەورۆ دەیکردە نیو ملیار لیرە). دوای ئەوە عەزیز نەسین خۆی بە تەواوی بۆ نووسین تەرخان کرد.
لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا، واتە لە ساڵی 1965دا پاسپۆرتی بەدەستهێنا و توانی گەشتێك بۆ دەرەوەی تورکیا بکات. لەو گەشتەیدا کە شەش مانگی خایاند، ئامادەی فیستیڤالی نووسەرانی دژە فاشیست بوو لە بەرلین و ڤایمار. دوای ئەوەش سەردانی پۆڵۆنیا، یەکێتی سۆڤیەت، رۆمانیا و بولگارستانی کرد.
لە ساڵی 1966 خەلاتی زێڕینی ژۆژیکی لە بولگارستان بەدەستهێنا. لە ساڵی 1968 خەلاتی یەکەمی رۆژنامەی میللییەت و لە ساڵی 1969 لە مۆسکۆ خەلاتی یەکەمی (کرۆکادیل) و لە ساڵی 1970 خەلاتی کۆری زمانی تورکی وەرگرت .
یەکێ لە کارە گەورەکانی عەزیز نەسین دامەزراندنی وەقفی نەسین بوو لە ساڵی 1972 هەموو ساڵێ چەند منداڵێکی بێ کەس و دەرەتانی دەگرتە خۆ و لەو وقفە بەخێویانی دەکرد و دەیانی ناردە بەر خوێندن و هەموو خەرجییەکانیانی دەگرتە ئەستۆی خۆی تا خوێندنیان تەواو دەکرد و دەیانتوانی لە سەرپێی خۆیان راوەستن و هەموو داهاتی کتێبەکانیشی بۆ ئەو دامەزراوە خێرخوازییە تەرخان کرد. ئەو دامەزراوەیە تاوەکو ئێستا دەیان منداڵی بێ کەس و کاری پێگەیاندووە ویەکێ لەو شتە مەزنانەیە کە عەزیز نەسین لە پاش خۆی بۆ کۆمەڵگەی تورکیی بەجێی هێشتوون.
لە ساڵانی 1976- 1980 ساڵانە ساڵنامەی ئەدەبیاتی وەقفی نەسین بڵاو دەکرایەوە کە گوڵبژێرێك لە بەرهەمە ئەدەبیەکانی دەگرتە خۆ.
ساڵی 1974 خەلاتی (لۆتوس)ی یەکێتی نووسەرانی ئاسیا و ئەفریقای وەرگرت و بۆ وەرگرتنی خەلاتەکە لە ساڵی 1975 چووە مانێلا پایتەختی فلیپین. لە ساڵی دوای ئەوەش خەلاتی (هیتار پیتەر)ی بولگاری پێ بەخشرا. لە ساڵی 1977 بە سەرۆکی سەندیکای نووسەرانی تورکیا هەڵبژێردرا و بۆماوەیەکی دوور و درێژ و بۆ چەندین جار بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردرایەوە .
لە 1982 لە کاتی گەرانەوەیدا لە کۆبوونەوەی یەکێتی نووسەرانی ئاسیا و ئەفریقا لە ڤیەتنام لە مۆسکۆ تووشی نەخۆشی دڵ هات و بۆ ماوەی مانگێك لە (سەنتەری لێکۆڵینەوەی نەخۆشیەکانی دڵ) تیمار کرا.
لە ساڵی 1983 بانگهێشت کرا بۆ زانکۆ ئینديانا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام لە بەر ئەوەی پاسپۆرتەکەی لێ کێشرابووەوە، نەیتوانی بەشداریی لەو بۆنەیەدا بکات. لە 20 کانونی یەکەمی 1984 لە ساڵۆنی سینەمای شان ئاهەنگی حەفتا ساڵەی لە دایکبوونی بۆ گێڕدرا . لە هەشتاکان و لە دوای کودەتای سەربازیش لە 12 ئەیلولی 1980 عەزیز نەسین چالاکانە بەشداریی هەڵمەتەکانی رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی دەکرد لە پێناو مافەکانی مرۆڤدا و ئیمزای خۆی دەخستە سەر بەیاننامە و بیرخەرەوەکان بۆ ئەو مەبەستە و لە زۆر کۆبوونەوە و رێکخراوی دیموکراتی و چاودێریکردنی دیموکراسی بەشداری دەکرد و خەلاتی نیشتمانی و نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنا .

لە 19 مارتی 1990 لە ئەکادیمیای هونەری ئەنقەرە 75 ساڵەی عەزیز نەسین بە ئامادەبوونی خۆی پیرۆز کرا و لە 3 تەمموزی 1993 بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگی پیرعەبداڵ چووە شاری سیواس و رزگاربوونی لە مردن لە ئاگر کەوتنەوەی ئوتێلی مادیماك لەو شارە مایەی سەرسورمان بوو. لەو رووداوە دڵتەزێنەدا 35 رۆشنبیر و هونەرمەندی تورکیا ژیانیان لە دەستدا. سێ رۆژ لە دوای یادکرنەوەی سێ ساڵەی ئەو کارەساتەی سیواس و لە شەوی پێنج لە سەر شەشی تەمموزی 1995 دڵی گەورەی عەزیز نەسین لە لێدان کەوت و بە پێی وەسێتی خۆی بە بێ مەراسیمی فەرمی و کۆبوونەوەی جەماوەری لە 7 تەمموز لە باخچەی وەقفی نەسین لە چاتاڵجە بە خاك سپێردرا .

گرنگترین بەرهەمەکانی عەزیز نەسین بریتین لە 47 کتێبی کورتەچیرۆك، 10 رۆمان، 5 یادداشت، 5 ئەفسانە، یەك کتێبی هەجو، 6 کتێبی بیرۆکە ، دوو گەشتنامە، 12 شانۆگەری، 7 دیوانی شیعرو دوو بەرگیش بریتین لە وتە و گوتارەکانی لە کۆبوونەوە و بۆنەکاندا .

کرۆکی ئەم کتێبەی لە بەردەستی خوێنەری ئازیزدایە، وەڵامی عەزیز نەسینە بۆ پرسیاری گۆڤاری (ئیکیبینە دۆغرو - بەرەو ساڵی دووهەزار) دەربارەی دۆزی کورد لە تورکیا لە 1987دا. لە وەڵامدا عەزیز نەسین بیر و بۆچوونی خۆی لە بارەی دۆزی کوردەوە خستۆتە روو. بەر لە هەر شت ئەو رەخنە لەو قانونانە دەگرێ کە نکۆڵی لە کورد دەکەن و بوونەتە کۆسپ لە رێگەی چارەسەرکردنی ئەم دۆزەدا. تەنانەت ئەو ئەورۆش دوای ئەو هەموو گۆرانکارییە لە دەستوری ساڵی 1982، هێشتا ئەو دەستورە و قانونەکانی تورکیا رێگری گەورەن لە بەردەم چارەسەری دۆزی کورددا. بەر لە نزیکەی چارەکە سەدەیەك عەزیز نەسین دەڵێ دەمی ئەو قانونانە بەسەر چووە و پووکاونەتەوە و دەبێ بگۆردرێن. هەرچەندە عزیز نەسین لە دژی شەری چەکداری بووە و ئەو رێگەیەی بە رێگەیەکی باش نەزانیوە و ترسی لەوە هەبووە بۆچوونەکانی بە خراپی لێکبدرێنەوە، لێ بە شێوەیەك لە شێوەکان ئاماژەی بەو راستییە کردووە کە حکومەت هەموو رێگەکانی لە بەردەم خەباتکارانی کورددا داخستووە و تەنها رێگەی پەنابردنە بەر چەکی لە بەردەمدا هێشتوونەتەوە .

هەر لەو وەڵامەدا عەزیز نەسین داوا دەکات ددان بە هەبوونی کوردا بنرێت و دەسەڵاتداران دەست لە سیاسەتی نکۆڵیکردن لە گەلی کورد هەڵگرن و واز لەو هەوڵانە بێنن گەلی کورد لە چوارچێوەی تورکدا ببینن، راستتر بتوێننەوە. ئەم وتانە بۆ وڵاتێك کە تاوەکو ئێستاش ددان بەوەدا نانێ کە کورد گەلێکی یا تەنانەت گروپێکی ئەتنیکی سەربەخۆیە و هەوڵی زۆر دەدرێ لە چوارچێوەی گەلی تورکدا، نەك گەلی تورکیادا، هەڵسوکەوتی لە گەڵدا بکرێ، دەڵێین ئەم وتانە بۆ وڵاتێکی وا و بەر لە بیست و سێ ساڵ هەڵوێستێکی مەردانە بوو .

عەزیز نەسین داوای دەکرد ددان بندرێ بە ماف و سەربەخۆیی کولتوریی کوردا و لە هەڵوێستیدا نەگەیشتبووە رادەی ددانان بە مافی سەربەخۆیی سیاسی و نەتەوەیی کورد. لەمەدا زۆر لە دوای ئیسماعیل بێشکچیەوەیە بوو، کە لە دژی هەڵوێستەکانی عەزیز نەسین و سەندیکای نووسەرانی تورك، کە نەسین سەرۆکایەتی دەکرد زۆری نووسیوە .

عەزیز نەسین دەیوت وڵات بارێکی ئارامتری دەوێ بۆ ئەوەی بە راشکاوانە تر لە بارەی پرس و کێشەکانییەوە قسە بکرێ. هەڵبەتە لە سێبەری شەڕ و دەسەڵاتی رەهای جەنەراڵ و ناسیۆنالیستە توندرەوەکاندا تورکیا زۆر دوور بوو لەو بارەی کە عەزیز نەسین و بێشکچی و گەلێ نووسەر و بیرمەند و رۆشنبیری تری تورکیا خەونیان پێوە دەبینی .

لە تەك ئەم بۆچوونە دروستانەدا عەزیز نەسین هەندێ پرسی تر دەوروژێنێ کە لە گەڵ راستییە مێژووییەکاندا زۆر یەك ناگرنەوە، وەکو بەراوردکردنی باری تورکەکانی بولگارستان لە گەڵ بارو دۆخی کوردی تورکیادا. لە بارەی ژمارەی تورکمانەکانی عیراقیشەوە وادیارە کەوتۆتە ژێر کاریگەی رۆژنامە و گۆڤارەکانی وڵاتەکەیەوە. گرنگە ئەم بەرهەمەی عەزیز نەسین لە چوارچێوەی کات و شوێنی خوێدا بخوێنرێتەوە.
وەرگێرانی ئەم کتێبە لە لایەن هێژایان بەکر شوانی و سیروان رەحیمەوە کارێکی زۆر بەجێیە بۆ ئەوەی خوێنەری کورد ئاگاداری ئەو نووسین و بەرهەمانە بێ کە لە بارەی گەلەکەیەوە نووسراون. بە ئەمانەتەوە دەقەکەیان کردووە بە کوردییەکی رەوان وئاست بەرز. بۆ منیش مایەی خۆشحاڵی بوو کە پێیدا بچمەوە وپێشەکی بۆ بنووسم .

هەواڵنامەی کتێب

پێشەکی

دەرفەتێك بۆ بەراورد

لە کۆتایی سالانی هەشتای سەدەی بیست و دروست لە سالی 1989 دا بەرێزان د. کەمال مەزهەر ئەحمەد و محەمەدی مەلا کەریم گفتوگۆیەکی درێژیان سەبارەت بە نووسەری ناسراوی تورك عەزیز نەسین و دۆستایەتیی وی بۆ کورد و بەراوردکردنی بە دۆستایەتیی نازم حیکمەت بۆ کورد لە سەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی هاوکاری کرد. بێگومان پاش گفتوگۆی ئەو بەرێزانە رەوشی ولات سەرلەبەری بە هۆی داگیرکردنی کوێتەوە گۆڕدرا. بۆ ئێمەی کوردیش پاشان شەڕی ئازادکردنی کوێت و راپەڕینی بەسەردا هات و سەرەتای قۆناغێکی دیکە و دەروازەی دنیای دیکەمان لەسەر کرایەوە، بۆیە بابەت و وتووێژی ئەو بەرێزانە بە یەکجاری لە رۆژەڤدا نەما.

ئێمە لەبەر گرنگیی ئەو بابەتە و لە سۆنگەی گرنگیی ئەوەی کە بۆچوونی یار و نەیارەکان سەبارەت بە کێشەی کورد بزانین، بەشێکی گرنگ لەو کتێبەی عەزیز نەسین دەخەینە بەردەستی خوێنەری کورد، با پاش زۆرتر لە بیست سالێش بێت، بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت خۆی بەراورد لە نێوان بۆچوونەکانی عەزیز نەسین و وتار و راکانی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد و کاکە حەمەی مەلا کەریمدا بکات.

ناوی کتێبەکەی عەزیز نەسین بە تورکی بەم جۆرەیە: "بولگارستاندە تویرکلەر، تویرکیەدە کویرتلەر". ئەگەر دەقاودەق بیکەین بە کوردی، دەبێت بە "تورکەکان لە بولگارستان، کوردەکان لە تورکیا." لە زمانی تورکیدا بە کۆ ئاماژە بۆ ناوی گەل و نەتەوەکان دەکرێت، بۆیە نووسەر "تورکەکان... کوردەکان"ی بەکار هێناوە. بەلام لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا هەندێك جار وشەی تاکیش واتای کۆ دەگەیەنێت، ئێمە ناوی کتێبەکەمان بە کوردی کرد بە "تورك لە بولگارستان، کورد لە تورکیا". وەك لە لاپەڕەی دووەمی چاپی دەیەمی کتێبەکەدا ئاماژەی پێ کراوە، کتێبەکە یەکەم جار لە سالی 1989دا چاپ کراوە، بەلام نە نووسراوە لە چ دەزگایەکی بلاوکردنەوە. دواتر لە 1989-2000 بەدوای یەکدا 8 جار چاپ کراوەتەوە و سەرجەم 41 هەزار دانەی لێ چاپ کراوە. لە دەزگای بلاوکردنەوەی نەسین-یش جارێکی دیکە لە مانگی دووی سالی 2008دا چاپ کراوەتەوە. ئەو جارە 1000 دانەی لێ چاپکراوە و ئەمەش دەکاتە چاپی نۆیەم. لە مانگی چواری هەمان سالدا دەزگای بلاوکردنەوەی نەسین جارێکی تر 1000 دانەی لە کتێبەکە چاپ کردووە و ئەویش بووە بە چاپی دەیەم. بەو جۆرە، لە یەکەم چاپەوە بۆ دەیەم چاپ سەرجەم 43 هەزار دانە لە کتێبی "بولگارستاندە تویرکلەر، تویرکیەدە کویرتلەر" چاپ کراوە. چاپی دەیەمی کتێبەکە 232 لاپەڕەی قەوارە (13 x 19.5)سەنتیمەترە، بەلام تەنیا ل1- ل97 سەبارەت بە کێشەی تورك لە بولگارستان و کێشەی کورد لە تورکیایە و ئێمەش هەر ئەو بەشەمان وەرگێڕاوە. بەشەکانی دیکەی کتێبەکە سەبارەت بە بابەتی ترن و بۆ ئێمە سەرنجراکێش نین. لەگەل ئەم وەرگێڕانەدا چاپی دەیەمی کتێبە تورکییەکەشمان خستووەتە بەردەستی ئەکادیمیای کوردی.

ئەو بەشەی کە ئێمە وەرمانگێڕاوە، کۆمەلێك نامەی وەزارەتەکان و بڕیاری هەندێك لە دادگاکانی تورکیا و بەرگرینامەی تۆمەتبارکراوان و پارێزەران لە خۆ دەگرێت. بەلام هەموو ئەو بەلگەنامانە وەك تێکست لە کتێبەکەدا دانراون و وێنەی بەلگەنامەکانیان لەگەلدا نییە. ئاشکرایە بەلگەنامەکان دەبێت ئێستا لە وەقفی

عەزیز نەسین لە ئیستانبوڵ پارێزرابن. بەشی زۆری نامەی وەزارەتەکان و بڕیارنامەی دادگاکان و بەرگرینامەکانی تۆمەتبارکراوان و پارێزەرانمان کردووە بە کوردی، تەنیا ئەو بەشە کەمە نەبێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە عەزیز نەسینەوە نییە.
لەگەڵ ئەم وەرگێڕانەدا، بە مەبەستی بیرهێنانەوە، یان بەراورد بۆ کەسانێك خوازیاری بن، وتارەکانی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد و کاکە حەمەی مەلاکەریم بڵاو دەکەینەوە. دەقی وتارەکانی ئەو دوو بەڕێزەمان لە ڕۆژنامەی "هاوکاری" وەرگرتووە و بێ دەستکاریکردنی ڕێنووس وەك خۆی خستوومانەتە دووتوێی ئەم کتێبەوە. لە سەرەتای هەر وتارێکیشدا ئاماژەمان بۆ سەرچاوەکەی کردووە.
ئێمە ئەم کتێبەمان بۆ دوو مەبەست ئامادە کردووە:
یەك: زۆر پێویستە بزانین چیمان لەسەر گوتراوە و نووسراوە.
دوو: دەرفەتێکە بۆ بەراورد لە نێوان ئەو نووسین و لێدوانانە و بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانی خۆماندا.

بەکر شوانی　　　　　　سیروان رەحیم

هاوینی 2010

هەواڵنامەی کتێب

تورك لە بولگارستان:

نامەی سەندیکای نووسەرانی تورکیا بۆ یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان

ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان، سۆفیا

سەرۆکی بەڕێز و هاوپیشە هێژا و بەنرخەکانی ترمان،

لەبەر ئەوەی پاش کودەتای سەربازیی 1980/9/12 لە تورکیا کارەکانی سەندیکای نووسەرانی تورکیا قەدەخە کران، دراینە دادگە و پاش پێنج ساڵ لە دادگاییکردنمان سەندیکاکەمان تازە توانیویەتی دەست بە چالاکی بکاتەوە، ئەم نامەیە کە پێویست بوو ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر بۆ ئێوەمان بنووسیبا، دواکەوت و وا ئێستا بوارمان هەیە و دەتوانین بۆتانی بنووسین.

لە ساڵی 1960-وە تا ئێستا وەك نووسەرانی تورك و نووسەرانی بولگاری، پەیوەندیی دۆستانە و برایەتی و هاوپیشەییمان بنیات ناوە، ئەو پەیوەندییەمان پێشخستووە و هەمیشە لە سەرووی پەیوەندیی نێوان حکوومەتەکانمانەوە بووە. هەروەها پێمان وا بووە پەیوەندییەکانمان فرە دڵسۆزانە و پتەون. وەك سەندیکای نووسەرانی تورکیا و یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان لە هەماهەنگیی و هاوکارییەکی نموونەییدا کاری هاوبەشمان کردووە. بەتایبەتیش ئەو مافی هاووڵاتیبوونەی درابوو بە تورکەکانی بولگارستان و لەگەڵ مافی هاووڵاتیبوونی بولگارەکاندا یەکسان بوو، ئێمە وەك یەکێك لە سەرکەوتنەکانی دەسەڵاتی سۆسیالیزم چاومان لێ دەکرد و ئەو بوویەرە جوانەمان بەو شێوەیە پێشانی خوێنەرانی خۆمان دەدا.

لە سۆفیا وەشانخانەیەکی گەورە هەبوو هەمان کات بەرهەمی تورکی و بەرهەمی بۆ تورکی وەرگێڕدراوی بڵاو دەکردەوە. زۆربەی ئەو کتێبە بەنرخانەی کە نەدەتوانرا لە تورکیا چاپ و بڵاو بکرێنەوە بێ ئەوەی قەدەخەش بن، ئێمە لەو وەشانخانەیە بە دەستمان دەخستن. بۆ نموونە، کۆی بەرهەمەکانی نازم حیکمەت کە هەشت بەرگ بوون، لەو وەشانخانەیە کڕیمان. قوتابخانە هەبوون لە پاڵ زمانی بولگاریدا وەك ڕێوشوێنێکی سرووشتی پەروەردەی تورکییان بۆ تورکەکاتی بولگارستان دابین دەکرد و پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی تورك هەبوو. ڕۆژنامەی تورکیی هەفتانە و گۆڤاری منداڵان و ماگەزینی مانگانە بڵاو دەکرانەوە. لەبەر ئەوەی یەك لە دەی دانیشتووانی بولگارستان تورکن، تورکەکانی بولگارستان دەیانتوانی بەشێوەیەکی یەکسان سوود لە هەمان مافەکانی هاووڵاتیانی بولگارستانی وەربگرن، بۆیان هەبوو لە دامەزراوە و ڕێکخراوەکاندا ببن بە ئەندام و کار بدۆزنەوە و ئەرك لە ئەستۆ بگرن. لە لێکدانەوەکانی ئەو ڕۆژگارانەماندا ئاماژەمان دەکرد بۆ ئەوەی هیچ تورکێکی بولگاری هەستی نەتەوایەتیی تورکیی خۆی ناشارێتەوە و خۆی بە هاووڵاتیی بەرەچەڵەك تورکی بولگارستان دەزانێت، ئێمەش ئەمەمان وەك یەکێك لە سەرکەوتنەکانی سۆسیالیزم دەبینی و لە ڕێی نووسین و کتێبەکانمانەوە ئەم تێبینییە جوانەمان دەگەیاندە خوێنەرانی تورك. بۆ نموونە، سەرۆکی گشتیی سەندیکای نووسەرانی تورکیا عەزیز نەسین ساڵی 1965 لە کاتی سەردانیدا بۆ بولگارستان لە بارەگای سەرۆکی بولگارستان (سکرتێری گشتیی پارتی کۆمۆنیستی بولگارستان) تۆدۆر ژیفکۆڤ چاوی بە سەرۆك کەوت و لێدوانە فەرمییەکەی سەرۆك ڕۆژی 1965/11/15 لە ڕۆژنامەی "ئاکشام"ی تورکیدا بڵاو کرایەوە و ئەو بڵاوکردنەوەیە مایەی

ڕەزامەندی و خۆشحاڵیی ژیڤکۆڤ بوو. ئەو گفتوگۆیە لە کتێبی "لێپرسینەوە"ی عەزیز نەسیندا بڵاو کراوەتەوە جێی گرتووە و ئێمە لێرەدا پوختەیەکی دەخەینە ڕوو:

عەزیز نەسین:

- وەك دەنزاندرێت ژمارەی کەمینەی تورك لە بولگارستان نێزیکەی یەك لە دەی ژمارەی دانیشتووانە. بینیمان لێرە کەمینەی تورك لە هەلومەرجێکی یەکساندا دەژی. پەروەردە و پێگەیاندنی تورکەکانی بولگارستان بە چ ڕێگەیەك دەبێت؟ ڕێژەی بەشداربوونی تورکەکانی ئێرە لە لە دامودەزگا میللییەکانی بولگارستان و لە ڕێکخراوەکاندا چەندە؟

تۆدۆر ژیڤکۆڤ:

- حکوومەتی کۆماری میلیی بولگارستان کە لەسەر بنەمای سیاسەتی مافی یەکسانیی سەرجەم گرووپە میللییەکانی دانیشتووی وڵاتمان کار دەکات، لە ماوەی بەڕێوەبەرایەتیی جەماوەریی 21 ساڵی ڕابردوودا هەنگاوی زۆری ناوە بۆ گەشەپێدانی کولتووریی ماکی و میناکی (مادی و مەعنەویی) هاووڵاتیانی تورك. ئەو تورکانەی ئێستا لە بولگارستان دەژین، وەك هاووڵاتیانی وڵاتی ئێمە خاوەن هەموو مافێکن و شان بەشانی ڕەنجدەرانی بولگار کۆمەڵێکی نوێ دادەمەزرێنن. ئەوان چ لە ژیانی سیاسی و چ لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا بەشێوەیەکی چالاك بەشدارن. بۆ نموونە، لە ئەنجوومەنی میللەتی بولگارستاندا 10 پەرلەمانتاری تورك هەن. زیاد لە 4 هەزار ئەندامی تورك لە ئۆرگانە خۆجێییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی جەماوەریدا، واتا لە شووراکانی شارەوانیی پارێزگا و شار و ناوچەکاندا کار دەکەن. 900 کەس لەوانە ژنن. نێزیکەی 90٪ی دەنگدەرانی تورك ئەندامی ڕێکخستنەکانی بەرەی نیشتمانین. (...) بۆ نموونە، لە بولگارستانی بۆرجوازیی پێشوودا لە 356 قوتابخانەی سەرەتاییدا تەنیا 35 هەزار قوتابیی تورك خرابوونە بەر خوێندن و لە وڵاتی ئێمەدا تەنیا 167 ئامادەییی تورکی و قوتابخانەی پەروەردە و پێگەیاندنی ئاینی هەبوون، بەڵام ئەمڕۆ زیاد لە 158 هەزار قوتابیی تورك لە 1556 قوتابخانەی سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی و پیشەییدا دەخوێنن. لە سەردەمی دەسەڵاتی جەماوەریماندا 14 هەزار کچ و کوڕی تورك قۆناغی حوێندنی ئامادەیی و خوێندنی بەرزیان تەواو کردووە. ئێستا هەموو ساڵێك نێزیکەی 12 هەزار کچ و کوڕی گەنجی تورك لە ئامادەییەکان دەخوێنن. (...) ئەمانە دەبن بە خاوەنی بڕوانامەی بڵند و وەك پزیشك، ئەندازیاری کشتوکاڵ، ئەندازیار، ڕۆژنامەنووس، نووسەر، دەرهێنەر و موزیکڤان کار دەکەن. لەو شوێنانەی بەچڕی هاووڵاتیانی تورکیان لێ دەژین، زیاد لە 600 قوتابخانە بنیات نراون. لە سەرجەم گوندەکان "ماڵی گەل" و "مەڵبەندی خوێندنەوە" کراونەتەوە و کتێبی تورکی و کتێبی ئەدەبیی پێویستیان تێدا هەیە. تا ئێستا 700 کتێبی تورکی بە تیراژی 3 ملیۆن و نیو چاپ کراون. بەڕێوەبەرایەتیی جەماوەریمان ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەك "یەنی ئیشك– تیشکی نوێ، خەڵك گەنجلیغی – لاوێتیی گەل، یەنی حەیات – ژیانی نوێ" بۆ تورکەکان دەردەکات. تیراژی ئەمانە 90 هەزارە.

***

وا لێرەدا بەشێکی کورتمان لە قسەکانی بەڕێز تۆدۆر ژیڤکۆڤ خستە ڕوو و ئێمەش بەچاوی خۆمان بینیمان کە قسەکانی ڕاستن.

چەند بەشێك لە نووسینەکانی عەزیز نەسین سەبارەت بە تورکەکانی بولگارستان کە لە تورکیا بڵاو بوونەوە، لە بولگارستان وێنەیان لەبەر گیراوەتەوە، بە ژمارەیەکی زۆر و بە باڵەفڕ لەو هەرێمانە فڕێ دراونەتە خوارەوە کە بەچڕی تورکیان تێدا دەژین، لەو ڕێیەوە داوا لە تورکەکان کراوە لە بولگارستان بمێننەوە و کۆچ نەکەن بۆ تورکیا. چەندین نووسەری ئەندام لە سەندیکای نووسەرانمان زنجیرەیەك وتار و کتێبیان بڵاو کردەوە و لە نووسیەنەکانیاندا ئەم هەڵوێستە نوێ و مرۆڤدۆستانەیەی کۆماری میللیی بولگارستانیان بەرز نرخاند.

لە کاتێکدا ڕەوش بەو جۆرە دەچووە پێشەوە، لە سەرووی هەموویانەوە تۆدۆر ژیڤکۆڤ و حکوومەتی بولگارستان و سەرجەم بەڕێوەبەران و لێپرسراوانی بولگارستان هێدی هێدی دەستیان کرد بە گۆڕینی ئەو سیاسەتە ئەرێنییە و لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا ئەو سیاسەتە بەتەواوی پێچەوانە کرایەوە و بەهەموو شێوازەکانی پاڵەپەستۆ و گوشار بەکارهێنان هەوڵ دراوە و دەدرێت تورکەکانی بولگارستان لە ناو خۆیاندا بتوێننەوە. سەرەتا قوتابخانە تورکییەکان و مەڵبەندەکانی خوێندنەوەی شوێنی کۆکردنەوەی کتێبی تورکی داخران. پاشان مامۆستایانی تورك لە کار دەرکران و وەشانخانە تورکییەکەی سۆفیا داخرا. بە بانگەشەیەکی نازانستیی وەك ئەوەی گوایە خەتەنەکردن پێچەوانەی بنەماکانی مارکسیزمە، هەوڵ درا خەتەنەکردنی منداڵانی تورك قەدەخە بکرێت (دواتر حکوومەت لە بەرامبەر خۆڕاگریی خەڵکدا لەم هەڵوێستە پاشگەز بووەوە)، دواتر لە قوتابخانەکان وانەی تورکی قەدەخە کرا و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە تورکییەکان ڕاگیرا.

ئێمە وەك نووسەرانی تورك کە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان، یان بە بانگهێشتی تایبەت و بە سەردان چووینەتە بولگارستان، ڕاشکاوانە بە حکوومەتی بولگارستان و لێپرساوانمان گوتووە ئەو پاشەکشەیە هەڵەیە و لەو ڕووەوە ڕەخنەمان لێیان گرتووە. بەڵام بەئومێدی ئەوەی لێپرسراوانی بولگارستان هەست بەو هەڵەیە بکەن و هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدەن، بە گونجاومان نەزانیوە لە تورکیا ڕەخنەکانمان بڵاو بکەینەوە، چونکە ویستومانە ڕێ لە دەوروبەرە توندڕۆ و دواکەوتووەکانی تورکیا بگرین بۆ ئەوەی پڕۆپاگەندەی پێوە نەکەن و پەیوەندیی دۆستانەی نێوان هەردوو وڵاتی هاوسێ تێك نەچێت.

هەرچەندە سەرۆکی سەندیکای نووسەرانی تورکیا، بەمەبەستی ئەوەی بە ڕاشکاوانە لەمەڕ ئەو بابەتە قسە بکرێت، چەندین جار داوای چاوپێکەوتنی لە بەڕێز تۆدۆر ژیڤکۆڤ کرد، بەڵام لە سۆنگەی درێژکردنەوەی بابەتەکە و وەڵامنەدانەوە بە پەسەند کردن یان ناپەسەندکردن، ئەو دیمانەیە سەری نەگرت.

گوشاری حکوومەتی بولگارستان بۆ سەر تورکەکانی ئەو وڵاتە لەبەرەوە پەرەی سەند تا لە ئاکامدا مێژووی فەرمیی بولگارستان هاتە گۆڕین و تێگەیەکی نوێی مێژووی سیاسی هێندرایە ئاراوە کە دەڵێت : تورکەکانی بولگارستان پێش هەزار و ئەوەندە ساڵ بەڕەچەڵەك سلاڤی بوون و دواتر بوون بە موسڵمان و خۆیان بە تورك زانیوە. ئەمە بەمەرجێك بەپێی مێژووی پێشتر دەگوترا بولگارەکان لە ڕەچەڵەکی بولکاری تورکن و دواتر لە ناو میللەتانی ئەو هەرێمەدا تواونەتەوە و بوون بە سلاڤی. ئێمە قسە لەسەر ڕاستی و چەوتی تێگە مێژووییەکان ناکەین، بەڵام ئەوەی بەتەواوی بەڕاستی دەزانین و باوەڕمان پێی هەیە ئەوەیە ناکرێت بە پشتبەستن بە مێژووی هەزار، یان دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر دەستکاری نیشتمان و کەسایەتیی مرۆڤ بکرێت و گۆڕانی بەسەردا بهێندرێت. مرۆگەل بەویستی خۆیان بڕیار دەدەن سەر بە چ گەلێکن، تەنانەت ئازادن لە هەڵبژاردنی نەتەوەی خۆیان و پێویستە ئازادیش بن. پاڵەپەستۆی سەر مرۆگەل لە ژێر گوشار و ستەمی دەوڵەتدا بەمەبەستی گۆڕینی

ناسنامە و کەسایەتیی مرۆڤ ڕەفتارێکی پێچەوانەی سۆسیالیزم، مرۆڤدۆستی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ و تەنانەت مرۆڤایەتیشە.
حکوومەتی بولگارستان بە پشتبەستن بەو تێگە نوێیەی مێژوو، وەك چۆن هەموو ئەو مافانەی کە پێویستە بە گەلێك ڕەوا ببیندرێن، لە تورکەکانی بولگارستان سەندووەتەوە، بەهەمان شێوە و بە بەکارهێنانی هێز ناوی تورکەکانیشی کردووە بە بولگاری.
وەك ئەنجامی تێگەی مێژوویی دەستکرد و داسەپێنەری حکوومەتی بولگارستان ناوی تورکەکانی بولگارستان گۆڕدراوە بۆ ناوی بولگاری و ئەو تورکانەی ڕووبەڕووی ئەو کردارەش بوونەتەوە، دووچاری پاڵەپەستۆی زیاتر بوون.
ڕادەگەیەنین سەرجەم ئەو کردەوانە، جا لە هەر شوێن و کاتێك بێت، بەتەنیا بەواتای پێشێلکردنی بنەماکانی سۆسیالیزم نییە، بگرە دژبەر و پێچەوانەی دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و سەردەمی نوێیە و سەرەتا ئەم ڕاگەیەندراوەمان دەگەیەنین بە نووسەرانی بولگارستان و بە هیواین هاوپیشە بولگارییەکان، ئەوانەی لایەنگری ڕاستین، پشتیوانیمان لێ بکەن.
ماوەیەکی درێژخایەنە ژمارەی هاووڵاتیانی بولگار زیاد ناکات و لە بەرامبەر ئەوەشدا ژمارەی هاووڵاتیانی تورکی بولگارستان بەردەوام ڕوو لە هەڵکشانە و ئەمەش لەو وڵاتە جۆرێك لە نیگەرانیی خولقاندووە. ڕێگەی هاوچەرخ و مرۆیی بۆ ڕزگاربوون لەو نیگەرانییە ئەوە نییە ئاین و زمان و ناو و کەلەپووری تورکەکانی بولگارستان لە ژێر پاڵەپەستۆی دەوڵەتدا بگۆڕدرێت، بگرە چارەسەر ئەوەیە تورکەکان بەگرتنەبەری ڕێبازەکانی پەروەردەی زانستی و هەڵوێستی مرۆییانە بکرێن بە هاووڵاتیی بولگارستان. وەك بەڕێز تۆدۆر ژیڤکۆڤیش لە لێدوانەکانی بیست ساڵ لەمەوبەریدا ئاماژەی پێ دابوو، سەردەمانێك ئەو ڕێبازە هاوچەرخ و مرۆییە پەیڕەو دەکرا.
ئێمە وەك نووسەرانی ئەندام لە سەندیکای نووسەرانی تورکیا، دژی ئەو تێگە مێژووییەین کە بۆ کورد داتاشراوە و لایەنگری جیاخوازیش نین و لە چوارچێوەی هەوڵماندا بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانەی لە کۆماری تورکیا کاریان پێ دەکرێت و ئازادیمان سنوودار دەکەن، هەمیشە ناڕەزاییمان پێشان داوە و بەردەوامیش دەبین لە ناڕەزایی پێشاندان.
ئەوەی لە پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە دواکەوتووەی بولگارستاندا هەرە زیاد ئێمە نیگەران دەکات، ئەوەیە هیچ ڕۆشنبیرێکی بولگار ناڕەزایی پێشان نەداوە و ناڕەزایی هەبووبێتیش، لەلایەن ئێمە و جیهانەوە نەبیستراوە. لە هەمووشی سەرسوڕهێنەرتر و خەمگینتر ئەوەیە ئەندامانی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان کە پێویستە پێشەنگی ڕۆشنبیران بن، لەم ڕووەوە هیچ ناڕازیبوونێکیان لێ بەدی نەکراوە.
چەندین دۆست و برادەری نووسەری بولگارستانیمان هەن باوەڕمان وایە لایەنگری ڕاستین و پێکەوە خەباتمان کردووە بۆ ئاشتیی جیهانی و دۆستایەتیی گەلان و ئێمە بەڕاستی ئەوانمان خۆش ویستوە. ئایا بێدەنگبوونی سەرجەم نووسەرانی بولگارستان لە ئاست ئەم بابەتە پێشاندەری ئەوەیە کە ڕەفتارە ئەنجامدراوەکانی پشتبەستوو بەو تێگە مێژووییە دەستکردە بەڕاست دەزانن و پشتیوانی لێ دەکەن، یاخۆ بەهۆی پاڵەپەستۆی قورسەوە دەنگیان لێوە نایەت؟ زۆر حەز دەکەین ئەمە بزانین. ئێمە، سەندیکای نووسەرانی تورکیا، ناتوانین ئەگەری دووەم پەسەند بکەین، چونکە ئێمە لە تورکیا لە ژێر گوشاری تەنانەت زۆر لەوەی ئەواندا زیاتر هەموو مەترسییەکمان لەبەر چاو گرتووە و سنگی خۆمان داوەتە بەری و ڕەخنەی خۆمان ڕاگەیاندووە و ڕای

دەگەیەنین. بەم جۆرە و بێ ئەوەی بانگەشەی پاڵەوانێتی بکەین، بەو ڕێیەدا ڕۆیشتین کە پێویستە هەموو نووسەرانی جیهان پیایدا بڕۆن.
بەئومێدی وەرگرتنەوەی وەڵام، ئەم نامەیە بە پۆستی تۆمارکراو دەنێرین بۆ یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان، باڵوێزخانەی بولگارستان لە تورکیا و کۆنسوڵخانەی بولگارستان لە ئیستانبوڵ.
سەردەم و قۆناغی مێژوویی وا هەبووە تاکە کەسێکی سەرڕاست و بەجەرگ توانیویەتی بەتەنیا شکۆی گەلی خۆی ڕزگار بکات. تەنانەت یەك نووسەری بولگاری ئەگەر بتوانێت بەرگری لە ڕاستی و ڕاستگۆیی بکات، دەتوانێت مەشخەڵێك دابگیرسێنێت و تاریکیی ئەو گوشارەی کە بە هەموو بولگارستاندا بڵاو دەبێتەوە، ڕووناك بکاتەوە و ڕاستی پێشان بدات. چاوەڕێی ئەو ژیری و بەجەرگییە لە نووسەرانی هاوپیشەی بولگاریمان دەکەین.
وەك نووسەران، پەیوەندیی نێوان گەلەکانمان لە پەیوەندیی فەرمیی نێوان حکوومەتەکانمان بۆ ئێمە زیاتر مایەی بایەخ پێدانە. ئەمڕۆ تەنانەت لەگەڵ بەردەوامبوونی هەلومەرجە خراپەکانیشدا حکوومەتەکانی تورکیا و بولگارستان دەتوانن بەبۆنەی هەبوونی هەندێك بەرژەوەندیی بەرانبەر پەیوەندییەکی روکەشیان هەبێت، بەڵام ئێمەی نووسەرانی تورك باوەڕمان وایە بێدەنگبوون و چاونوقاندن لە ئاست ئەو ڕەفتارە نامرۆییانەی ئەمڕۆ لە بولگارستان ئەنجام دەدرێن، لە داهاتوودا زیان بە پەیوەندیی نێوان گەلەکانمان دەگەیەنێت. ئاشکرایە ئێمەی نووسەران مرۆگەلی بنیاتنەری دواڕۆژین و دەمانەوێت پردی دۆستایەتی و خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە و ژدل و بەتین لە نێوان گەلەکانماندا بنیات بنێین.
لەبەر ئەوەی نامانەوێت ببێت بە سەرچاوە بۆ دەوروبەرە داخراو و پاشقەڕۆکان و ناخوزازین هەرا بنێتەوە، ئەم نامەیە نادەین بە چاپەمەنی. دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت و ڕای گشتیی تورکیا و نێودەوڵەتیشی لێ ئاگادار ناکەینەوە. دەمانەوێت ئەم نامەیە وەك کێشەیەك بمێنێتەوە کە لە ئەنجوومەنی دەستەی بەڕێوەبردنی سەندیکای نووسەرانی تورکیا گفتوگۆی لەسەر کراوە. سێ مانگ لە دوای ناردنیشی بە پۆستی تۆمارکراو بۆ ئەو سێ شوێنەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێیان داوە، بەئومێد و گەشبینییەوە چاوەڕێی نامەی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان دەکەین. بەهیواین نامەکە لە سکرتارییەتی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان ڕانەگیرێت و بگەیەندرێت بەسەرجەم نووسەرانی بولگارستان. ئەگەر لە ماوەی سێ مانگدا وەڵامی نامەکەمان وەرنەگرینەوە، یان وەڵامێك وەربگرینەوە هەوڵ بدات گوشاری سەر تورکەکانی بولگارستان وەك کارێکی ڕاست و ڕەوا پێشان بدات، ئەوا ناچار دەبین لە تورکیا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی ببەستین و ناوەڕۆکی ئەم نامەیە و ئەو وەڵامەی وەری دەگرینەوە، یان وەرنەگرتنەوەی وەڵام بەڕای گشتیی تورکیا و جیهان بگەیەنین و تەواوی ئەم بەڵگەنامانە بۆ سەرجەم ڕێکخراو، یەکیەتی و سەندیکاکانی نووسەرانی جیهان، یانەی قەڵەم (PEN) و سەرجەم ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بنێرین و داوای پشتیوانی و پشتگرتنیان لێ بکەین. بەداخەوە ڕەوشەکە ڕادەگەیەنین.
ئێمەی نووسەرانی تورك، ئەو دۆستایەتییە جوان و لە بیرنەکراوەی کە سەردەمانێك لەگەڵ نووسەرانی بولگاریدا هەمانبوو، ئاواتمانە سەرلەنوێ دای بمەزرێنینەوە و بیژێنینەوە.
هەمیشە بۆ ئاشتی و هەردەم بە هەستی دۆستانە و ڕاستەقینەی هەڵقوڵاو لە ناخەوە.

بە کۆی دەنگ و ڕەزامەندیی ئەندامانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی سەندیکای نووسەرانی تورکیا،
سەرۆکی گشتیی سەندیکای نووسەرانی تورکیا
عەزیز نەسین

وەڵامی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان بۆ نامەکەی سەندیکای نووسەرانی تورکیا

بۆ ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی سەندیکای نووسەرانی تورکیا

سەرۆکی بەڕێز،

هاوپیشە بەڕێزەکان...

لە ڕێی نامەکەتانەوە کە زۆر درەنگ گەیشتە سۆفیا، زانیمان سەندیکاکەتان پاش تەنگژەیەکی درێژ، سەرلەنوێ دەستی بە چالاکییە ئاساییەکانی خۆی کردووەتەوە.

ئەمە بەڕاستی ئێمە لە ناخەوە خۆشحاڵ دەکات، چونکە ئێمەش پەیوەندیی دۆستانە و بنیاتنەرانەی ساڵانی ڕابردووی ڕێکخراوەکانی هەردوولامان لە بیرە کە ئێوەش ئاماژەتان پێ داوە. ئەگەر شادبوونەکەمان لە کاتی خۆیدا بێت، ئێمە لەگەڵ هیوا خواستن بۆ زیاتر پێشکەوتنی پەیوەندیی باش و بنیاتنەرانەمان، دەمانەوێت پێتان ڕابگەیەنین ئامادەین بۆ هەموو جۆرە هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنێك لەگەڵ ئێوەدا.

کاتێك لە ڕۆژنامەکاندا خوێندمەوە هەندێك نووسەری ناوداری تورك لەبەر ئەوەی بۆ ئاشتی تێکۆشاون، یان بەهۆی بەشداریکردنیان لە کۆبوونەوەکانی نووسەران لە سۆفیا، لە تورکیا دراونەتە دادگە، لە کاتی سەردانی سەرکۆماری تورکیا کەنان ئەڤرەن بۆ بولگارستان نامەیەکم بەناوی خۆم و یەکیەتییەکەمانەوە بۆی نووسی. ئەوسا دۆستی دێرینم عەزیز نەسین منی قایل کرد بەوەی ئەو جۆرە نامە نووسینانە سوودیان نییە و تەنیا زیانتان پێ دەگەیەنێت. بەڵام لە ساتە دژوارەکاندا هەمیشە لە پشتتان بووین.

پێویستە ددان بنێم بەوەدا کە بەهیوا بووم کۆبوونەوەی دیپلۆماتکارانی بالکان لە بەلگراد کەشێکی ئەرێنی دەخوڵقێنێت بۆ پێشخستن و نوێکردنەوەی پەیوەندیی خۆشی ڕابردوومان. ئەم قسانەم وەك ڕوونکردنەوەیەکی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان لێ وەربگرن.

هاوپیشە بەڕێزەکان، بەداخەوە پێویستە بڵێم لە نامەکەتاندا پروپاگەندە خراپەکانی ساڵانی ناجۆری ڕابردوو دەهێننە زمان. دەخوازم بەر لە هەموو شتێك بڵێم بەهیچ جۆرێك گومانمان لە نیازپاکی، توانای نووسین و نیشتمانپەروەریتان نییە. تەواو بە پێچەوانەوە، ڕێزی لێ دەگرین. بەڵام تکاتان لێ دەکەین مۆڵەتمان پێ بدەن پێتان بڵێین ئێمەش خاوەنی هەمان ئەو هەستانەین. بنەمای سەرەکیی پڕوپاگەندەی ئیمپریالیزم بریتی بووە لە "دابەش بکە و دەستی بەسەردا بگرە". بۆ ئەوەش پەیتاپەیتا پەنای بردووە بۆ بەکارهێنانی نەتەوەپەرستی و شۆڤینزم و بۆ ئەو مەبەستە کەڵکی لە ئەدەبیاتیش وەرگرتووە. بالکان سەمبولی ئەو جۆرە ناکۆکییە دەستکردانەیە. نامەوێت برینی کۆن بکولێنمەوە و ناچمە ناو وردەکارییەکانەوە. ئێمەش ئاگامان لەو کێشانەی لای ئێوە هەیە کە سەرچاوەی ئاڵۆزین، وەك "تراجیدیای قوبرس، پرسی کورد و قڕکردنی (جینۆساید)ی ئەرمەنییەکان". لەگەڵ ئێوەدا لەسەر ئەم بابەتانە گفتوگۆی بوێرانەمان کردووە.

مەگەر تاوانی کێشەی کەمینەی تورك لە بولگارستان بەڵگەی ئەم قسەیەمان نییە؟

وەك ئەوەی لە هەموو وڵاتێکی مەدەنی و دیموکراتدا هەیە، هاووڵاتیانی کۆماری میلیی بولگارستانیش، ئاینیان هەرچییەك بێت، هەموویان خاوەنی مافی یەکسانن. لە خۆیان بترازێت، کەسی تر مافی ئەوەی نییە ئەوان بخاتە سەر کۆمەڵی تر، یان بیانخاتە چوارچێوەی سنوورگەلی ترەوە.

دەوڵەتی ئەمڕۆی تورك بە کردەوە داکۆکی لەو تێگەیە دەکات کە ئاینی ئیسلام ئاینی نەتەوەی تورکە. سەرەتای ئەم مەزەندەگردنی ئایینە (سکێپولاسیۆن) درێژ دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئەوە پاشڤەڕۆیەتییە و لەگەڵ پەیوەندیی ئەرێنیی نێودەوڵەتیدا ناگونجێت. بەم واتایە، هەوڵی تورکیا بۆ داکۆکیکردن لە موسڵمانەکانی بولگارستان پێچەوانەی یاساکانە و دووربینانە نییە و پەلامارێکی زەقە بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ.

با باسی ئەوە هەر نەکەین کە دەوڵەتانی مەدەنی بە پێچەوانەی ناوەڕۆکی بنەماکانی هەلسەنکی و شێوازی نوێی بیرکردنەوەی جیهان هەڕەشەی "بە قوبرسکردن" لە بولگارستان دەکەن. ئێمە بەگەرمی پشتیوانی لە سیاسەتی یەکیەتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت و گۆرباتچۆف دەکەین.

گەلی بولگار نەهاتووە لە پێناوی پەیوەندیی هاوسێیانەی باش و ئاشتی و داهاتوودا پەردە لەسەر ڕاستییە رەش و تاریکەکانی مێژوو هەڵبداتەوە. بەڵام چ مێژوو و چ مرۆڤایەتی ئەو ڕاستییانەیان لە بیر نەکردووە. هاووڵاتیانی بولگارستان بە چاوپۆشی لە جیاوازیی ئاین پێکەوە دەژین و لە نێوان موسڵماناندا کەسانی وا هەن هەردوو زمانی بولگاری و تورکی بەکار دەهێنن. ئەمەش لەو مافانەیە کە حکوومەتی سۆسیالیزم بۆیانی دەستەبەر کردووە.

گواستنەوەی ئەو کێشە بێ بناغەیە بۆ سەکۆ نێودەوڵەتییەکان، وەك ئەوەی لە نامەکەتاندا نووسیوتانە، هەل بۆ ئێمەش دەڕەخسێنێت بەدەر لە ویستی خۆمان لەبەر چاوی هەموو جیهان باس لە مێژووی بولگارستان و مافەکانی گەلی بولگار بکەین. کاتێك بەدواچوون بۆ چاپەمەنیی جیهان دەکەین، تێبینیی ئەوە دەکەین هاووڵاتیانی بولگار لە چاو هاووڵاتیانی تورك خاوەن مافی دیموکراتیی زیاترن و خۆشگوزەرانتر دەژین.

لە بولگارستان چەندین مزگەوت پارێزراون و نۆژەن کراونەتەوە. لە زانکۆی سۆفیا بەشی زمانی تورکی هەیە. هاوپیشە بەڕێزەکانمان، بەرهەمەکانی ئێوەش وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی ئێمە، چاپ دەکرێن و دەفرۆشرێن. ئێمە نووسەری وامان هەیە تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت و ئەوانە لە نووسەرانی سەرکەوتووی ئێمەن. پێمان وایە لەو ساڵانەدا کە چالاکییەکانی سەندیکای نووسەرانی تورکیایان تێدا ڕاگیرابوو، پڕوپاگەندەی ڕانەوەستاوی دژە بولگاری ئیمپریالیستەکان بەشێوەیەکی نەرێنی کاری لە ئێوەش کردووە.

ماوەیەك لەمەوبەر لە مۆسکۆ گەیشتم بەو ئاستی خۆشحاڵییە گفتوگۆیەکی درێژ لەگەڵ نووسەری ناوداری تورك و سەرۆکی سەندیکای نووسەرانی تورکیا عەزیز نەسیندا ئەنجام بدەم. پێم وابێت لەو گفتوگۆیەدا زۆر شتمان بۆ یەکدی ڕوون کردەوە. ئەو گفتوگۆیەمان لە سەروبەندی کۆبوونەوەی دە ساڵەی دەستپێکی کولتوورەکاندا ئەنجام دا. دەستپێکی کولتوورەکان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕاگەیەندراوە.

دەمەوێت لەم ڕێککەوتەش واتایەکی سەمبولیك دەربهێنم؛ ئەم دە ساڵەی دوایی کە ئێمە لە سەد ساڵی ڕابردوو جیا دەکاتەوە، با بۆ گەلەکانمان ببێت بە ساڵی خۆشگوزەرانی، پەیوەندیی باش، ئاڵوگۆڕی کولتووری و ئاشتی.

تەندروستی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

لوبۆمیر لەڤچەڤ

سەرۆکی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان

وەڵامی سەندیکای نووسەرانی تورکیا بۆ وەڵامەکەی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان

ب. لوبۆمیر لەڤچەڤ

سەرۆکی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان

بەڕێز لەڤچەڤ...

ئەو نامەیەی بە سێ ڕێی جیاوازدا، لە ڕێی باڵیۆزخانەی بولگارستان لە ئەنقەرە و کۆنسوڵخانەی بولگارستان لە ئیستانبوڵ و بە پۆستدا بۆ ئێوەمان ناردبوو، 1988/5/16 وەڵامەکەیمان وەرگرتەوە. سوپاستان دەکەین.

بەش بەش وەڵامی وەڵامنامەکەتان دەدەینەوە:

1- بیرمان لەوە کردەوە لەوانەیە ناردنی نامەکان تەنها بە پۆست بۆ ناوونیشانەکەی ئێوە گومان دروست بکات، بۆیە بە باشمان زانی دوو دانەیتان لە ڕێی کۆنسوڵخانەتان لە ئیستانبوڵ و باڵیۆزخانەتانەوە لە ئەنقەرە بۆ بنێرین. ئەگەر سەرباری ئەوەش نامەکەی ئێمە درەنگ گەیشتبێت بەدەستتان، بەرپرسیاریی ئەو دواکەوتنە زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی کۆنسوڵخانە و باڵیۆزخانەی خۆتان. (پسوولەکانی پۆستمان لای خۆمان پاراستووە.)

2- دەڵێن یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان لە ڕۆژگارە دژوارەکانی نووسەرانی تورکیادا لە پشت سەندیکای نووسەرانی تورکیا بووە. ڕاستە، لە پای ئەمە سوپاستان دەکەین. تەنیا لە نێوان نووسەرانی تورك و بولگاردا نا، بگرە پشتیوانی و پشتگرتنی یەکتری ڕێکخراوەکانی نووسەران لە وڵاتانی هاوچەرخ و خاوەن شارستانی ئەرك و لێپرسراویی نووسینە. تەنیا پشتیوانیی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان نا، پشتیوانیی ڕێکخراوەکانی نووسەرانی ئەڵمانیای فیدراڵی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، فەرەنسا، بەریتانیای گەورە، یۆنانستان و چەندین وڵاتی تریشمان دی و ئێمەش وەك سەندیکای نووسەرانی تورکیا لە کاتی پێویستدا، چەندی لە دەستمان هاتبێت، پشتیوانیمان لە ڕێکخراوەکانی نووسەران لە وڵاتانی تر کردووە.

3- لە نامەکەتاندا دەڵێن "هاووڵاتیانی کۆماری میللیی بولگارستان، ئاینیان هەرچییەك بێت، هەموویان خاوەنی مافی یەکسانن. لە خۆیان بترازێت، کەسی تر مافی ئەوەی نییە ئەوان بخاتە سەر کۆمەڵی تر، یان چوارچێوەی سنوورگەلی ترەوە."

چەند جێگەی داخە، ناچارین بە خەمگینی بڵێین ئەم قسەیە لە گشت زمانێکی جیهانیدا توندترین دیماگۆجییە. لە هیچ جێیەکی نامەکەی ئێمەدا باسی ئاین نەکراوە. باس لەوەش نەکراوە هاووڵاتیانی بولگار بخرێنە سەر کۆمەڵی تر، یان چوارچێوەی سنوورگەلی ترەوە. وەك چۆن ئێوە خوازیاری ئەمە نین، ئێمەش بەهیچ جۆرێك شتی وامان ناوێت. با ڕاشکاوانەتر بڵێین: خوازیاری تێکدانی سنوورەکانی کۆماری میللیی بولگارستانیش نین و نامانەوێت هاووڵاتیانی بولگارستان بخرێنە سەر کۆمەڵی تر و چوارچێوەی سنوورگەلی ترەوە. هیچ کەسێکیش نییە شتی وا بڵێت و بخوازێت. ئەو قسەیەشتان کە دەڵێن "لە خۆیان بترازێت، کەسی تر مافی ئەوەی نییە"، نمایشێکی دیموکراسییە و بەهیچ شێوەیەك

لەگەڵ ڕاستیدا یەک ناگرێتەوە. وەك کەسانی زۆر شارەزای بولگارستان دەڵێین هاووڵاتیانی بولگارستان خۆیشیان ئەو مافەیان نییە. بەڵام داخوازی و پرس ئەوە نییە. ئێمە ڕوون و ئاشکرا ئەمەمان بۆتان نووسی! لە بولگارستان زیاد لە ملیۆنێك هاووڵاتی بولگارستانیی بەڕەچەڵەك تورك دەژین. حکوومەتی بولگارستان و بە تایبەتیش حکوومەتی ئێستای تۆدۆر ژیڤکۆڤ بەزۆر – بەڵێ، بەزۆر و بێ ویستی خۆیان – و بە گوشار ناوی تورکیی هاووڵاتیانی بولگارستانیی بەڕەچەڵەك تورك دەگۆڕێت و ناوی بولگارییان لێ دەنێت. سەرجەم بڵاوکراوە تورکییەکان و بە تورکی قسەکردنی هاووڵاتیانی بولگارستانیی بەڕەچەڵەك تورك قەدەخە کراون و پەروەردەی تورکی لە تورکەکان قەدەخە کراوە. ئاشکرایە گشت ئەم ڕەفتارانە پێچەوانەی دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتین. ئەم شتانە ڕوو دەدەن و هیچ ڕەهەندێکیان تێدا نییە هی ئەوە بێت مشتومڕی لەسەر بکرێت. ئایا ئێوە وەك یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان لە بەرامبەر ئەو هەموو ڕەفتارە نامرۆییانە چی دەڵێن و چۆن بیر دەکەنەوە؟ گەلۆ ڕەفتارەکان بە ڕاست دەزانن و پەسەندیان دەکەن، یان بە ناڕەوایان دەزانن و لە دژیان ڕادەوەستن، یاخۆ پێتان ناڕەوایە و لەبەر گوشار و پاڵەپەستۆی سەرتان ناچارن بێدەنگ بن لە ئاستیاندا؟ ئێمە ویستبوومان ئەمەمان بۆ ڕوون بکەنەوە.

هیچ کەسێك لە هەوڵی ئەوەدا نییە هاووڵاتیانی بولگارستان چ لە ڕەچەڵەکی بولگار و چ لە ڕەچەڵەکی تورك بخاتە سەر کۆمەڵی تر، یان بخاتە چوارچێوەی سنوورگەلی ترەوە. لە کاتێکدا ڕەوش بەم جۆرە بێت، وروژاندنی باسی ئاین و سنوور لەلایەن ئێوەوە چەواشەکردن و بەلاڕێدابردنی بابەت نەبێت، هیچ شتێکی تر نییە.

4- لە وەڵامەکەتاندا دەڵێن "دەوڵەتی ئەمڕۆی تورك بە کردەوە داکۆکی لەو تێگەیە دەکات کە ئاینی ئیسلام ئاینی نەتەوەی تورکە " و " هەوڵی تورکیا بۆ داکۆکیکردن لە موسڵمانەکانی بولگارستان پێچەوانەی یاساکانە، دووربینانە نییە و پەلامارێکی زەقە بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ."

ئەم قسانە وەك ئەوە وان وەڵام نەبن بۆ نامەکەی ئێمە، بگرە وەڵام بن بۆ نامەیەکی تری زۆر جیاواز. ئێمە وەك نووسەران لەبەر ئەوەی لە حکوومەتی تورکیا بەرپرسیار نین، نە باسی حکوومەتی تورکیا و نە باسی حکوومەتی بولگارستانمان بۆ ئێوە نەکردووە. ئێوەی نووسەرانی بولگاریش لە حکوومەتی بولگارستان بەرپرسیار نین. بەجۆرێك وەڵامی ئێمەتان داوەتەوە وەك ئەوەی حکوومەتی بولگارستان بن. واز لە حکوومەتەکان بهێنن، با خۆیان دوو بەدوو کارەکانی دەسەڵاتداری بەڕێوە ببەن، گفتوگۆ بکەن و ڕەخنە بگرن. ئێوە وەك یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان بۆچی ئەرکەکانی حکوومەتی بولگارستان دەخەنە ئەستۆی خۆتان؟

ئێمە وەك نووسەرانی تورکیا بەرگری نە لە موسڵمان، نە لە ئۆرتۆدۆکس، نە لە جوولەکە و نە لە بێ ئاینەکانی بولگارستان ناکەین. ئەم بابەتانە لە دەرەوەی بایەخ پێدانی ئێمەن. بەڵام ئێمە وەك مرۆڤ، پاراستنی مرۆڤ بە ئەرکی خۆمان دەزانین و پێویستە ئەرکی ئێوەش بێت. ئەو مرۆڤانە لە بولگارستانی وڵاتی ئێوە بێ ویستی خۆیان و بەزۆر ناو، ناوبانگ، دابونەریت، کولتوور، ئاین و زمانیان دەکرێت بە بولگاری. مەسەلەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە! ئەو ڕاستییە لەبەر چاوان ڕوو دەدات و ئێوەش هەوڵ دەدەن چەواشەی بکەن. مەحاڵە ئەمە لەگەڵ شکۆی نووسیندا یەك بگرێتەوە.

5- بەمەبەستی ئەوەی هاوڕێ بۆ ناڕەواییی خۆتان پەیدا بکەن، بێ ئەوەی پێویست بکات و لە جێی خۆیدا بێت، چەند بابەتێکی وەك "کێشەی قوبرس"، "تراجیدیای قوبرس"، "پرسی کورد" و "قڕکردنی ئەرمەنی"تان تێکەڵ کردووە (سەرمان لەوە سووڕماوە بۆچی شتی تریشتان لێ زیاد نەکردووە) و لە نامەکەتاندا دەڵێن "ئێمە بەگەرمی پشتیوانی لە سیاسەتی یەکیەتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت و گۆرباتچۆف دەکەین."

ئەم ڕستەیە لەناکاو پێکەنین دەخاتە سەر لێو و بەڵگەی بێچارەییی ناڕەوابوونتانە. پشتیوانی لە کێ دەکەن، بیکەن. ئەمە کێشەی ئێمە نییە، هی ئێوەیە. ئەمە بە ئێمە و کەسانی تر چی؟ بۆچی زۆرمان لێ دەکەن و هەوڵ دەدەن ئێمەش بۆ ناو سیاسەتی ڕۆژانە بەکێش بکەن؟ ئایا بۆ ئەوەی پشتیوانی پەیدا بکەن؟ ئەو هاوڕێ گۆرباتچۆفەی ئێمە دەیناسین، هیچ خۆشحاڵ نابێت بەم دەست لە کار وەردانە نابەجێیەی ئێوە. بەڵام نەخێر، زۆرتان بۆمان هێنا و ناچارمان دەکەن وەڵامتان بدەینەوە. بۆچوونی ئێمە لەو ڕووەوە بەم جۆرەیە:

باشە، ئەمڕۆ بەگەرمی پشتیوانی لە یەکیەتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت و گۆرباتچۆڤ دەکەن، بەڵێ زۆر ڕاستە، کتومت وەك ئەوەی پێش گۆرباتچۆف بەگەرمی پشتیوانیتان لە بریجنێڤ و پێش ئەویش و بەهەمان گەرم و گوڕی پشتیوانیتان لە ستالین کرد. ئایا دەتوانن بڵێن ئەمانە درۆن؟ خێرە قسە دەبەنەوە سەر ئەو ڕووداوە مێژووییيانە؟ خۆ ئەو ڕووداوانە هیچ پەیوەندییان بە مەسەلەکەی ئێمەوە نییە! ئەمانە چ سوودێکیان بۆ کێ دەبێت؟ ئایا ڕزگارتان دەکات لە بەرپرسیاریی ئەو ڕەفتارە نامرۆییيانەی کە ئەنجام دەدرێت؟

بەگەرمی پشتیوانیکردن، یان نەکردن لە یەکیەتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت و گۆرباتچۆڤ و حکوومەتەکانی خۆتان، کێشەی ئێوەیە. هەڵوێستی ئێمە لەو بارەیەوە بەم جۆرەیە: سەندیکای نووسەرانی تورکیا وەك ڕێکخراو هەموو کاتێك هەڵوێستی ڕەتکەرەوانەی خۆی کە پێداویستییەکی پیشەی نووسینە، پاراستووە و سازشی بۆ حکوومەتی ئەمڕۆی تورکیا و حکوومەتەکانی پێش حکوومەتی ئەمڕۆش نەکردووە. ڕێکخراوەکەمان بە ڕێچکەی دەسەڵاتدا نەڕۆیشتووە و نەیویستووە کەڵك لە خێر و بێرەکانی دەسەڵات وەربگرێت.

باسی کێشەکانی قوبرس و کورد و ئەرمەنیتان کردووە. ئەگەرچی ئەمە پەیوەندیی بە بابەتەکەی ئێمەوە نییە، بەڵام با بۆچوونی خۆمانتان لەو بارەیەوە بۆ باس بکەین:

لە سیاسەتی قوبرسدا، ئێمە لەگەڵ سیاسەتی فەرمیدا کۆك نین.

لە پرسی کوردیشدا بۆچوونمان هاوڕای سیاسەتی فەرمیی دەوڵەت نییە. سەرۆکی گشتیی سەندیکای نووسەرانی تورکیا لەبەر ئەوەی بۆچوونی خۆی لەو بارەیەوە نووسی و بڵاوی کردەوە، لەلایەن دادگەی تەناهیی دەوڵەتەوە دادگایی کرا و بێتاوان دەرخرا.

لە مەسەلەی ئەرمەنیشدا هەم هاوڕای سیاسەتی فەرمیی دەوڵەت نین و هەم هاوڕای پڕوپاگەندەکانی ئەرمەنی نین کە بە هاندانی ئیمپریالیزم دەکرێن.

6- لە نامەکەتاندا هەڕەشەیەکی لەم بابەتەش هەیە:

"گواستنەوەی ئەو کێشە بێ بناغەیە بۆ سەکۆ نێودەوڵەتییەکان، وەك ئەوەی لە نامەکەتاندا نووسیوتانە، هەل بۆ ئێمەش دەڕەخسێنێت بەدەر لە ویستی خۆمان لەبەر چاوی هەموو جیهان باس لە مێژووی بولگارستان و مافەکانی گەلی بولگار بکەین."

لە پەنای ئەم هەڕەشە فورسەدا بەرتیلی سیاسیشمان دەدەنێ:

ئەگەر ئێمە ئەم کێشەیە نەگوازینەوە بۆ سەکۆ نێودەوڵەتییەکان و پێی ڕازی بین، ئێوە وەك بەرتیل پاشگەز دەبنەوە لەوەی لەبەر چاوی هەموو جیهان باس لە مێژووی بولگارستان و مافەکانی گەلی بولگار بکەن.

ئێمە، ئێوەمان وەك نووسەر ناسیبوو؛ بەڵام ئەگەر سەیری ئەو سەودا و مامەڵە سیاسییە پێشنیازکراوەتان بکرێت، کەمتر وەك نووسەر و زیاتر وەك سیاسەتوان و دیپلۆماتکار دێنە بەر چاو.

ئێمە لای خۆمانەوە بابەتەکە دەگوازینەوە بۆ سەکۆی نێودەوڵەتی و ئامادەشین بۆ ئەم هەنگاوە.

پێشنیازی ئێمە بەم جۆرەیە:

با حکوومەتی بولگارستان مۆڵەت بدات ڕێکخراوەکانی نووسەران (یەکیەتی، سەندیکا و یانەکانی PEN)ی یەکیەتیی سۆڤیەت، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەڵمانیای فیدراڵی، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، بەریتانیای گەورە، فەرەنسا، ئیتالیا، یۆنانستان و هەر وڵاتێکی تر ئێوە بخوازن و ئێمەی نووسەرانی تورك و ئێوەی نووسەرانی بولگارستان لیژنەیەکی هاوبەش پێك بهێنین بۆ ئەوەی بە ئازادی لەو مەسەلەیە بکۆڵینەوە و لێی ورد ببینەوە. ئێمە، ئەمەمان دەوێت!

بە پێچەوانەی چەواشەکاریی ئێوەوە، بابەتەکە بەهیچ جۆرێك پەیوەندیی بە موسڵمانی و سنوور و گۆرباتچۆڤ و مافە مێژووییەکانی بولگارستانەوە نییە. هاوڕێیانی نووسەری بولگارستانی، دەست لە مێژوو هەڵبگرن و وەرنەوە سەر باسی جوگرافیا... جوگرافیا... دەتانەوێت بە بەرچاوی جیهانەوە باسی مێژووی بولگارستان بکەن. بیکەن. ئایا هیچ تەگەرەیەك لەسەر ڕێتان هەیە بۆ ئەو کارە؟ یان دەتانەوێت بۆ ئەو قسەکردنە مۆڵەت لە ئێمە وەربگرن؟

ئەوەی پێویستە بزاندرێت، ئەمەیە: نرخی جوگرافیا بە مێژوو نا، هەر بە جوگرافیا دەدرێت.

نەتەوەیەك چەند گەورەش بێت، مێژووی ئەو نەتەوەیە بەهەمان گەورەیی پەڕەی وەهای تێدایە کە مایەی شانازی و پەشیمانیش بێت. نەتەوەی توركیش نەتەوەیەکی گەورەیە و بەشی ئەوە پێ گەیشتووە تا بزانێت هەم بە شانازی و هەم بە شەرمەوە حسێب و نرخی مێژووی خۆی بدات.

-7 لە نامەکەتاندا دەڵێن "پڕوپاگەندەی ڕانەوەستاوی دژە بولگاری ئیمپریالیستەکان بەشێوەیەکی نەرێنی کاری لە ئێوەش کردووە."

وەك ئەوەی پەنابردن بۆ بابەت و کێشەکانی وەك قوبرس، کورد، ئەرمەنی، موسڵمانی، گۆرباتچۆڤ و حسێبە مێژووییەکان بەس نەبن بۆ داکۆکیکردن لە ڕەفتارە ناڕەوا و نامرۆییەکان، ئەمجار خۆتان وەك دژبەری ئیمپریالیزم پێشان دەدەن و تەنانەت ناڕاستەوخۆ چاوەڕێی پشتیوانی لە ئیمپریالیزم دەکەن. ئێمەی نووسەرانی تورك، بە ئاسوودەییی خۆ بە مافدار زانینمانەوە بابەتەکە ئاوەژۆ ناکەینەوە و هیچ بە شتێکی گونجاوی نازانین باس لەم هەڵوێست و لەو بۆچوونی حکوومەتی بولگارستان بکەین و ڕەخنەی لێ بگرین.

ئێوەی نووسەرانی بولگار وەك گۆڤانی (شایەت) هەڵوێست و وتاری نووسەرانی تورك لە کۆبوونەوە جیهانییەکانی نووسەراندا زۆر باش دەزانن ئەگەر نووسەرانی تورك، بکەونە یان نەکەونە داوی گەمەی ئیمپریالیزمەوە، نە پڕوپاگەندەی بەرگریکاران لە ئیمپریالیزم و نە بانگەشەی داکۆکیکارانی ئەو ڕەفتارە نامرۆییيانەی ئەو سیستەمەی خۆی وەك سۆسیالیزم دەخاتە ڕوو، کار لە ئێمە ناکات. ئەم جۆرە چەکانەی تۆقاندن و هەرسکردن زۆر لە مێژە مۆدەیان بەسەرچووە.

8- باس لەو گفتوگۆیە دەکرێت کە لە مۆسکۆ لە نێوان سەرۆکی سەندیکای نووسەرانی تورکیا عەزیز نەسین و سەرۆکی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان بەڕێز لوبۆمیر لەڤچەڤدا بەڕێوە چووە. ئەو گفتوگۆیە لەسەر بانگهێشتی عەزیز نەسین و لە ژووری نەسین لە هۆتێل و بە ئامادەبوونی وەرگێڕان و بە بەرچاوی گۆڤانەکانەوە ئەنجام درا. عەزیز نەسین لەو دیمانەیەدا نووسراوەکانی ناو نامەی یەکەمی ئێمەی بەشێوەیەکی فراوانتر خستبووە ڕوو، بەڵام لەو گفتوگۆیەدا کە ماوەی سێ سەعات و نیوی خایەند، لەڤچەڤ بانگەشەی مێژوویی کرد و هیچ یەکێك لە بانگەشەکانی مایەی بڕوا پێکردن نەبوون و نەدەکرا بە بەڵگە دابنرێن. سەرەڕای ئەوەش، وەك هیوا و ئاواتی هەمیشەییمان ئەو گفتوگۆیەش لە کەشێکی دۆستانەدا بەڕێوە چوو و لای ئێمە ئومێدی لەیەکگەیشتنی بووژاندەوە.

دوای ئەو لێدوانانەی سەرەوەمان کە بەهیواین هەمووتان بیانخوێننەوە، بڕیاری خۆمان ڕادەگەیەنین:

1- سێ بەڵگەی پێکهاتوو لە نامەی یەکەممان بۆ ئێوە، وەڵامی ئێوە بۆ نامەی یەکەممان و ئەم نامەیە (بەزمانی ئینگلیزی) دەنێرین بۆ سەرجەم ڕێکخراوەکانی نووسەران لە جیهان (یەکیەتی، سەندیکا و یانەکانی PEN)، کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ئەوروپا، یەکیەتیی مافناسانی ئەوروپا، ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە هاوشێوەکانی تری نێودەوڵەتی.

2- لەو ڕێکخراوانەی سەرەوە دەخوازین داوا لە حکوومەتی بولگار بکەن مۆڵەت بدات بۆ پێکهێنانی لیژنەیەك تا بچێت لە شوێنی خۆی لە ڕووداوەکە بکۆڵێتەوە، توێژینەوە ئەنجام بدات و بڕیاری خۆی بدات.

3- تا کاتی پاشگەزبوونەوە لەو ڕەفتارە نامرۆییيانەی بولگارستان و تا کاتی دانانی سنوور بۆ بەزۆر گۆڕینی ناسنامە و کەسایەتیی هاووڵاتیانی بەڕەچەڵەك تورکی بولگارستان، سەرجەم ئەندامانی سەندیکای نووسەرانی تورکیا، چ وەك تاکەکەس و چ وەك ڕێکخراو هەموو پەیوەندییە کولتوورییەکانی خۆی لەگەڵ یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان ڕادەگرێت. ئەگەر تەنانەت نێزیکبوونەوەش لە نێوان هەردوو حکوومەتی تورك و بولگاردا بەبیانووی هەبوونی بەرژەوەندیی سیاسی، یان نەتەوەیی ڕوو بدات، بەڵام ئەو دۆخە باسکراوەی بولگارستان گۆڕانی بەسەردا نەیەت و هەردوولایەن ڕێز نەگرن لە مافەکانی مرۆڤ کە بناغەی دۆستایەتیی ڕاستەقینەیە لە نێوان هەردوو گەلی هاوسێدا، سەندیکای نووسەرانی تورکیا پەیوەندی بە یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستانەوە ناکات.

4- سەندیکای نووسەرانی تورکیا سەرجەم هونەرمەندان و زانایانی ئەندامی ڕێکخراوەکان و نائەندامان و ڕۆشنبیران بەگشتی و تەواوی ڕێکخراوەکانی کرێکاران ئاگادار دەکاتەوە و پێیان ڕادەگەیەنێت هەنگاوێکی گونجاو دەبێت ئەگەر ئەوانیش بەهەمان ڕێبازی سەندیکای نووسەرانی تورکیادا بڕۆن.

سەرۆك و نووسەرانی ئەندامی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان:

ئومێدمان وایە نامەی پێشوومان و ئەم نامەیەشمان گەیشتبێت و بگات بە سەرجەم نووسەرانی بولگارستان. دلگرانین بەوەی پەیوەندییەکانمان کەوتووەتە ئەم ڕەوشەی ئەمڕۆوە کە هیچ کاتێك بەلای ئێمەوە خواستراو نەبووە. ئاواتمان ئەوەیە لە کورتترین کاتدا ڕاستی ببیندرێت و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگیرێت.

عەزیز نەسین

سەرۆکی گشتیی سەندیکای نووسەرانی تورکیا

هەواڵنامەی کتێب

کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی

1989/2/15، کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسان

هاوڕێ ڕۆژنامەنووسە بەنرخەکانمان،

سوپاسی هەمووتان دەکەین لە پای بەدەنگەوەهاتنی بانگەوازی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیمان و بەشداربوونتان. بەخێر بێن.

بابەتی ئەم کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەمان بریتییە لە پێشاندانی نارەزاییی خۆمان وەك سەندیکای نووسەرانی تورکیا لە دژی ڕەفتاری نامرۆیی، ناهاوچەرخ و ناشارستانیی پەیڕەوکراو دژ بە هاووڵاتیانی بەڕەچەڵەك تورکی بولگارستان کە لە پێنج تا دە ساڵی ڕابردووا زۆر پەرەی سەندووە.

وەك دەزانن کودەتای سەربازیی 1980/9/12 نەزمێکی دژ بە دیموکراسی لەگەڵ خۆیدا هێنا و بە درێژاییی ئەو ماوەیە بەپێی یاسای کۆمەڵەکان کاری سیاسی لە کۆمەڵە و سەندیکاکان قەدەخە کرا. لەو ماوەیەدا بە یاسا لە سەندیکاکەمان قەدەخە کرابوو نارەزاییی خۆی لە بەرامبەر ئەو ستەمەی لە هاوڕەگەزانی تورکی بولگارستان و لە بەرامبەر ئەو پاڵەپەستۆیەی دەخرێتە سەریان، دەرببڕێت. ئەگەرچی هەنگاوێکی نادیموکراسیش بوو، بەڵام بیرمان لەوە کردەوە چۆن بێ ئەوەی یاسا کارپێکراوەکان پێشێل بکەین، نارەزاییی خۆمان پێشان بدەین؟ بە کۆی دەنگی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەری سەندیکای نووسەرانی تورکیا بڕیارمان دا نامەیەك بۆ یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان بنووسین و بانگ لە نووسەرانی بولگار بکەین نارەزایی لە بەرامبەر ئەو ڕەفتارانەی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ دەربڕن کە ئەمڕۆ لە بولگارستان ئەنجام دەدرێن. پاش کەمێکی تر ئەو نامەیەی خۆمان و وەڵامی نەرێنیی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان و وەڵامی ئێمە بۆ نامەکەی ئەوانتان بۆ دەخوێنینەوە. ئەم نامەگۆڕینەوانە بێباکیی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان دەخاتە ڕوو لە بەرامبەر پاڵەپەستۆی پێشێلکارانەی مافی مرۆڤ و ستەم و کاری نابەجێی دژ بە هاوڕەگەزانی تورکی بولگارستان.

پێویستە ئەوەش بڵێین لە کاتێکدا ئەوەی چەندین ساڵە لە بەرامبەر تورکەکانی عێراق ئەنجام دەدرێت، زۆر قورسترە لەو ڕەفتارانەی کە دژ بە هاوڕەگەزانی تورکی بولگارستان ئەنجام دەدرێت، بەڵام حکوومەتەکانی تورك لە بەرامبەر برێك بەرژەوەندیی بازرگانی و وەرگرتنی نەوت بەردەوام بێدەنگ بوون لە بەرامبەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی تواندنەوە و لەناوبردنی هاوڕەگەزانی تورکی عێراق لەسەر دەستی دەسەڵاتی سەدام. لە ئەنجامی ئەو گوشارانەدا کە ئەمڕۆش درێژەیان هەیە (مەبەست کۆتاییی ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردووە... ئامادەکاران)، ژمارەی هاوڕەگەزانی تورك لە عێراق لە دوو ملیۆنەوە بووە بە چەند سەد هەزارێك.

نارەزاییی حکوومەتی تورکیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر ئەو ڕەفتار و کارە نامرۆییانەی کە لە بولگارستان دژ بە هاوڕەگەزانی تورك ئەنجام دەدرێن، تێرکەر و کاریگەر نەبووە، چونکە حکوومەتی بولگارستان دەقاودەق هەمان ئەو سیاسەتە لە دژی تورکەکانی بولگارستان پەیڕەو دەکات کە لە تورکیا لە دژی کورد پەیڕەو دەکرێت. حکوومەتی تورکیا لەم ڕەوشەدا ئەگەر تەنانەت هەندێك نارەزاییی ڕووکەشانە پێشان بدات و پێشانیشی دابێت، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناتەواو و بێ کاریگەری ماوەتەوە و دەمێنێتەوە.

چۆن لە تورکیا تێگەیەکی مێژوویی وەك "گەلێك نییە بەناوی کوردەوە، کورد بەڕەچەڵەك تورکن" خراوەتە ڕوو، بولگارستانیش بە تێگەیەکی مێژوویی دەستکردی هاوشێوە کە دەڵێت "لە بولگارستان تورك نییە، ئەمانە بەڕەچەڵەك بولگارن؛ بولگاری بە موسڵمانبوون"، بەزۆر و لە ژێر پاڵەپەستۆدا هاوڕەگەزانی تورکی بولگارستان دەکات بە بولگار.

بەپێی چەمکی نەتەوەپەرستیی هاوچەرخ، کەسانی تر بۆیان نییە چ بە پشتبەستن بە مێژووی ڕاستەقینە و چ بە تێگەیەکی مێژوویی دەستکرد بڕیار لەسەر پەیوەندارییی هیچ مرۆڤێك بەهیچ میللەتێکەوە بدەن. مرۆڤ خۆی ئازادە لە دەستنیشانکردنی ناسنامە و کەسایەتیی خۆی؛ واتا مرۆڤ تەنیا خۆی دەتوانێت بڕیار بدات سەر بە چ میللەتێکە و دەبێت بە هاووڵاتیی کام دەوڵەت. گۆڕینی نەتەوەی مرۆگەل بە گوشار و زۆرداریی بنیاتنراو لەسەر بنەمانی تێگەیەکی مێژوویی دەستکرد لەلایەن حکوومەتەکانەوە و بێ خواستی مرۆگەل خۆیان، ڕەفتاری ناهاوچەرخ و ناشارستانیی و دژبەری مرۆڤایەتییە.

ئەندامانی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان ناڕەزایی لە بەرامبەر ئەم سیاسەتەی حکوومەتی ژیفکۆڤ پیشان نادەن و ئێمە لە پای ئەو هەڵوێستەیان سەرکۆنەیان دەکەین.

وا دەردەکەوێت حکوومەتی ئەمڕۆی بولگارستان بە سەرۆکایەتیی ژیفکۆڤ خوازیارە ناڕەزاییبە ڕووکەش و ناکاریگەرەکانی حکوومەتی تورك بۆ زەمانە بهێڵێتەوە و پەردەپۆشیان بکات و بە تێپەڕبوونی کات نەرمیان بکاتەوە و لە بیری ڕای گشتیی جیهانیان بباتەوە.

دەمانەوێت ڕای بگەیەنین پەیوەندیی نێوان حکوومەتەکان بە تێپەڕبوونی هەر ڕەوتێك و چ شێوازێك بگرێتە بەر، تا سنوورێك دانەنرێت بۆ نارەوایی پەیڕەوکراو لە دژی تورکە هاوڕەگەزەکانی بولگارستان، یان تا یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان لە بەرامبەر ئەو ناڕەواییە هەڵوێست وەرنەگرێت و ناڕازیبوون پیشان نەدات، ئێمە وەك نووسەرانی ئەندامی سەندیکای نووسەرانی تورکیا هیچ پەیوەندییەکی کولتووری، هونەری و ئەدەبیمان لەگەڵ بولگارستان و نووسەرانی بولگاردا نابێت. ڕێکخراوەکانی هونەر و کولتوور و زانیاری و ئەدەبی تری تورکیاش ئاگادار دەکەینەوە تا ڕەوشی هەیی نەگۆڕدرێت، پەیوەندی بە بولگارستانەوە نەکەن.

مافی کەمینە نەتەوەکان بەتەنیا لە تورکیا و عێراق و بولگارستان حسێبی نەبووی بۆ ناکرێت. لە نووسراوێکدا کە لە یەکیەتیی نووسەرانی مەجەڕستانەوە بۆمان هاتووە، ئاماژە کراوە بۆ گوشار و ستەمی چاوشێسکۆ لە دژی مەجەڕەکانی ڕۆمانیا.

ئێمەی ئەندامانی سەندیکای نووسەرانی تورکیا دەخوازین سەرجەم مرۆڤەکانی جیهان وەك چۆن ئاینی خۆیان هەڵبژاردووە، بەهەمان شێوەش خۆیان نەتەوەی خۆیان هەڵبژێرن و خوازیارین تورکە هاوڕەگەزەکانی بولگارستان وەك هاووڵاتیی بولگارستان بمێننەوە، بەڵام لە کولتووری خۆیان دانەبڕدرێن، لە زمانی زگماکیان بێبەش نەکرێن و بەزۆر و لە ژێر گوشاردا لە دابونەریتەکانیان دانەماڵدرێن.

بەتایبەت ئەم ڕاگەیەندراوە و نامەکانمان دەنێرین بۆ سەرجەم ڕێکخراوەکانی نووسەران لە جیهان و بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی تایبەتمەند بە مافی مرۆڤ و بەناوی مرۆڤایەتییەوە داوای پشتیوانی و هەماهەنگییان لێ دەکەین.

هاوڕێ ڕۆژنامەنووسە بەنرخەکانمان، ئێستا نامەکانی نێوان خۆمان و یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان دەخوێنینەوە.

لە پای سەرنجدانتاندا سوپاستان دەکەین.

بەهیوایین ڕۆژنامەکانتان جێی پێویست بۆ ئەم بابەتە گرنگ و ژیارییە تەرخان بکەن. لەگەڵ سوپاسماندا.

سەرۆکی گشتیی سەندیکای نووسەرانی تورکیا

عەزیز نەسین

تێبینی: ڕۆژنامەنووسان بایەخێکی زۆریان بەم کۆبوونەوەیەمان دا. بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژنامەکاندا جێ بە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەمان نەدرا. تەنیا ڕۆژنامەیەك وەك هەواڵێکی زۆر بچووك جێی بۆ کردبووەوە.

هەواڵنامەی کتێب

نامەی نێردراو بۆ ڕێکخراوەکانی نووسەران لە جیهان

زیاد لە ملیۆنێك هاووڵاتیی بەڕەچەڵەك تورکی بولگارستان ماوەی شەش ساڵ زیاترە لە ژێر ستەم و گوشاری دەوڵەتدا دابونەریت، کولتووریان، ناوەکانیان، ئاین و زمانیان دەگۆڕدرێت و بێ ویستی خۆیان دەخرێنە بۆتەی ناسنامە و کەسایەتیی بولگارەوە.

ئێمە وەك ئەندامانی سەندیکای نووسەرانی تورکیا نامەمان بۆ یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان نووسی و ویستمان هەڵوێست و کرداریان لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستە پێشێلکارەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بزانین.

نامەی باسکراومان و وەڵامنامەی یەکیەتیی نووسەرانی بولگارستان و وەڵامنامەکەی خۆمان لەگەڵ ئەم نامەیەدا دەخەینە ڕوو.

پاش خوێندنەوەی نامەکان، بارودۆخەکەتان زۆر بەتەواوی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

وەك ڕێکخراوی هاوپیشە بەسەرتان دەکەینەوە. ئاواتمان ئەوەیە هاودەنگی ئەو لایەنە ب کە بە مافداری دەزانن و هەمووومان پێکەوە بەرگری لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ بکەین.

پێشنیازمان سەبارەت بەم بابەتە بەم جۆرەیە:

حکوومەتی بولگارستان مۆڵەت بدات نووسەرانی ڕێکخراوەکانتان ماوەیەك لە بولگارستان توێژینەوە ئەنجام بدەن تا لە شوێنی خۆی لە بابەتەکە بکۆڵنەوە و بڕیاری خۆیانی لەسەر بدەن. ئەگەر بە پێویستی بزانن، نووسەرانی تورکیش دەتوانن لەو گەشتی لێکۆڵینەوەیەدا لەگەڵتاندا بن. بە کارێکی سوودمەندی دەزانین ئەگەر نووسەرانی بولگاریش بەشدار بن.

هیوامان وایە ببن بە هاوکار بۆ ئەم هەوڵەمان و چاوەڕێی وەڵامتان دەکەین.

سوپاستان دەکەم و ڕێزی خۆم دەگەیەنم.

عەزیز نەسین

سەرۆکی گشتیی سەندیکای نووسەرانی تورك

کورد لە تورکیا:

ئەو وتارەی کە بوو بە هۆی کردنەوەی دۆز لەسەر پرسی کورد

ڕۆژێکی سەرەتای مانگی هەشتی ساڵی 1987 لە گۆڤاری "ئیکیبینە دۆغرو"وە (بە کوردی واتای بەرەو دوو هەزار، یان ڕاست بەرەو دوو هەزار دەگەیەنێت... ئامادەکاران) تەلەفۆنم بۆ کرا بۆ وەقفی نەسین لە چاتلاجە و پرسیاری ئەوەم لێ کرا بۆچوونم چییە سەبارەت بە پرسی کورد وەك پرسێکی گرنگ و ڕۆژانەی تورکیا. بە تەلەفۆن وەڵامی ئەو پرسیارەم دایەوە و وەڵامەکەم ڕۆژی 1987/8/9 لە گۆڤاری "ئیکیبینە دۆغرو"دا بڵاو کرایەوە. وەڵامە بڵاوکراوەکەم ئەمە بوو:

تا ئەم یاسایانە هەبن، بوار نییە بۆ بەڕاشکاوی قسەکردن سەبارەت بەم بابەتە. هەر ئەو یاسایانەن پرسی کوردیان خوڵقاندووە و تواناکانی چارەسەرکردنی پرسەکەیان لەناو بردووە. بە بۆچوونی من، ئەوەی پێویستە ئەمڕۆ وەك هەنگاوی یەکەم ئەنجام بدرێت، خستنەڕووی پووکاوەیی و بەسەرچوویی ئەو یاسایانە و گۆڕینیانە. نامەوێت بە ئاشکرا تاوان ئەنجام بدەم؛ ئەو مرۆگەلەی ئەمڕۆ دەستیان داوەتە شەڕی چەکداری، شتێکی زۆر بەجێ نابێت ئەگەر بڵێین یاساکان بۆ ئەوان زۆر بێکەڵك بوون و قسەیەکی لەم جۆرە بوار بۆ لێکدانەوەی هەڵە دەڕەخسێنێت. بۆیە سەردەمێکی ئارامتر پێویستە بۆ زیاتر بەڕاشکاوی قسەکردن. لە کاتێکدا کورد بەدەستی کورد دەکوژرێت و کورد، تورك دەکوژێت و سەرباز دەکوژرێن و ئەوانیش دەکوژن، زەمانی دۆزینەوەی چارەسەر زۆر دواکەوتووە. بە مەرجی مانەوە لە چوارچێوەی یاساکاندا دەتوانم ئەمە بڵێم: گەورەترین هەڵە ئەوەیە نکۆڵی لە سەرلەبەری گەلێك بکرێت. لە کۆکەوە نکۆڵی لەو گەلە کراوە. چەندین ساڵە بە ڕێبازی یاسایی نکۆڵی لە هەبوونی دەکرێت. هەمان گەمە بەسەر ئێمەش هات. بولگارەکان بەهەمان فەلسەفە حسێبی نەبوو بۆ تورکەکانی ئەوێ دەکەن. لەبەر ئەوەی ئێمەش هەمان شت دەکەین، ناتوانین هەڵوێستێکی ئاشکرا و ڕوون لە بەرامبەر ڕەفتارەکانی بولگارستان وەربگرین. هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە بە گەلێك بڵێت "ڕەچەڵەکی تۆ ئەوە نییە، ئەمەیە." پێویستە شتی وا نەبێت.

با ڕاشکاوانە بڵێم گەلێك هەیە بەناوی گەلی کورد. من تێکۆشانی سەربەخۆیی گەلی کورد وەك تێکۆشانی سەربەخۆیی کولتوور تێ دەگەم. لایەنگری سەربەخۆیی سیاسی نیم. ئەمەم تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە لە بەرژوەندیی تورکیایە، بگرە بەرژوەندیی کوردیش هەر لەمەدایە. لە کاتێکدا تەنانەت کۆماری تورکیا خۆیشی تەواو سەربەخۆ نییە، دروستبوونی هەرێمێکی سەربەخۆ لە ڕۆژهەڵات (کوردستانی تورکیا... ئامادەکاران) و مانەوەی بە سەربەخۆیی مەحاڵە. واتا کورد نابێت بۆ ڕیش بچن و سمێڵیشی بخەنە سەر. بزووتنەوەکان ئەگەر زۆر ئابڕوودار و سەرڕاستیش بێنە بەرچاو و لە بنەڕەت و ناوەڕۆکیشدا وا بن، هێزە دەرەکییەکان ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەگێڕن لە ئاڕاستەکردنیاندا. هێزە ئیمپریالیستییەکان وەك ئەتاری گەمە بە تورکیا دەکەن. ناکۆکیی تورکیا-یۆنانستان، پرسی ئەرمەنی، سەربەخۆیی کوردەکان و پەیدابوونی هەندێك قسەی سەبارەت بە هەبوونی مافمان لە موسڵ-کەرکوکدا هەریەکەیان کارتێکی ئەو گەمەی ئەتارییەن. هێزە ئیمپریالیستییەکان بەپێی هەلومەرج هەر گەمەیەك لەوانەیان بوێت، دەیکەن. بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام یاساکانی ئەمڕۆ بگۆڕدرێن و بێ

هیچ مەرجێك هەبوونی گەلی کورد پەسەند بکرێت و سەرجەم مافە کولتوورییەکانیان پێ بدرێت. بەڵام باوەڕم بەوە نییە بانگەشەی سەربەخۆییی کوردەکان لە دڵەوە بێت. بزووتنەوەکە لە ڕووی هەڵەکانی لێپرسراوانی تورکەوە بەو خاڵە گەیشتووە.

تیرۆر ڕێی بەرژەوەندی نییە. تیرۆری دژ بە تیرۆریش ڕێی بەرژەوەندی نییە. ئەمە سەربەخۆییی لێ ناکەوێتەوە و چارەسەریشی لێ بەرهەم نایەت. بەو ڕێبازانەش کە ئەمڕۆ دەوڵەتی تورك دەیانگرێتە بەر، کێشەکە چارەسەر نابێت. لەبەر ئەوەی یاساکانی ئەمڕۆ هەڵەن، شێوازەکانیش هەڵە دەبن. بەدرێژاییی ساڵان ڕایەکی گشتیی هەڵە خولقێندراوە. لە تورکیا شتێك بەناوی حەز نەکردن لە کورد هاتە ئافراندن. گەورەترین هەڵە بریتییە لە داتاشین و خستنە ڕووی تێگەی مێژووییی "کورد بوونی نییە، ئەوانە تورکن." بەپێی نەتەوەپەرستیی هاوچەرخ ناکرێت تۆ بە کەسێك بڵێیت نەتەوەی تۆ ئەمەیە. مرۆڤ خۆی بە ئەندامی چ میللەتێك بزانێت، لەو میللەتەیە.

ئێستا کێشەیەك هەیە: ئەگەر تورکیا گەشەی بە هەرێمی ڕۆژهەڵات بدابایە، ئایا ملیان بۆ داخوازییەکانی ئەمڕۆیان دەدا، یاخۆ نا؟ ئەگەر دوای خۆشگوزەرانیی ئابووری مافە کولتوورییەکانیش بدرێت، پێویستیشە بدرێت، دەکرێت بارودۆخەکە بگەیەندرێتە خاڵێکی نەرمتر.

حکوومەتی ئەمڕۆ ناتوانێت کێشەکە چارەسەر بکات، چونکە حکوومەتێکە دوور لە ڕێبازی کاری زانستی. بە هەڵوێستی نازانستی چارەسەری ڕیشەیی بۆ چ کێشەیەك دەدۆزرێتەوە؟ ئەمە کێشەیەکی نوێش نییە. ئەگەر لە ڕابردوودا بە گرتنەبەری شێوازی زانستییانە چارەسەر بکرابایە، هەردوو گەل بە باشی چارەنووسی خۆیان یەك دەخست، پێکەوە دەژیان و کار نەدەگەیشت بەو ئاستەی کە ئەمڕۆ پێی گەیشتووە.

شتێکی ڕاستیش نییە ئەگەر گەلی کورد ئەو بزووتنەوانە بە هی خۆی بزانێت. بەڵێ بە کرۆك بزووتنەوەگەلی خۆیەتی، بەڵام باوەڕم وایە کۆمەڵێك هێزی دەرەکی هەن ئەو بزووتنەوانە هەڵدەسووڕێنن. ئەوانەی خوازیاری سەربەخۆییی کوردن، هەڵە دەکەن. بەڵام لە ڕاستیدا داواکارییەکانی تریان زۆر ڕاستە. ئەنجامی داوای سەربەخۆیی وەك ئەوەی لە ڕابردوودا ڕووی داوە، ئەوەیە سوپا دەچێتە ئەوێ و کۆتایی بە کارەکە دەهێنێت، ئازار دەگەیەنێت، بەڵام چی ڕوو دەدات؟: سوپای تورك دەبێت بە بکوژ، نەتەوەی تورك دەبێت بە ئیمپریالیزم. سوپا ناخوازێت بکەوێتە ئەو ڕەوشەوە. نایەوێت شەڕ ڕوو بدات. بگرە هێزە ئیمپریالیستییەکان ئەوەیان دەوێت و زەمینەی بۆ خۆش دەکەن. بۆیە پێویستە زۆر ئاقڵانە بیر بکرێتەوە. چ تورك و چ کورد پێویستە زۆر هۆشمەند بن. شەڕی سەربەخۆیی بەو جۆرە نابێت. بە کوشتنی ژن و منداڵ و پیاوی نەوەت ساڵان نابێت. ئەم ڕەفتارانە دنەی گەلی تورکیش دەدەن. مرۆگەلی ئەوێ سەریان لێ شێواوە و نازانن چی بکەن و لە ژێر گوشاری هەردوولادان.

ڕێگەی چارەسەر بە پەسەندکردنی هەبوونی کورد و پەسەندکردنی ڕاستیی مێژوویی و زانستیدا تێ دەپەڕێت.

پرۆسەی کردنەوەی دۆزەکە

ڕۆژی 1987/8/18 لە وەزارەتی ناوخۆوە ئەم نووسراوە ئاراستەی وەزارەتی داد دەکرێت:

کۆماری تورکیا

بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتی

سەرۆکایەتی هۆبەی تەناهی

ئەنقەرە

198.../.../...

ژمارە:...

بابەت: گۆڤاری بەناو "ئیکیبینە دۆغرو"

241582 /17.08.87

هەواڵنامەی کتێب

بۆ وەزارەتی داد

گۆڤاری بەناو "ئیکیبینە دۆغرو" کە هەفتانە لە ئیستانبوڵ دەردەچێت، لە لاپەڕەکانی 20، 21، 22 و 23ی ژمارەی 32ی 9-1987/8/15دا لە وتارێکدا بە ناوونیشانی "چارەسەر بۆ پرسی کورد"، بۆچوونی چەند کەسێکی بڵاو کردووەتەوە و لە هەواڵی بڵاوکراوەدا بەشێك بە سەردێڕی "شەڕی ڕزگاریی نەتەوەیی دەکەین" کە لەمەڕ هەمان بابەتە و تیایدا پشت بە لێدوانەکانی محەمەد عەلی ئایبار بەستراوە، بە (جالیبی دیققەت) سەرنجڕاکێش بیندراوە.

هەواڵەکانی ئەو گۆڤارە هەڵگری ڕەگەزی گەیاندنی زیان بە یەکیەتیی میللی و پێکەوە ژیانمان و تاودانی جوداخوازین، بۆیە بەڕێزەوە داواتان لێ دەکەین ڕێوشوێنی یاسایی لە دژی ئەو گۆڤارە و لێپرسراوانی و ئەوانەی لێدوانیان بۆی داوە، بگرنە بەر.

لەبری وەزیر

غالیب دەمیرەل

★★★

ڕۆژی دواتر، (1987/8/19) وەزارەتی داد ئەم نووسراوەی خوارەوە دەنێرێت بۆ فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ و لەسەری دەنووسێت "زۆر بەپەلە"؛

کۆماری تورکیا

وەزارەتی داد

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری سزا

ئەنقەرە

1987/8/19

ژمارە:...

بابەت: گۆڤاری بەناو "ئیکیبینە دۆغرو"

زۆر بەپەلە

بۆ فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ

نووسراوی ژمارە 241582ی وەزارەتی ناوخۆ لە 1987/8/17 لەگەڵ هاوپێچ لەگەڵ ئەم نووسراوەدا نێردراوە.

ئەگەر پێشتر هەر جۆرە ڕێوشوێنێك لە بەرامبەر ئەو گۆڤارە ناوهێندراوە گیراوەتە بەر، تکامان وایە چۆنایيەتی کارەکەمان بۆ بنێرن. ئەگەر نا، تکامان وایە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن، زانیاریی بەپەلە سەبارەت بە ئەنجامی ڕێوشوێنەکان و نموونەی بڕیاری بەدوادانەچوون و داواکارینامەی ئەرێنیکراومان بۆ بنێرن.

لەبری وەزیر

کەنعان فەخری چاوگا

بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری سزا

***

فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ ڕۆژی 1987/8/24 مامۆستای یاسای سزا لە کۆلێجی ماف و جێگری سەرۆکی زانکۆی ئیستانبوڵ پرۆفیسۆر د. کەیهان ئیچەل-ی وەك کەسی شارەزا (پسپۆر) بۆ دۆسییەکە دەستنیشان کرد.

پرۆفیسۆر د. کەیهان ئیچەل ڕۆژی 1987/9/22 ئەم ڕاپۆرتەی خوارەی ئامادە کرد:

ڕاپۆرتی پسپۆر

بۆ فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ

دۆسیەی ژمارە: 342/1987 هـ. ز

لە سۆنگەی ئەوەی وەك کەسی پسپۆر دامەزرێندرام بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی داخۆ وتاری بە سەردێڕی "چارەسەر بۆ پرسی کورد: بڕیاری هەستیار" کە لە لاپەڕەی 20 و لاپەڕەکانی دواتری ژمارە 32ی 9-1987/8/15ی گۆڤاری "ئیکیبینە دۆغرو"دا بڵاو کراوەتەوە، پێچەوانەی مادەی 3/142یە لە یاسای سزای تورك، یاخۆ نا، لێکۆڵینەوەی پێویستم ئەنجام دا.

لە وتاری بابەتی لێکۆڵینەوەی مندا ئاماژە کراوە بۆ ئەوەی کە: توندوتیژی ناوبەناو گفتوگۆی لە ناو بردووە و هەندێك جاریش گفتوگۆی هێناوەتە ئاراوە؛ ئەو توندوتیژییەی لە تورکیا هەیە، لە ئاکامدا بووە بە هۆی تەقینی توورەکەی گوشار لەسەر و بەو هۆیەشەوە هەموو کەسێك بە پێویستی دەزانن کێشەیەکی سەرداپۆشراوی چەندین ساڵە تاوتوێ بکرێت. لە وتارەکەدا ڕوون کراوەتەوە ئەو بابەتە پرسی کوردە، بابەتێکی جدییە، گرنگترین کێشەی ڕۆژهەڤی تورکیایە، ئاگری ڕۆژهەڵات خەریکە هەموو وڵات دەگرێتەوە و پێویستە مۆڵەت نەدرێت بە پەلکێشکردنی تورکیا بۆ ناو گێژەڵۆکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دابڕینی لە سەرانسەری جیهان و پێویستە ڕێیەکی پتەو و جێی متمانە بگیرێتە بەر. پاشان لە وتارەکەدا بوار دراوە بە بۆچوونی چەندین کەس.

یەکەم بۆچوونی ناو ئەو وتارە بۆچوونی عەزیز نەسینە و ئەم کەسە دەڵێت: "باسکردنی ئەو بابەتە لە سایەی یاساکانی ئەمڕۆدا مەحاڵە، یاساکان توانای دۆزینەوەی چارەسەریان بۆ کێشەی کورد لەناو بردووە، ناخوازێت بەئاشکرا خۆی بخاتە خانەی تاوانکردنەوە، ئێستا کورد بەدەستی کورد دەکوژرێت و کورد تورك دەکوژێت و سەرباز دێنە کوشتن و زەمانی چارەسەرکردن زۆر دواکەوتووە، گەورەترین هەڵە بریتییە لە نکۆڵیکردن لە گەل-ێك بەتەواوی، هەمان گەمە بەسەر ئێمەش هات، بولگارەکان بەهەمان فەلسەفە حسێبی نەبوو بۆ تورکەکانی ئەوێ دەکەن، لەبەر ئەوەی ئێمەش هەمان شت دەکەین، نەمانتوانیوە هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرامان هەبێت، هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە بە گەل-ێك بڵێت "ڕەچەڵەکی تۆ ئەوە نییە، ئەمەیە"، گەل-ێك هەیە بەناوی گەلی کورد، تێکۆشانی سەربەخۆیی گەلی کورد وەك تێکۆشانی سەربەخۆیی کولتوور تێ دەگات، لایەنگری سەربەخۆیی سیاسی نییە، ئەوە لە بەرژوەندیی کوردیش نییە، تیرۆر ڕێی بەرژوەوەندی نییە، تیرۆری دژ بە تیرۆریش ڕێی بەرژوەندی نییە، کێشەکە بەو ڕێبازانە چارەسەر نابێت کە ئەمڕۆ دەوڵەتی تورك دەیانگرێتە بەر، گەورەترین هەڵە بریتییە لە داتاشین و خستنە ڕووی تێگەی مێژوویی "کورد بوونی نییە، ئەوانە تورکن"، ئەگەر دوای خۆشگوزەرانیی ئابووری مافە کولتوورییەکانیش بدرێت، دەکرێت بارودۆخەکە بگەیەندرێتە خاڵێکی نەرمتر، شتێکی ڕاست نییە ئەگەر گەلی کورد ئەو بزووتنەوانە بە هی خۆی بزانێت،

ئەوانەی خوازیاری سەربەخۆیی کوردن، هەڵە دەکەن ڕێگەی چارەسەر بە پەسەندکردنی هەبوونی کورد و پەسەندکردنی راستیی مێژوویی و زانستیدا تێ دەپەڕێت."

مادەی سێیەم لە دەستووری خۆمان ڕوونی دەکاتەوە کە دەوڵەتی تورکیا و میللەتەکەی بارستەیەکی یەکگرتووە و لە دابەشکردن نایەت. لەبەر ئەم هۆیە جیاکردنەوەی رەگەزەکانی ناو میللەتی تورک و پێشاندانی بەشێک لە هاووڵاتیانی کۆماری تورکیا وەك گەل، یان میللەتێکی تر، شتێکی مەحاڵە. مادەی 142 لە یاسای سزای تورك ئەم جۆرە رەفتارانەی خستووەتە خانەی تاوانکردنەوە. بەپێی مادەی 142/3، هەرکەسێك بەهەر شێوەیەك بانگەشە بکات بۆ نەهێشتنی هەستە نەتەوەییەکان، یان لاوازکردنیان، سزا دەدرێت. لە وتاری ئاماژە بۆ کراودا هەوڵ دەدرێت هاووڵاتیانی کۆماری تورکیا، ئەوانەی لە رۆژهەڵاتی تورکیامان دەژین، وەك گەل-ێکی جیاواز و میللەتێکی جیاواز پێشان بدرێن. لەبەر ئەوە لێدوانی ئاماژە بۆ کراو مادەی 142/3ی یاسای سزای تورکی پێشێل کردووە.

لێدوانی دووەم کە بۆ وتارەکە وەرگیراوە، لێدوانی محەمەد عەلی ئایبارە. ئەم کەسە لە لێدوانی خۆیدا بانگەشەی ئەوەی کردووە راست نییە ناوی چەتە لە یاخیبووە جوداخوازەکانی ڕۆژهەڵات بنرێت و ئەوانە تێکۆشەرانی چەکدارن و بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ تێ دەکۆشن و لە دوای تورکی ئاخێوەران، کوردەکان گەورەترین گرووپی ئەتنیکین. وەك لە سەرەوە روونمان کردەوە، بەپێی مادەی 142/3 لە یاسای سزای تورك، پڕوپاگەندەی بەمەبەستی لە ناوبردن، یان لاوازکردنی هەستە میللییەکان حسێبی تاوانی بۆ دەکرێت. پێشاندانی بەشێك لە هاووڵاتیانی کۆماری تورکیا وەك میللەتێکی جیاواز لە میللەتی تورك دەکەوێتە خانەی پێشێلکردنی مادەی 142/3 لە یاسای سزای تورك. بۆیە لەو لێدوانەشدا هەمان رەگەزەکانی تاوانبارکردن دەبیندرێن.

لە لێدوانەکانی تری وتاری بابەتی لێکۆڵینەوەدا هیچ رەوشێك نەبیندرا کە پێچەوانەی ناوەڕۆکی مادەی 142/3 لە یاسای سزای تورك بێت.

پێویستە لێرەدا روونی بکەینەوە مادەی 142/3 لە یاسای سزای تورك سزای هەر بانگەشەیەك دەدات کە بۆ لە ناوبردن، یان لاوازکردنی هەستە میللییەکان بکرێت. بەم جۆرە پێشاندانی بەشێك لە میللەتی تورکی یەکگرتوو و لە دابەشکردن نەهاتوو وەك نەتەوە، یان گەل-ێکی تر دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو مادەیەی یاساوە. بەڵام لە مادەی 142/3دا (پڕوپاگەندە) وەك رەگەزێك دانراوە، بەجۆرێك پێویستە بەجیا لێکۆڵینەوە بکرێت داخۆ پڕوپاگەندەکە بە بەمەبەست، یان بێ مەبەست کراوە. ئەرك و لێپرسراوێتیی دەستنیشانکردنی هەبوون و نەبوونی مەبەستێکی لەو جۆرەش ئەرك و لێپرسراوێتیی بەڕێزان سەرچاوە باڵاکانی دادوەرییە.

لەگەڵ نواندنی ڕێزدا.

1987/9/22

پسپۆر

پرۆفیسۆر د. کەیهان ئیچەل

***

جێگری داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ ڕۆژی 1987/9/25 ئەم نووسراوەی نارد بۆ دادگەی تەناهی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ:

کۆماری تورکیا

فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ

ژمارە: 342/1987 هـ. ز ژمارەی کۆد: 34410 1987/9/25

بۆ دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ

گۆڤاری بەناو "ئیکیبینە دۆغرو" کە گۆڤارێکی هەفتانەی هەواڵ و شیکردنەوەیە و لە ئیستانبوڵ دەردەچێت و فاتمە یازجی سەرنووسەرێتی، لە وتارێکیدا بە ناوونیشانی "چارەسەر بۆ پرسی کورد" کە لە لاپەڕەکانی 22 و 23 و 24ی ژمارەی 32 ی 9-1987/8/15دا بڵاو کراوەتەوە، هاتووە:

منەی چارەسەر دەکرێت بۆ بنەڕەتترین کێشەی تورکیا، ئەو کێشەیە "پرسی کوردە"، سیاسەتی کۆنی چەندین ساڵە لە کار کەوتووە و ئەوانەی ئێستا وڵات بەڕێوە دەبەن، یان ئاگرەکە خۆش دەکەن و دەبنە هۆکاری ئەوەی کە ئەم ئاگرە سەرانسەری تورکیا و پاشەڕۆژی وڵات بگرێتەوە، یان ئەوەتا ڕێگەیەکی دروست دەگیرێتە بەر و بۆ ئەوەش "ئیکیبینە دۆغرو" لێدوانی چەند کەسایەتییەکی ناوداری سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکە بڵاو کردووەتەوە.

لە بەشێکدا لێدوانی عەزیز نەسین بە ناوونیشانی "پێویستە مافە کولتورییەکان بدرێن"، بڵاو کراوەتەوە، بە پێچەوانەی ناوەڕۆکی مادەی 3 لە دەستوور کە دەڵێت وڵاتی کۆماری تورکیا و میللەتەکەی بارستەیەکی یەکگرتووە و لە دابەشکردن نایەت، ئەم هاووڵاتیانی کۆماری تورکیا لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی وڵات وەك گەل و میللەتێکی جیاواز پێشان دەدات و شەڕی ڕزگاریخوازی وەك تێکۆشانی سەربەخۆیی کلتوور وێنا دەکات و ڕای گەیاندووە بەرژوەندی کوردیش لەوەدایە و گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە تەنانەت کۆماری تورکیایش بەتەواوی سەربەخۆ نییە، بۆیە دامەزراندنی هەرێمێکی سەربەخۆ لە ڕۆژهەڵات و مانەوەی بە سەربەخۆیی، کارێکی مەحاڵە.

بەم جۆرە لە وتارەکەدا بە ئاشکرا بەشێك لە هاووڵاتیانی کۆماری تورکیا و پێکهێنەری میللەتی تورك وەك گەل، یان نەتەوەیەکی جیاواز پێشان دراون و ئەم لێدوانەی عەزیز نەسین بووە بەهۆی لاوازکردن و لە ناوبردنی هەستە میللییەکان، بۆیە ئەو ئەنجامە دەستگیر دەبێت کە ئەم لێدوانە پێچەوانەی مادەی 142/3ی یاسای سزای تورکە.

سەردێڕی "شەڕی ڕزگاریی نەتەوەیی دەکەین" کە بەشی دووەمی وتاری "چارەسەر بۆ پرسی کورد"ی گۆڤارەکەیە و لێدوانی محەممەد عەلی ئایبار ناوێکی تێدا وەشێندراوە، بەهۆی ئەوەی "بەشێك لە هاووڵاتیانی کۆماری تورکیای بە جیاواز لە میللەتی تورك پێشان داوە"، دەکەوێتە خانەی لاوازکردن و نەهێشتنی هەستە میللییەکانەوە.

لە راپۆرتی ڕۆژی 1987/9/22ی کەسی پسپۆریشدا کە لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە ناوەڕۆکی وتاری گۆڤارەکە ئەنجام داوە، بابەتەکە بە تێروتەسەلی روون کراوەتەوە.

بەو پێیە لێدوانەکانی عەزیز نەسین و محەمەد عەلی ئایبار بۆ وتاری "چارەسەر بۆ پرسی کورد" لە وتاری بڵاوکراوە لە گۆڤاری "ئیکیبینە دۆغرو"دا دەکەونە خانەی پێشێلکردنی مادەی 142/3ی یاسای سزای تورکەوە و لەبەر ئەوە دەست کرا بە لێپرسینەوە لە خاوەنی لێدوانەکان.
بەپێی یاسای ژمارە 5680ی چاپەمەنیی هەموارکراو بە یاسای ژمارە 2950 بەناوی رای گشتییەوە داوا دەکرێت بڕیاری "کۆکردنەوە"ی گۆڤاری "ئیکیبینە دۆغرو"، ژمارە 32، 9-1987/8/15، بدرێت.

بولبان ئاکباش

یاریدەدەری داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبول

★★★

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژی 1987/12/24 لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ لێپرسینەوەم لەگەڵدا کرا. ئەمەی لای خوارەوە کۆنووسی لێپرسینەوەکەیە:

تاوانبارکراو: محەمەد نوسرەت نەسین (عەزیز نەسین): کوڕی عەبدولعەزیز و حەنیفەیە، لە دایکبووی ساڵی 1915یە لە ئیستانبوڵ، لە گوندی گۆربەکی سەر بە گیرەسۆن تۆمار کراوە و لە وەقفی نەسین لە قەزای چاتالجە دادەنیشێت.

تاوانەکەی بۆ باس کرا و داوای لێ کرا بەرگری لە خۆی بکات:

گوتی: "هەموو بیر و بۆچوونەکانی ئەو بەشەی کە لە ژێر ناوی مندا لە وتاری 'چارەسەر بۆ کێشەی کورد: بڕیاری هەستیار'ی ژمارە 32ی گۆڤاری 'ئیکیبینە دۆغرو'دا بڵاوبوونەتەوە، بیر و بۆچوونی منن. بەڕێوەبەرانی ئەو گۆڤارە کاتێک بۆچوونی کەسانی جۆراوجۆریان سەبارەت بە کێشەی کورد وەرگرت، وەك بیرمەندێك پرسیاری بۆچوونی منیشیان کرد. سەیری بۆچوونەکانی خۆمم کرد لەو بارەیەوە و بۆچوونەکانم وەك خۆیان لە گۆڤارەکەدا بڵاو کراونەوتەوە. واتا ئەو بەشەی بە تاوان دادەنرێت، هی منە.

لەم نووسراوەدا، وەك ئەوەی بە ئاشکرا گوزارەی لێ کراوە، رام گەیاندووە دژی دەوڵەتێکی کوردیی جوداخوازم. من دەقی مادەی 3 لە دەستوور 'یەکگرتووی و لە دابەشکردن نەهاتوویی وڵاتی کۆماری تورکیا و میللەتەکەی' وەك رێسایەك بۆ رێگرتن لە دامەزراندنی دەوڵەتی جوداخواز تێ دەگەم و دەربڕینی ئەو بۆچوونانەم بەمەبەستی رێگرتن بووە لە کارێکی جوداخوانەی لەو جۆرە. بۆیە لە بیر و بۆچوونەکانمدا هیچ وشەیەك نییە بە ئاراستەی لە ناوبردنی هەستە میللییەکان. بە پێچەوانەوە، داوا دەکەم لە بەرامبەر داخوازییەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی جوداخواز مافە کولتوورییەکانی گەلی کورد بدرێت و گوزارەم لەوە کردووە کە یەکیەتی و یەکبوون بەو جۆرە پێك دێت و پێم وایە تەنیا بەو جۆرە رێ لەو داخوازییانە دەگیرێت. دووبارەی دەکەمەوە هیچ رەگەزێکی تاوانبارکردن لە قسەکانمدا بەدی ناکرێت."

تاوانبارکراو روونی کردەوە هیچ شتێکی تری نییە بۆ گوتن و پاش ئەوەی گوتەکانی بۆ خوێندرایەوە، پێکەوە واژۆ خرایە ژێریان.

یاریدەدەری داواکاری کۆماری	نووسەری تۆمار	تاوانبارکراو محەمەد نوسرەت نەسین (عەزیز نەسین)

***

فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ لە 1987/12/28 ئەم داواکارینامەیەی ڕێکخست:

کۆماری تورکیا

ئیستانبوڵ

فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ

ژمارە 34410

داواکارینامە

بۆ دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ

داواکار: ك. هـ

تاوانبارکراوان:

1) محەممەد عەلی بایار: کوڕی تەحسین و عالیەیە، لە دایکبووی ساڵی 1926ە، لە بەیئۆغلۆی ئیستانبوڵ تۆمار کراوە و لە بەیەك ئیبتکار ئارالغی – ژمارە 14/4 دادەنیشێت.

2) محەممەد نوسرەت نەسین (عەزیز نەسین): کوڕی عەبدولعەزیز و حەنیفەیە، لە دایکبووی ساڵی 1915یە لە ئیستانبوڵ، لە گوندی گۆربەکی سەر بە گیرەسۆن تۆمار کراوە و لە وەقفی نەسین لە قەزای چاتالجە دادەنیشێت.

3) فاتمە یازجی: کچی محەممەد نیازی و عالیەیە، لە دایکبووی ساڵی 1955ە، لە گوندی شوباسی سەر بە قەزای کەمالیە تۆمار کراوە و لە شەقامی کاباکولاك – ژمارە 6/3، قەرەگومرك – ئیستانبوڵ دادەنیشێت.

لێپرسراوی گۆڤاری بەناو "ئیکیبینە دۆغرو"ە.

تاوان: لاوازکردن و لە ناوبردنی هەستە میللییەکان لە ڕێی وەشاندن و بڵاوکردنەوەوە.

مێژووی تاوان: 1987/8/9

نووسراوی لێپێچینەوەی سەرەتایی لەگەڵ ئەو تاوانبارکراوانەی کە لە سەرەوە ناسنامە و تاوانەکانیان نووسراوە، وەك هاوپێچ خراوەتە پاڵ ئەم نووسراوە.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە ژمارە 32ی 9-1987/8/15ی گۆڤاری هەواڵ و شیکردنەوەی بەناو "ئیکیبینە دۆغرو" کە یەکێك لە تاوانبارانی سەرەوە بەناوی فاتمە یازجی بەڕێوەبەری لێپرسراویەتی و لە ئیستانبوڵ دەردەچێت، لە وتارێکدا بەسەردێڕی "چارەسەر بۆ پرسی کورد: بڕیاری هەستیار" کە لە لاپەڕە 20وە دەست پێ دەکات و لە لاپەڕەی 25 کۆتایی دێت، وای بۆچووە پرسی کورد بنەڕەتترین کێشەی ڕۆژەڤی تورکیایە و دەستەواژەی "سیاسەتی کۆنی چەندین ساڵە لە کار کەوتووە و ئەوانەی ئێستا وڵات بەڕێوە دەبەن، یان ئاگرەکە خۆش دەکەن و دەبنە هۆکاری ئەوەی کە ئەم ئاگرە سەرانسەری تورکیا و پاشەڕۆژی وڵات بگرێتەوە، یان ئەوەتا

ڕێگەیەکی دروست دەگیرێتە بەر"ی بەکار هێناوە و گۆڤارەکە ئەم کێشەیەی لەگەڵ هەندێك لە کەسایەتییە ناسراوەکاندا تاوتوێ کردووە و وەڵامەکانی ئەوانی لە بارەی چارەسەرکردنەوە بلاو کردووەتەوە.

لە بەشی "پێویستە مافە کولتوورییەکان بدرێن" کە لێدوانی عەزیز نەسینە و لە بیر و بۆچوونەکانی ناو نووسینەکەدا جێگەی کراوەتەوە، لێدوان لێ وەرگیراو بەپێویستی دەزانێت بە ئاشکرا بگوترێت لە تورکیا گەلێك هەیە بەناوی کورد، گەورەترین هەڵە بریتییە لە نکۆڵیکردن لە سەرتاپای ئەو گەلە، چەندین ساڵە بە یاسا نکۆڵی لە هەبوونی دەکرێت، مەسەلەکە وەك فەلسەفەی نکۆڵیکردنە لە تورکەکانی بولگارستان لەلایەن بولگارەکانەوە، بەو هۆیەشەوە نەتوانراوە هەڵوێستێکی ڕوون سەبارەت بە تورکەکانی بولگارستان بگیردرێتە بەر، هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە بە گەلێك بڵێت ڕەچەڵەکی تۆ ئەمە نییە و ئەوەیە، پێویستە تێکۆشانی سەربەخۆیی گەلی کورد وەك تێکۆشانی سەربەخۆیی کولتووری بگیردرێتە دەست، لەگەڵ سەربەخۆیی سیاسیدا نییە، کۆماری تورکیا خۆی تەواو سەربەخۆ نییە و کورد بەرژەوەندییان نابێت لە سەربەخۆییدا، پێویستە یاساکانی ئەمڕۆ هەموار بکرێن و هەبوونی گەلی کورد بەتەواوی پەسەند بکرێت و سەرجەم مافە کولتوورییەکانیان پێ بدرێت، بەدرێژاییی ساڵان رایەکی گشتیی هەڵە ئافرێندراوە و حەزنەکردن لە کورد بەرهەم هێندراوە، ئەو هەڵە گەورەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەپێی تێگەیەکی مێژوویی دەستکرد گوتراوە کورد هەبوونی نییە و ئەوانە تورکن، نەتەوەپەرستیی هاوچەرخ بەوە نابێت بە مرۆڤ بگوترێت ڕەچەڵەکی تۆ ئەوەیە، مرۆڤێك خۆی سەر بە چ میللەتێك بزانێت سەر بەو میللەتەیە، تیرۆر ڕێگەی بەرژەوەندی نییە، تیرۆری دژ بە تیرۆریش ڕێگەی بەرژەوەندی نییە، ئەو ڕێگەیە ناگات بە سەربەخۆیی و چارەسەری و حکوومەتی هەنووکەیی لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی بازنەی زانستە، نەیتوانیوە چارەسەر بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە. لێدوان لێ وەرگیراو پاش ئەوەی رای دەگەیەنێت ئەو مەسەلەیە بەپێی داخوازیی هێزە ئیمپریالیستییەکان ڕێك خراوە، پێی وایە لایەنەکان پێویستە زۆر ژیرانە بیر بکەنەوە، تورکەکان و کوردەکانیش پێویستە زۆر ژیر بن، شەڕی رزگاریخوازی بە کوشتنی ژن و منداڵ نابێت، بۆیە چارەسەر لە پەسەندکردنی ئەو ڕاستییە مێژوویی و زانستییەدایە.

محەمەد نوسرەت نەسین (عەزیز نەسین) لە وتەکانیدا لە داواکاری کۆماریمان ددانی پێدا ناوە بیر و بۆچوونی ژێر بەشی "پێویستە مافە کولتوورییەکان بدرێن" هی ئەون و ڕوونی کردووەتەوە دژی دەوڵەتێکی جوداخوازی کوردییە، بنەمای "دەوڵەت و وڵات و میللەتی تورکیە بارستەیەکی لە دابەشکردن نەهاتووە"ی مادەی 3ی دەستوورمان وەك بنەمایەك بۆ ڕێگرتن لە دامەزراندنی دەوڵەتی جوداخواز تێ دەگات، بۆیە پێی وایە لە بیر و بۆچوونەکانیدا هیچ رەگەزێك نییە کە ببێت بەهۆی لاوازکردن، یان نەهێشتنی هەستە میللییەکان.

دەسەڵاتی مادەی 3 لە دەستوورمان "دەوڵەت و وڵات و میللەتی تورکیا بارستەیەکی لە دابەشکردن نەهاتووە. زمانەکەی تورکییە"، لە ئارادایە. لەوێدا لە پاڵ وڵاتدا لە دابەشکردن نەهاتوویی میللەتیش ڕوون کراوەتەوە. لەبەر ئەوە بەهیچ جۆرێك ناکرێت باس لە گەلانی پێکهێنەری میللەتی تورك بکرێت و بەشێك لە هاووڵاتیانی کۆماری تورکیا وەك گەلێکی تر پێشان بدرێت. رەفتاری لەو جۆرە خراوەتە بەر سزای مادەی 142/3 لە یاسای سزای تورك. دادگەی باڵای ژمارە 9 ڕۆژی 1976/10/5 لە بڕیاری 48/47دا رەفتاری لەو جۆرە بە: "پڕوپاگەندە بۆ دابەشکردنی نەتەوەی تورك بۆ گرووپی ئەتنیکی، ئەنجامدانی چالاکی بۆ پشتیوانیکردن لە پەروەردە و فێرکردن بە زمانی تری بەدەر لە زمانی تورکی، لە ناوبردن، یان لاوازکردنی هەستە میللییەکان" دادەنێت.

بیر و بۆچوونەکانی محەمەد نوسرەت نەسین لە یەکگرتوویی وڵاتدا گەلێکی جیاوازی کورد و زمان و کولتوورێکی جیاواز دەخەنە روو و داوا دەکات ئەمە وەك راستییەکی مێژوویی پەسەند بکرێت و یاساکانیش بەو ئاراستەیەدا هەموار بکرێن. لێپێچینەوە و لێکۆڵینەوەکان گەیشتنە ئەنجامێك ئەو لێدوانانە بۆ سازدانی رای گشتی و هاوبەش پەیداکردن بڵاو کراونەتەوە و مادەی 142/3ی یاسای سزای تورکیان پێشێل کردووە.

(...)

بەو پێیە بەناوی رای گشتی و بەپشتبەستن بە مادەکانی یاسای ژمارە 2845 داوا دەکرێت تاوانبارکراوان دادگایی بکرێن و بڕیار بدرێت بەوەی:

أ) محەمەد نوسرەت نەسینی تاوانبارکراو بەهۆی سەردێڕی "پێویستە مافە کولتوورییەکان بدرێن"، بە مادەی 142/3-6 لە یاسای سزای تورکی گونجاو لەگەڵ تاوانی تاوانبارکراو،

ب) محەمەد عەلی ئایباری تاوانبارکراو بەهۆی سەردێڕی "شەڕی ڕزگاریی نەتەوەیی دەکەن، بە مادەی 6-142/3 لە یاسای سزای تورکی گونجاو لەگەڵ تاوانی تاوانبارکراو،

ت) تاوانبارکراو فاتمە یازجیی لێپرسراو لە هەردوو وتارەکە بە مادەی 142/3-6 لە یاسای سزای تورك و مادەی 16/1 لە یاسای ژمارە 5680ی گونجاو لەگەڵ تاوانی تاوانبارکراو سزا بدرێت و ژمارەی 32ی گۆڤاری "ئیکیبینە دۆغرو" لە مێژووی 9-1987/8/15 کە وتارەکانی هۆکاری تاوانبارکردنی تێدا بڵاو کراونەتەوە، بەپێی مادەی 36 لە یاسای سزای تورك بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی بۆ دەربکرێت.

هەواڵنامەی کتێب

1987/12/28

بولبان ئاکباش

یاریدەدەری داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبول

***

فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ ڕۆژی دواتر (1987/12/29) بەم نووسراوەی خوارەوە کردنەوەی دۆزی بە وەزارەتی داد ڕاگەیاند:

کۆماری تورکیا

فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت

ه. ز. ژمارە: 342/1987 کۆد: 34410

بۆ بەرچاوی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری سزا لە وەزارەتی داد

بۆ فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ

پەیوەندی: نووسراوی ژمارە 1987-43382ی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری سزا لە 1987/8/19

لە وتاری "چارەسەر بۆ پرسی کورد: بڕیاری هەستیار"دا لە لاپەڕەی 20 تا 25ی ژمارە 32ی 9-1987/8/15ی گۆڤاری هەواڵ و شیکردنەوەی بەناو "ئیکیبینە دۆغرو" کە لە ئیستانبوڵ دەردەچێت، باس لەوە کراوە گوایە پرسی کورد سەرەکیترین کێشەی ڕۆژەڤی تورکیایە و تاوانبارکراوان فاتمە یازجی، محەمەد نوسرەت نەسین و محەمەد عەلی بایار بە لاوازکردن و لەناوبردنی هەستە میللییەکان لە ڕێی بڵاوکردنەوەوە تاوانبار کران و لە ئەنجامی لێپێچینەوەی سەرەتاییی ئەنجامدراو لەلایەن ئێمەوە لە مێژووی 1987/12/28 لەسەر بناغەی 1987/242 و داواکارینامەی ژمارە 1987/206 لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ دۆزی گشتی لە دژیان کرایەوە.

داواکارینامەی پەیوەندیدار خراوەتە ڕوو.

ئەگەر پێویست بکات، بەڵگەنامەکان بەڕێزەوە دەخرێنە ڕوو.

1987/12/29

بولبان ئاکباش

یاریدەدەری داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبول

***

بەرگرینامەکانی دۆزەکە

رۆژی 1988/6/30 لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ دادگایی کرام و ئەمەی خوارەوە دەقی بەرگرینامەکەمە:

بەرگرینامە

ئەمە بەرگرینامەی منە لەو دۆزەی سەبارەت بە پرسی کورد لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ لە دژم تۆمار کراوە.

سەرۆکی بەرێز و دادوەرە بەڕێزەکان...

گۆڤاری بەناو "ئیکیبینە دۆغرو" لە ژمارەی ماوەی 9-1987/8/15دا راپرسییەکی سەبارەت بە پرسی کورد ئەنجام دا. لەو نێوانەدا ئەو پرسیارە بە تەلەفۆن لە منیش کرا. منیش هەر بە تەلەفۆن ئەو وەڵامەم دایەوە کە لە گۆڤاری ئاماژە بۆ کراودا بڵاوکراوەتەوە. پێش ئەوەی بێمە سەر وەڵامەکەم، بەشێك لە پێشوتاری گۆڤارەکە دەخەمە روو:

"بابەتەکە جدییە. گرنگترین کێشەی رۆژەڤی تورکیایە."

منیش باوەڕم وایە پرسی کورد جدیترین و گرنگترین کێشەی رۆژەڤی تورکیایە. بەوەشدا دیارە کێشەیەکی جدییە کاتێك دەستەی پایەبەرزی دادوەرانی ئەم دادگەی تەناهییەی دەوڵەت کە دادگەیەکی پسپۆری کۆماری تورکیایە، ئێمەمانان دادگایی دەکات.

سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەت، سا لە هەر دەوڵەتێك بێت، گرنگترین دامودەزگای ئەو دەوڵەتەن. جدیترین پایەی ناو ئەو دامودەزگا هەرە جدییانە لە هەموو دەوڵەتان بێ هیچ گومانێك سەرۆکایەتییەکانی ئەرکانی گشتیی سوپا و سەرۆکەکانیانە. سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا و سەرۆك لە هەر دەوڵەتێکی جیهان دامودەزگا و کەسایەتیی هێندە جدین، کەسانی ئەو دامودەزگایانە بەهیچ جۆرێك پێ ناکەنن و لە رۆژنامەکاندا وێنەیەکی سەرانی گشتیی ئەرکانەکانی سوپا نەبیندراوە روو بەخەندە گیرابێت.

پێش ئەوەی بچمە سەر بابەتەکە، دەخوازم ببینم و پێشانی ئێوەیشی بدەم دەزگای سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپای تورکیا کە هاوشێوەی هەموو وڵاتێکی تر جدیترین دامەزراوەی دەوڵەتە، بە دەربەستییەکی چۆنەوە بۆ پرسی کوردی، جدیترین کێشەی ئەم رۆژگارەی تورکیا، دەڕوانێت.

سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپای کۆماری تورکیا تا پێش کودەتای 1980/9/12یش ئەفسەرەکانی ئەرکانی سوپای رادەسپارد ئەو پرسە زۆر جدییەی کورد بۆ گەلەکەمان روون بکەنەوە. ئەو ئەفسەرە بەڕێزانەی ئەرکانی سوپا پارێزگا بە پارێزگا دەگەڕان و چۆنایەتی و راستی و رووی ناوەوەی پرسی کوردیان بۆ گەلی خۆمان روون دەکردەوە. یەکێك لەوانە بەناوی یوزباشی ئۆغوز پێش ئەوەی لە بەرامبەر جەماوەر لە ئەرزەڕووم بە مایکرۆفۆن دەست بە قسەکردن بکات، هەمان بابەتی بۆ 120 هەزار هاووڵاتیی ترمان روون کردبووەوە. ئەو قسانەشی لە خۆوە نەدەکرد. دوو کتێبی بڵاوکراوەی سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپای بەدەستەوە بوو.

یەکێکیان کتێبی "مێژووی ڤارتۆ" و ئەویتریشیان "تورکەکانی نیشتەجێی دەوروبەری دەریاچەی وان و رووباری فورات" بوون. لە هەر یەکێك لەو کتێبانە سەدهەزار دانە چاپ کرابوون و لە بازاڕدا نەمابوون. بڕیار بوو سەرلەنوێ چاپ بکرێنەوە.

یوزباشی ئۆغوزی هێژا و راسپێردراوی سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپای جدیترین دامەزراوەی کۆماری تورکیا لە بەرامبەر مایکرۆفۆن دەقاودەق ئەم قسانەی خوارەوەی سەبارەت کوردەکانی هۆکاری جدیترین کێشەی تورکیا بۆ ئاپۆڕەی ئامادەبووان دەگێڕایەوە: (چەند تیکەیەك لە قسەکانی وەردەگرم.)

"... برادەران، هەرگیز ناهێڵین گەمەمان پێ بکرێت. ئاگامان لە قسەکانمان دەبێت. بینیمان ئەو تیرەیەی کوردی پێ دەگوترێت، برای تورکەکانن. لە هەمان قۆڵن. بەڵام تا لە تواناماندا بێت و بۆ ئەوەی کارت نەدەینە دەستی دوژمنان، دەستەواژەی کورد بەکار ناهێنین. لە سەرجەم بڵاوکراوەکانی سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا و لە بەڵگەنامەکانی مێژووی شەڕدا هەمیشە وەك تورکمانی ڕۆژهەڵات ناویان براوە. (...) لە بەشە بەرزەکانی سەر شاخەکان و لووتکەکان بەفرێك هەبوو بە هاوین و زستان نەدەتوایەوە. کاتێك خۆر هەڵدەهات، توێژی سەرەوەی بە شەختەبوو و بریقەدار سەر بەفرەکانی دادەپۆشی. سەرەوەی رەق و ژێرەوەی نەرم دەبوو. کاتێك مرۆڤ بەسەر ئەو بەفرەدا دەڕۆیشت، ئەو شوێنەی پێی پێدا دەنا، روودەنیشت و دەنگی 'کارت-کورت'ی دەردەکرد. لەم سۆنگەیەوەیە تورکمەنەکانی ڕۆژهەڵات بە کورد ناو دەبرێن. ئەوانەی جوداخوازان بە کورد ناویان دەبەن، راستییەکەی ناوی ئەو دەنگەیە کە لە کاتی ڕۆیشتنی تورکە نیشتەجێکانی کوێستانە بەرزەکان و هەرێمە بەفراوییەکاندا لە ژێر پێیان دەردەچێت." (سەرچاوە: ئیمپراتۆریای ئەیلوول، وەشانخانەی زانستیی ئەربیل توشالب، 1988، ل 264-265.)

سەرۆکی بەڕێز و ئەندامانی بەڕێزی دەستەی دادوەران! فەرموون من لەبەر ئەوەی ئەو تورکمانانەی لەسەر چیا بڵندەکان پێ بە بەفردا دەنێن و دەنگی "کارت-کورت" لە ژێر پێیان دەردەچێت، بە کورد ناویانم بردووە و وەك نەتەوە بەرگریم لە مافە کولتورییەکانیان کردووە، بە سیفەتی تاوانبارکراو لە بەردەم ئێوەدام و خۆم هیچ کاتێك ئەم رەوشەم پەسەند نەکردووە.

بێ ئەوەی پێویست بکات خۆم بخەمە دۆخێکەوە خاکیبوون بنوێنم، دەڵێم من هەرچەندە یەکێکم لە نووسەرانی چیرۆکی کۆمیدیی هاوچەرخ، کە نەك تەنیا لە تورکیا، بگرە لە سەرانسەری جیهانیش ناسراوم، ددانی پێدا دەنێم دەستەوستان دەبم لە دانانی کۆمیدیایەکی گەورەی وەك ئەوەی لە بڵاوکراوەکانی سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا و جدیترین دەزگای کۆماری تورکیادا هاتووە و قسەی ئەفسەرێکی یوزباشیی ئەرکانی سوپایە و بە سرووش وەرگرتن لە شوبهاندنی دەنگی "کارت-کورت" باس لە ئەگەری تورکبوونی کوردەکان دەکات.

سەرۆکی بەڕێز و ئەندامانی بەڕێزی دەستەی دادوەران! دیسان لە کاتی لێپرسینەوەمدا لەم دادگەیە گوتبووم ئەم دۆزەی من دۆزێکی سیاسییە. دۆزە سیاسییەکان بەپێی نیشانە سیاسییەکانی ئەو رۆژگارە بۆیان هەیە دەستیان پێ بکرێت، یان نەکرێت. بەوەشدا دیارە ئەم دۆزە بە ئاشکرا دۆزێکی سیاسییە کە راستەوخۆ لەلایەن فەرمانگەی داواکاری کۆماریی دادگەی تەناهیی دەوڵەتەوە کراوەتەوە، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ لە نووسراوێکدا بۆ وەزارەتی داد وتارەکەی ئێمە بە "جالیبی دیقەت گۆرولوموش" واتا بە زمانی تورکیی خۆمان "دیقەت چەکیجی گۆرولوش —

بە سەرنجڕاكێش بینراوە" دادەنێت، واتا پاش دەرچوونی هۆشیاركردنەوە لە وەزارەتی ناوخۆوە ئەوسا كاروباری دادگاییكردن دەستی پێ كردووە، وەزارەتی داد ئەو نووسینە "بە سەرنجڕاكێش بینراوە"ی كردووە بە هاوپێچی نووسراوی خۆی و ناردوویەتی بۆ فەرمانگەی داواكاری كۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ و فەرموودەی پێدانی زانیاریی زۆر بەپەلەی خستووەتە سەری.

دادوەرانی بەڕێز! ئێمە زۆر باش دەزانین لە فەرمانگەی داواكاری كۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ لە كون و قوژبنی نووسینەكانمان دەكۆڵدرێتەوە. هەر سێ ڕۆژ لەمەوبەر لەسەر نووسینێكم كە بەو شێوەیە لێی كۆڵدرابووەوە، لەلایەن بەڕێز یەشار گونایدنەوە كە یەكێكە لە داواكارانی كۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ، ڕاكێشرام بۆ لێپرسینەوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم داواكارانی كۆماری لە دادگەكانی تەناهیی دەوڵەت بێ هیچ گومانێك وەك ئەركی سەرشانیان نووسینەكانی ئێمەیان، وەك نووسینی بابەتی ئەم دۆزە خوێندووەتەوە و لێیان كۆڵیونەتەوە و لەبەر ئەوەی هیچ تاوانێكیان تێدا نەدۆزیتەوە، بەدواداچوونیان بۆیان نەكردووە.

تەنانەت بەخەیاڵیش بیر ناچێت بۆ ونبوونی نووسینەكانم لەبەر چاوان، یان بۆ خەمساردیی داواكارانی كۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ. لە كاتێكدا ڕەوش بەم جۆرەیە، سەرەتا بە فەرمانی نێردراو لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ وەزارەتی داد و پاشان بە فەرمانی نێردراو لە وەزارەتی دادەوە بۆ فەرمانگەی داواكاری كۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ ئەم دۆزە كراوەتەوە و ئێمەش كەوتووینەتە دۆخی تاوانباركراوانەوە. ڕاستییەكەی، ناردنی نووسراو لەم بارەیەوە لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ وەزارەتی داد و لەمیشەوە بۆ فەرمانگەی داواكاری كۆماری دەشێت حسێبی پرۆسەی دادوەریی ئاسایی بۆ بكرێت. بەڵام ئەگەر مۆڵەتم پێ بدەن بۆچوونی تایبەتی خۆم بهێنمە زمان، ناتوانم بڕوا بكەم سەرجەم ئەو ڕێوشوێنانە دەبنە ڕێوشوێنی ئاساییی دادوەری، چونكە لە توركیا ڕێكخراوێك هەیە سەری لە لمدا شاردووەتەوە و لە كاتێكدا جەستەی زەبەلاحی لەبەر چاوانە، هەوڵ دەدات وەك شترمورغ خۆی بشارێتەوە و گوایە هەموو كارێكی نهێنیی خۆی لە پشت پەردەی وەزارەتی ناوخۆوە دەشارێتەوە و دەكۆشێت لە ڕێی ئەو وەزارەتەوە جێبەجێی بكات و ئیدی ئێوەش و هەمووومان و سەرجەم نەتەوەی تورك دەزانین ئەو ڕێكخراوە دەزگای هەواڵگریی میللییە و كورتەی ناوەكەی "میت"ە، باوەڕم وایە ئەم دەزگایە داوای كردووە دۆز لە دژی ئێمە بكرێتەوە و —تەنانەت هەر ئەویش ئەو فەرمانەی داوە- وەك هەموو جارێكیش خۆی لە پشت وەزارەتی ناوخۆوە حەشار داوە و هەر بەراستیش پێی وایە خۆی شاردووەتەوە. دیارە لە ڕەوشێكدا نیم بتوانم ئەم بۆچوونەم بسەلمێنم. بەڵام هۆكاری باوەڕ پێكراوم هەیە بۆ ئەوەی بڕوا بكەم لە مانگەكانی ڕابردوودا بە هەوڵی ئەو ڕێكخراوە كە ڕووی ناوەوەی بە هەموو قرێژی و گەماریی خۆیەوە كەوتووەتە ڕوو، دراوەمەتە دادگە. دەبێت ئەوەش بڵێم ئەگەر بەڕاستی لەم گومانانەمدا لەسەر هەق بم، مۆڵەت بە خۆم دەدەم بڵێم دەزگای هەواڵگریی میللی دەستی وەرداوەتە سەربەخۆییی دادوەرانەی ئەم دۆزە. لەو سۆنگەیەوە، دادوەرانی بەڕێز، بەناوی دادوەریی سەربەخۆوە تكاتان لێ دەكەم ئەوەندەی لە تواناد هەیە دەست بكرێت بە لێكۆڵینەوە لەوەی داخۆ دەزگای هەواڵگریی میللی، بەڕاستی، تا چ رادەیەك دەستی لەم دۆزەدا هەیە، یان نییە.

دادوەران و داواکارانی کۆماریی دادگەی تەناهیی دەوڵەت کە وەك دادگەیەکی پسپۆر هاتووەتە دامەزراندن، لێکۆڵینەوە لە وتاری هۆکاری کردنەوەی ئەم دۆزە دەکەوێتە کرۆکی ئەرکەکانی ئەوانەوە، کەچی بێ ئەوەی پێویست بکات و هیچ سوودێکی هەبێت، داواکاری کۆماری بەمەبەستی لێکۆڵینەوە داویەتی بە کەسێکی پسپۆر و بەم کارەش وا دێتە پێش چاوم بۆ ئەوەی کێشەکەی من بدرێتە کەسێکی تر، بابەتەکە وەك تۆپی ئاگرین لەم دەستەوە بۆ ئەو دەست فڕێ دراوە.

کەسی پسپۆریش لە کۆتاییی راپۆرتی پڕ لە هەڵەی زانستیی خۆیدا دەنووسێت "ئەرك و لێپرسراویی دەستنیشانکردنی هەبوون و نەبوونی پڕوپاگەندەی بەمەبەست، یان بێ مەبەست ئەرك و لێپرسراویی بەڕێزان سەرچاوە باڵاکانی دادوەرییە" و ئەم تۆپە گڕدارەی بۆ دادگەی ئێوە هاویشتووە. واتا داواکاری کۆماری و کەسی پسپۆر راستەوخۆ لێپرسراویەتی بابەتێك ناگرنە ئەستۆ، هەرچەندە دەکەوێتە خانەی ئەرك و شارەزاییی خۆیانەوە.
لە یەکەم لێپرسینەوەمدا لە دادگەکەتان هۆشیاریی ئەوەم دا ئەم دۆزە بۆ من نا، بگرە بۆ سیاسەتی گشتیی هەنووکەییی حکوومەت و دەوڵەت بەگشتی نەکردنەوەی باشترە یان راستە، چونکە لە مێژە دەزانرێت حکوومەتەکان ترسی ئەوەیان نییە هەندێك لە راستییەکان بە داپۆشراوی لە ناو چوارچێوەیەکی تەسکی رۆشنبیراندا بمێننەوە، بەڵام ناخوازن رای گشتی هەمان ئەو ڕاستییانە بزانن. خۆیان لەوە دوورەپەرێز دەگرن.
بۆ نموونە، کتێبی "کۆنووسە نهێنییەکانی ئەنجوومەنی گەورەی میللەتی تورك" کە لە چوار بەرگ پێك دێت و بانکی کار "ئیش بانکاسی" سێ جار چاپی کردووە، تیایدا قسەکانی ئەتاتورك سەبارەت بە کورد سانسۆر نەکراون. بەڵام یەکێك لە گۆڤارەکان لەبەر ئەوەی هەمان ئەو قسانەی لەسەر لاپەڕەکانی خۆی بڵاو کردووەتەوە، لە بازاڕ کۆ کراوەتەوە، چونکە تەنیا چەند هەزار رۆشنبیرێکی بژاردە کە بەشی زۆریان دەستەمۆ کراون، دەتوانن لە "کۆنووسە نهێنییەکانی ئەنجوومەنی گەورەی میللەتی تورك"دا وتەکانی ئەتاتورك بخوێننەوە، بەڵام پاش وەشاندنی ئەو وتانە لە گۆڤارێکدا، لەلایەن هەزاران کەسەوە خوێندراونەتەوە.
ئەگەر ئەم دۆزە سیاسییەی دژ بە ئێمەش نەکراباوە، بۆچوونەکانی ئێمە سەبارەت بە پرسی کورد لە گۆڤاری "ئیکیبینە دۆغرو"دا لەلایەن چەند هەزار کەسێکەوە دەخوێندرانەوە و پاش ماوەیەك لە بیر دەکران. بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی دۆز کراوەتەوە، ئەو هەواڵانەی لە ساڵێك لەمەوبەرەوە لە رۆژنامەکاندا بڵاو کراونەتەوە و ئەو بیر و بۆچوون و بەڵگەنامانەی کە لێرە لە میانەی لێپرسینەوە و بەرگریکردن لە خۆماندا زۆر بە بەرفراوانی دەیانخەینە روو، وەك چۆن لە چاپەمەنیدا بڵاو دەکرێنەوە، بەهەمان شێوە دەیانکەین بە کتێب و چاپیان دەکەین. تاقیکردنەوەکانیش پێشانیان داوە قەدەخەی سەر چاپکردنی دەقی بەرگرینامەکانمان بێکەڵکە و بەرگرینامەکانی ناو کتێبێك کە بە شێوەیەکی ئاسایی دەهەزار دانەی لێ چاپ دەکرێت، لە تورکیا و دەرەوەی وڵات بە رێگەی کۆپێکردن ملیۆنان دانەی لێ بڵاو دەکرێتەوە.
ئێمە ناچارین لێرە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەرگری لە خۆمان بکەین، چونکە ئەو سزایەی بۆ ئێمە داوا کراوە، سزایەکی قورسە. داوا دەکرێت پازدە ساڵی رەبەق زیندانی بکرێین. وەك ئەوەی لە یاسای فیزیادا هەیە، بڕی کاردانەوە یەکسانە بە بڕی کارلێکردن. نە گوڵاومان بەسەردا دەکەن و نە گوڵمان تێ دەگرن. بەپێی ئەوەی داوای پازدە ساڵ زیندانیکردنمان دەکرێت، بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین، ناچارین جۆرە لێدوانێك لەسەر کێشەی کورد بدەین کە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ سیاسەتی حکوومەت و بەگشتی لەگەڵ سیاسەتی حکوومەتەکانی تورکیادا یەك

ناگرنەوە. من شانازی دەکەم بەمەوە، چونکە ئەو راستییە زانستییانەی چەندین ساڵە توانای گوتن و ئاشکراکردنیان لە ئارادا نییە، پێم وایە جاری یەکەمە لە دادگەیەکدا ئاشکرا دەکرێن.

سەرۆکی بەڕێز، بەڕێزان ئەندامانی دەستەی دادوەری! من بەچی تاوانبار دەکرێم؟ لەبەر ئەوەی ناتوانین بزانین کەسە شارەواکان کێن، دوو کەسی بیندراو هەن من تاوانبار دەکەن. یەکێك لەوانە پرۆفیسۆر د. کەیهان ئیچەلی مامۆستای یاسای سزا لە کۆلێجی ماف و جێگری سەرۆکی زانکۆی زانکۆی ئیستانبوڵ و پسپۆری ئەم دۆزەیە. زانکۆی ئیستانبوڵ یەکێکە لە زانکۆکانی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا، بەڵام تەواوی زانکۆکانی دنیای هاوچەرخ حسێبی دەرچووی زانکۆ بۆ قوتابیانی دەرچووی ئەم زانکۆیە ناکەن. ئەویتریشیان بولبان ئاکباشی یاریدەدەری داواکاری کۆمارییە لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبول کە بێ ئەوەی هیچ پێویست بکات، داوای هاوکاریی لەو کەسە پسپۆرە کردووە.

کەسی پسپۆر نەك لەبەر ئەوەی لە راپۆرتی خۆیدا منی تاوانبار کردووە، بگرە ئەگەر بەهەمان نالۆجیکییەوە منی بێتاوانیش دەربخستبایە، بۆچوونم لەبارەیەوە هەر نەدەگۆڕدرا. رووبەڕووی کەسێکی پسپۆر نا، کەسێکی نەزان بووینەتەوە. لەبەر ئەوەی نەزانیی کەسی پسپۆر لەو بوارەدا هێندە روون و ئاشکرایە، من دەمەوێت لەو تاوانبارکردنەی داواکارینامەوە دەست پێ بکەم کە بەڕێز داواکاری کۆماری بە پشتبەستن بە راپۆرتی کەسی پسپۆر ئامادەی کردووە. پێش ئەوەی وەڵامی دانە بە دانەی بانگەشەکانی بەڕێز داواکاری کۆماری بدەمەوە، دەمەوێت لەسەر ئەو مادەیە رابوەستم کە منی پێ تاوانبار کردووە. لە داواکارینامەدا وا گوتراوە:

"دژی دەوڵەتێکی جوداخوازی کوردییە، بنەمای ''دەوڵەت و وڵات و میللەتی تورکیە بارستەیەکی لە دابەشکردن نەهاتووە''ی مادەی 3ی دەستوورمان وەك بنەمایەك بۆ رێگرتن لە دامەزراندنی دەوڵەتی جوداخواز تێ دەگات، بۆیە پێی وایە لە بیر و بۆچوونەکانیدا هیچ رەگەزێك نییە کە ببێت بەهۆی لاوازکردن، یان نەهێشتنی هەستە میللییەکان.

دەسەڵاتی مادەی 3 لە دەستوورمان ''دەوڵەت و وڵات و میللەتی تورکیا بارستەیەکی لە دابەشکردن نەهاتووە. زمانەکەی تورکییە''، لە ئارادایە. لەوێدا لە پاڵ وڵاتدا لە دابەشکردن نەهاتوویی میللەتیش روون کراوەتەوە. لەبەر ئەوە بەهیچ جۆرێك ناکرێت باس لە گەلانی پێکهێنەری میللەتی تورك بکرێت و بەشێك لە هاووڵاتیانی کۆماری تورکیا وەك گەلێکی تر پێشان بدرێت. رەفتاری لەو جۆرە خراوەتە بەر سزای مادەی 142/3 لە یاسای سزای تورك. دادگەی باڵای ژمارە 9 رۆژی 1976/10/5 لە بڕیاری 48/47دا رەفتاری لەو جۆرە بە: ''پڕوپاگەندە بۆ دابەشکردنی نەتەوەی تورك بۆ گرووپی ئەتنیکی، ئەنجامدانی چالاکی بۆ پشتیوانیکردن لە پەروەردە و فێرکردن بە زمانی تری بەدەر لە زمانی تورکی، لە ناوبردن، یان لاوازکردنی هەستە میللییەکان'' دادەنێت."

دواتر درێژە بە داواکارینامەی بەڕێز داواکاری کۆماری دەدەم، بەڵام بە پێویستم زانی لێرەدا روونکردنەوەیەك بدەم. داواکاری کۆماری بەمەبەستی سزادانی من دەڵێت "ئەنجامدانی چالاکی بۆ پشتیوانیکردن لە پەروەردە و فێرکردن بە زمانی تری بەدەر لە زمانی تورکی، بە پڕوپاگەندە بۆ لە ناوبردن، یان لاوازکردنی هەستە میللییەکان دادەنرێت" و دەیەوێت لە پای ئەوە من سزا بدرێم. دەبێت راشکاوانە بڵێم زۆر سەرم سڕما. تکایە با بەڕێز داواکاری کۆماری لێم نەگرێت من ئەم پرسیارە دەکەم:

ئایا لە وڵاتێکی زۆر دوور لە تورکیا ژیاون و زۆر نییە هاتوونەتە تورکیا؟

واتە لە تورکیا پەروەردە و فێرکردن بە زمانی تری دەرەوەی زمانی فەرمی (واتە زمانی تری دەرەوەی زمانی تورکی) قەدەخەیە و ئەگەر ئەم قەدەخەیە پێشێل بکرێت، هەستە نەتەوەییەکان لە ناو دەچن! ئەگەر وا بێت، دەبێت بڵێم لە چ رەوشێکی ترسناکداین... چونکە لە تورکیا هەستە نەتەوەییەکان لاواز بوون، یاخۆ لە رەگەوە لە ناوچوون. ئایا بەڕێز داواکاری کۆماری نازانێت، بۆ نموونە، لە ئامادەیی کوڕان لە ئیستانبوڵ زمانی ئەڵمانی، لە ئامادەییەکانی ئەڵمانیا و نەمسا دیسان زمانی ئەڵمانی، لە ئامادەییەکانی Notre Dame و Saint Benoit و St. Miche و Saint Joseph زمانی فەرەنسی، لە کۆلێجی رۆبێرت و سەرجەم ئامادەییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە ئەنادۆڵ زمانی ئینگلیزی و لە ئامادەیی ئیتاڵی زمانی ئیتاڵی دەخوێندرێت و منداڵانی خێزانە خواپێداوەکان لە پێشبڕکێدان —وا دیارە بۆ لە ناوبردنی هەستە نەتەوەییەکان- بۆ وەرگرتن لەو قوتابخانانە کە خوێندن تیایاندا بە پارەیە؟ ئایا قەت بەرگوێی کەوتووە لە زانکۆی بۆغازیچی و ئۆرتادۆغو تەکنیك و زانکۆی بیلکەنت کە لەبەر گرانیی خوێندن تیایدا تەنیا منداڵانی گەورە دەوڵەمەندان دەتوانن تیایدا بخوێنن، سەرلەبەری پەروەردە و فێرکردن بە زمانی بیانییە؟ دەمەوێت لەم بارەیەوە مزگێنییەکی تر بدەمە بەڕێزیان. دەست کراوە بە ئامادەکاری بۆ پەروەردە و فێرکردن بە زمانی ئەڵمانی لە زانکۆی ئەڵمانی، بە زمانی عەرەبی لە زانکۆی عەرەبی، بە زمانی فەرەنسی لە زانکۆی فەرەنسی و بە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی ئەمریکایی و بڕیار وایە ئەم زانکۆیانە بەم نێزیکانە بکرێنەوە. ئەگەر لە ناو پەروەردە و فێرکردن بەو هەموو زمانەدا تەنیا زمانی کوردی ببێتە هۆی لاوازبوون، یان کوشتنی هەستە نەتەوەییەکان، پێویستە بۆ رزگارکردنی کۆمەڵ لەو دووفاقییە ئەو یاسایە بگۆڕین و رای بگەیەنین تەنیا پەروەردە و فێرکردن بە زمانی کوردی هەستە نەتەوەییەکان لە ناو دەبات.

نازانم منداڵەکانی بەڕێز پرۆفیسۆری پسپۆر و بەڕێز داواکاری کۆماری و دادوەرانی بەڕێز دەچن بۆ چ قوتابخانەیەك لەو قوتابخانانەی کە بە زمانی بیانی پەروەردە و فێرکردنیان تێدا بەڕێوە دەبرێت، بەڵام 2 منداڵ لە کۆی 25 منداڵی وەقفی نەسین کە خۆم دامەزرێنەریم، ئەمساڵ دەچنە زانکۆ و بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن.

بەڕێز داواکاری کۆماری مادەی 3ی دەستوور وەك بیانوو بۆ سزادانی من پێشان دەدات. ئەو مادەیە بەم جۆرەیە:

"دەوڵەت و وڵات و میللەتی تورکیا بارستەیەکی لە دابەشکردن نەهاتووە. زمانەکەی تورکییە..."

بەڵێ، راستە. رێك وەك ئەوەی لە دەقی مادەی 3ی دەستووردا هاتووە، "زمانەکەی تورکییە." ئەگەر پلەی تورکیزانیمان لە ئاستی قۆناغی خوێندنی ناوەندیشدا بێت، پێویستە لێرەدا پرسیاری ئەم بابەتە بکەین. زمانەکەی تورکییە. زمانی کێ تورکییە؟ لە یاسادا راشکاوانە نووسراوە: زمانی دەوڵەتی تورك تورکییە. ئاشکرایە وایە. من پێچەوانەی ئەمەم نەگوتووە. زمانی دەوڵەت واتای زمانی فەرمی دەگەیەنێت. خەیاڵ ناچێت بۆ ئەوەی دەوڵەت زمانێکی تری هەبێت. "زمانەکەی تورکییە" بەواتای "زمانی فەرمی تورکییە" دێت. لە بڕیاری ژمارە 48/47ی فەرمانگەی ژمارە 9ی دادگەی باڵاشدا کە لە 1976/10/5 دەرچووە و داواکاری کۆماریش وەك سەرچاوە پێشانی داوە، نووسراوە "زمانی فەرمی تورکییە" و بەمەشدا دیارە مەبەست لە زمانی دەوڵەتە. ئەگەر بەکارهێنانی دەستەواژەی "زمانی فەرمی" پێویست نەبوایە، فەرمانگەی ژمارە 9ی دادگەی باڵا لەم بڕیارەدا لەبری "زمانی فەرمی"، "زمانی تورکی"ی دەنووسی.

ناکرێت بیر لە زمانێکی تری دەرەوەی زمانی فەرمی بکرێتەوە بۆ دەوڵەت، چونکە لەبەر ئەوەی دەوڵەت کەسێکی بەرجەستە نییە، زمانیشی نابێت.

بە کوردی نووسین و خوێندنەوە و قسەکردنی کوردەکانی تورکیا هیچ کاتێك نابێت بە تەگەرە لەبەردەم زمانی فەرمییاندا کە زمانی تورکییە. لەبەر ئەوەی ناچارم لێرەدا ڕوونکردنەوە بدەم، داوای لێبووردن لە دادوەرانی بەڕێز دەکەم، ئەوەی بە زمانی فەرمی ناودەبرێت، مەرج نییە زمانی نووسین و ئاخاوتن بێت. زمانی فەرمی واتای ئەو زمانە دەگەیەنێت کە لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت و کاروبارەکانی دەوڵەتدا، بۆ نموونە، لە نووسراو، سەردان، دادگاییکردن، لێپرسینەوە و کاروبارە فەرمییەکانی تردا بەکار دەهێندرێت و لەو ڕۆژەشەوە کە لە قارەمانماراش زمانی تورکی وەك زمانی فەرمی راگەیەندراوە، هەمیشە بەو سیستەمە کار کراوە و دەکرێت. بۆ نموونە، لە فەرەنسا نەتەوەی جیاواز هەن، بەڵام زمانی فەرمیی هەموویان فەرەنسییە. ئەم ڕەوشە لە ئەڵمانیا و سویسرا و یوگسلافیا و فینلەنداش بە هەمان جۆرە.
من لە کاتێکدا دەڵێم پێویستە ددان بە هەموو مافە کولتوورییەکانی گەلی کوردا بنرێت، کوردەکان بتوانن بە زمانی کوردی بخوێنن، بە زمانی کوردی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و هەموو جۆرە بڵاوکراوەیەکی تریان هەبێت، هیچ کاتێك و لە هیچ شوێنێك نەمگوتووە با تورکی زمانی فەرمی نەبێت.
زۆر خەمگینم لە پای ئەوەی بە گێڕانەوەی کۆمەڵێك راستی کە باوەڕم وایە زۆر باش و رەوان دەیانزانن، کاتی بەنرختان دەگرم. زۆر باش لە رەوشەکە تێ دەگەم؛ بەڕێز داواکاری کۆماری کاتێك ناچار بوو لەسەر داخوازی "میت"ی خۆحەشارداو لە پشت وەزارەتی ناوخۆوە ئەم دۆزە بکاتەوە، بیانووی پتەوی نەدۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی رەوا سزا بدرێم، بۆیە ناچار کراوە ئەو بیانووانەم بۆ بئافرێنێت کە پێچەوانەی راستین.
بەردەوام دەبم لەسەر خستنەڕووی داواکارینامەی بەڕێز داواکاری کۆماری:
"بیر و بۆچوونەکانی محەمەد نوسرەت نەسین لە یەکگرتوویی وڵاتدا گەلێکی جیاوازی کورد و زمان و کولتوورێکی جیاواز دەخەنە روو و داوا دەکات ئەمە وەك راستییەکی مێژوویی پەسەند بکرێت و یاساکانیش بەو ئاڕاستەیەدا هەموار بکرێن. لێپێچینەوە و لێکۆڵینەوەکان گەیشتنە ئەنجامێك ئەو لێدوانانە بۆ سازدانی رای گشتی و هاوبەش پەیداکردن بڵاو کراونەتەوە و مادەی 142/3ی یاسای سزای تورکیان پێشێل کردووە."
بەڕاستی بانگەشەیەکی زۆر لە لۆجیك بەدەرە، چونکە من رێك ئەوە دەکەم کە بەڕێز داواکاری کۆماری گوتوویەتی و لەبەر ئەوەش بێتاوانم. واتا دەڵێم هەبوونی کورد لە تورکیا راستییەکی زانستییە و هەوڵ دەدەم رای گشتی رابهێنم بۆ پەسەندکردنی ئەو راستییە و بۆ گۆڕینی بۆچوونی هەڵە و نازانستی مرۆگەل و دەمەوێت کارێکی وا بکەم یاسای نەگونجاو لەگەڵ ئەو راستییە زانستییەدا بە رێگەی یاسایی بگۆڕدرێت. ئەمە سرووشتیترین مافی منە وەك هاووڵاتی، بەتەنیا مافیش نییە، بگرە وەك رۆشنبیر ئەرکی سەرشانیشمە. نە کەسی پسپۆر، نە داواکاری کۆماری، نە "میت"ی خۆمەڵاسداو لە پشت وەزارەتی ناوخۆوە و نە دادگە ناتوانن ئەم ماف و ئەرکەم لە دەست دەربهێنن. جگە لە مادە لە گۆڕین نەهاتووەکانی دەستوور، دەکرێت دەستوور و هەموو یاساکانی تریش بگۆڕدرێن و داواکردنی ئەو گۆڕینەش سرووشتیترین مافی هاووڵاتیبوونە. من بۆ داواکردنی ئەو مافەم و بۆ راپەڕاندنی ئەو ئەرکەم هاووڵاتیم. خۆ ئەوە ئەمڕۆ نەدۆزراوەتەوە کە جگە لە سازدانی رای گشتی هیچ رێگەیەکی تر نییە بۆ گرتنەبەری رێبازی یاسایی بەمەبەستی گۆڕینی یاسای پێچەوانەی راستیی زانستی.
من ئێستا لێرە لە هەوڵدام بۆ ئەوەی کارێکی وا بکەم کە داواکاری کۆماری، دادوەران، وەزارەتی ناوخۆ و "میت"ی خۆحەشارداو لە پشتی، گوێگرانی هۆڵی دادگە و خوێنەران، واتا هەموو ڕای گشتیی تورکیا باوەڕ بە ڕاستیی مێژوویی پرسی کورد بهێنن. ئەوەش ناوی دیموکراسییە. داواکاری کۆماری کە هەوڵی من بۆ سازدانی ڕای گشتی

بەمەبەستی گۆڕینی یاساکان بە گرتنەبەری ڕێبازی یاسایی بە تاوان دەزانێت، مەگەر شارەزای شێوازێکی تری دیموکراسییە کە تا ئێستا جیهان پەی پێ نەبردووە؟

با مادەی 142/3ی یاسای سزای تورك کەی داواکاری کۆماری دەیەوێت منی پێ سزا بدات، پێکەوە بخوێنینەوە:

"هەرکەسێك بەهەر شێوەیەك پڕوپاگەندە بکات بۆ بەکارهێنانی تێبینیی ئەتنیکی بەمەبەستی هەڵگرتنی بەشێك، یان سەرجەم ئەو مافە گشتییانەی کە لە دەستووردا ناسێندراون، یاخۆ بەهەر شێوازێك پڕوپاگەندە بکات بۆ لاوازکردن، یان کوشتنی هەستە میللییەکان، بە پێنج تا دە ساڵ سزای قورسی زیندانیکردن سزا دەدرێت."

بەڕێزان دادوەر و داواکاری کۆماری، بە پیشە مافناسن. مافی ناو ئەم مادەیە بەهیچ جۆرێك بەو واتایە نایەت وەك ئەوەی داواکاری کۆماری لێکی داوەتەوە و هەوڵدانی من بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە تا ئەوپەڕی سنوور خەمگینم دەکات. ئەگەر گۆڕینی یاساکان بە گرتنبەری ڕێبازی یاسایی و پڕوپاگەندەکردن و سازدانی ڕای گشتی بۆی بە یاسا قەدەخە بوایە، بنەما دانراوەکانی جیهان لە یاساکانی حەموورابییەوە تا ئەمڕۆ هیچ گۆڕانێکیان تێدا نەدەکرا. ئەوە چ تێگەیشتنێکە لە ماف و لە دەستوور! تکایە بمبوورن، پێم وایە بەڕێز داواکاری کۆماری و کەسی پسپۆر هەست دەکەن ناچارن کارێکی وا بکەن هەر چۆنێك بووە من سزا بدرێم. بەڵگەشم ئەوەیە چالاکییەکەی من لە ڕووی ماف و لۆجیك و زمانەوە نە لە دوور و نە لە نێزیکەوە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ هیچ ڕەگەزێکی مادەی 142/3 لە یاسای سزای تورکدا نییە.

ڕەگەزی یەکەم: بەکارهێنانی تێبینیی ئەتنیکی بەمەبەستی هەڵگرتنی بەشێك، یان سەرجەم ئەو مافە گشتییانەی کە لە دەستووردا ناسێندراون.

ڕەگەزی دووەم: پڕوپاگەندەکردن بۆ لاوازکردن، یان کوشتنی هەستە میللییەکان.

هەوڵدان بۆ سازدانی ڕای گشتی بەمەبەستی گۆڕینی یاسایەك بە گرتنبەری ڕێبازی یاسایی دیموکراسی خۆیەتی و هەرگیز بۆ نەهێشتن، یان لاوازکردنی هەستە میللییەکان نییە.

سەرۆکی بەڕێز، بەڕێزان ئەندامانی دەستەی دادوەری! لەم ڕۆژگارەماندا لە وڵاتی ئێمە چەندین تابوو هەن باس ناکرێن، تاوتوێ ناکرێن و دەستیان بۆ نابردرێت. لەو باوەڕەدام ئێوەش وەك سەرجەم هاووڵاتیان لە بەرامبەر ئەو تابووانەدا هەست بە نیگەرانی دەکەن. سەرجەم تابووەکان دژبەری دیموکراسین. یەکێك لەو تابووانەی وڵاتی ئێمە پرسی کوردە. هەروەك چۆن هەموو تابوویەك پێچەوانەی ڕاستییە زانستییەکانە، تابووی پرسی کوردیش پێچەوانەی ڕاستییە زانستییەکانە.

ڕاستیی زانستی واتای چی دەگەیەنێت؟ ڕاستییە زانستییەکان سەرجەم ئەو هەبوون و چەمك و دیاردە کۆمەڵایەتی و ڕوحی و سرووشتیانەن کە گرێدراوی ویست و نیاز و داخوازی ئێمە نین و ئێمە هەبین، یان نەبین، ئەوان بەدەر لە ئێمە و بەپێی یاساکانی خۆیان بەڕێوە دەڕۆن.

با بیر بکەینەوە: ئەگەر بخوازین و نەخوازین، ئایا لە دەرەوەی ئێمە دیاردەیەکی کوردی، کێشەیەکی کوردی و گەلێکی کوردی هەیە، یان نییە؟ بێگومان هەیە. ناتوانرێت ڕاستییە زانستییەکان بە قەدەخە یاسایی و نایاساییەکان لە ناو ببرێن و حسێبی نەبووشیان بۆ ناکرێت. کردنی کورد بە تورك بە گوتنی ئەوەی پێ بە بەفردا دەنێن و دەنگی "کارت-کورت" لە ژێر پێیان دێت، نابێت بە زانستیی داتاشراو، بەڵام تورکیا لە دنیای هاوچەرخدا دەکات بە مایەی پێکەنین.

ئەوانەی لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ژیاون و لەوێ خزمەتیان کردووە، (لەوانەیە ئێوەش)، فرە باش دەزانن و فرە جار دیویانە زۆر کەس لەوێ، بەتایبەتیش ژنان، تورکی نازانن و لەبەر ئەوەی کوردن، تەنیا بەکوردی دەدوێن. ئەو کوردانە لە بنکەکانی جەندرمە، فەرمانگەکانی داواکاری کۆماری، دادگە و دەزگا هاوشێوەکانی تری دەوڵەتدا بەهاوکاریی وەرگێڕ بۆ زمانی تورکی کاروباری خۆیان ڕادەپەڕێنن. لە کاتێکدا ئەمە وایە و ئێوە و من و هەموو تورکیاش پێی دەزانین، هێشتا پێ داگرتن لەسەر نەبوونی کورد لە تورکیا بەکەڵکی چی دێت؟ مادام وایە، پێویستە هەموومان دەست بدەینە دەستی یەك و منەی ڕێگە یاساییەکانی شکاندنی ئەو تابووە بکەین، چونکە بەرگی یاسای داتاشراو و سەپێندراو ڕزیوە و ڕاستیی کۆمەڵایەتی و زانستی لە خۆ ناگرێت. فەرموون لەگەڵ نموونەیەکی ئەمەدا لە ژیانی ڕاستەقینەوە:

هاووڵاتییەکی خەڵکی مدیاد بەناوی شێخموس میرد ناوی کوردیی وڵاتی لە کوڕی نۆ ساڵانی خۆی و ناوی باوەڕی لە کچی حەوت ساڵانی ناوە. بەڕێوەبەرایەتیی باری کەسایەتی لە مدیاد بەبیانووی ئەوەی ئەم دوو ناوە کوردییە "لەگەڵ بنەماکانی ڕەوشت و داب و نەریتدا ناگونجێن و نا میللین"، سکاڵای تۆمار کردووە و داوای کردووە ئەو ناوە کوردییانە لە تۆمارەکانی باری کەسایەتیدا بسڕدرێنەوە.

ئەمە بڕیاری دادگەی مافی ئوسوڵی مدیاد لەو بارەیەوە:

"بەپێی یاداشتی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی باری کەسایەتی و هاووڵاتیان لە وەزارەتی ناوخۆ پێمان ڕاگەیەندراوە ناوەکانی وڵات و باوەڕ بەڕەچەڵەك تورکی نین و بە ئاماژە بۆ مادەکانی پەیماننامەی لۆزانیش ئەو ناوانەی کەمینەکان لە منداڵانی خۆیانی دەنێن، پێویستە لەگەڵ داب و نەریتدا بگونجێن و هیچ تەگەرەیەك لە ئارادا نییە بۆ بە تۆماردانی ناوەکانی وڵات و باوەڕ وەك ناو لە تۆمارەکانی باری کەسایەتیدا لەلایەن هاووڵاتیانی کەمینەوە."

دەقی مادەی 39ی پەیماننامەی لۆزان بەم جۆرەیە: "ئازادیی زمان بۆ کەمینەکان دابین دەکرێت و بە زمانی خۆیان ڕۆژنامە و هەموو جۆرە بڵاوکراوەیەك دەردەکەن."

بە بۆچوونی من ڕاپۆرتەکەی کەسی پسپۆر پرۆفیسۆر د. کەیهان ئیچەل هیچ گرنگییەکی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیەکی بچووك بۆ یەك دوو بەشی دەکەم.

پرۆفیسۆر ئیچەل لە ڕاپۆرتی خۆیدا دەڵێت:

"پێشاندانی بەشێك لە هاووڵاتیانی کۆماری تورکیا وەك گەل، یان میللەتێکی تر شتێکی مەحاڵە."

هەڵەی ئەم بڕیاردانە بێ گەڕانەوەیە لەمەدایە: ئەوانەی دەیانەوێت کورد وەك گەل و میللەتێکی جیاواز پێشان بدەن، کەسانی تر نین، ڕاستەوخۆ کورد خۆیانن. کەسانێکی دەرەوەی کورد نین. ئەوانەی سەبارەت بە گەلی کورد دەڵێن "گەلێکی جیاواز و نەتەوەیەکی جیاواز نین، تورکن"، تێکدەرانی ڕاستەقینەی یەکپارچەیی و یەکیەتیی تورکیان.

پرۆفیسۆر ئیچەل لە ڕاپۆرتی کەسی پسپۆردا بەم ڕستانەش من تاوانبار دەکات:

"بانگەشەی ئەوەی کردووە هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە بە گەلێك بڵێت ''ڕەچەڵەکی تۆ ئەوە نییە، ئەمەیە'' (...) گەورەترین هەڵە بریتییە لە داتاشین و خستنە ڕووی تێگەی مێژوویی 'کورد بوونی نییە، ئەوانە تورکن، (...)"

ڕاستە. لە میانەی لێپرسینەوەمدا لە فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵیش هەمان ئەو قسانەم کرد. تەنیا بەکردنی ئەو قسانەشەوە ڕانەوەستام. گوتیشم (تورکیا بە تێگەی مێژوویی

دەستکردی وەك "کورد بوونی نییە، ئەوانە بەڕەچەڵەك تورکن"، کەوتووەتە چاڵێکەوە کە بەدەستی خۆی هەڵی کەندووە. ئەو تێگەی کە لە داهێنانی ئێمەیە، سەردەمێکی درێژە لە عێراقیش پەیڕەو دەکرێت، دوو ملیۆن تورکی عێراق –بە شێوەیەکی گشتی لە موسڵ و کەرکوك- بەزۆر کراون بە عەرەب و ژمارەیان لە دوو ملیۆنەوە دابەزیوە بۆ 300 هەزار کەس. لەوێ ناونانی منداڵان بەناوی تورکی قەدەخەیە، بەڵام حکوومەتەکانی تورکیا لە بەرامبەر وەرگرتنی نەوت و لە ڕووی بەرژوەندیی ترەوە نەیانتوانیوە لە بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ لە عێراق دەنگ هەڵبڕن.) هەر ئەوەندەش نا. بولگارەکانیش هەمان تێگەی دەستکردی ئێمەیان وەك خۆی وەرگرتووە و تێگەیەکی مێژوویی دەستکردیان بۆ خۆیان داتاشیوە و بانگەشەی ئەوە دەکەن بەهیچ جۆرێك تورك لە بولگارستان بوونیان نییە و ئەوانەی خۆیان بە تورك دەزانن، سلاڤ (بولگار)ی بە موسڵمانبوون و دوو ملیۆن تورك کە یەك لە نۆی ژمارەی دانیشتووانی بولگارستان پێك دەهێنن، بەزۆر کراون بە بولگار. حکوومەتی ئێمەش لە بەرامبەر ئەوەدا جگە لە چەند خۆپێشاندانێکی بچووك لە کۆبوونەوەکانی وڵاتانی عەرەبی، هیچ چالاکییەکی بەهەندی ئەنجام نەداوە. ئەگەر کێشەی کورد لە تورکیا بە ڕێبازی دیموکراسی و لە چوارچێوەی سیاسیەتی یەکیەتیی تورکیادا چارەسەر نەکرێت، ملیۆن و نیوێك تورکی بولگارستانیش وەك دوو ملیۆن تورکەکەی عێراق لە ناودەچن.

کار هەر بەوەندەشەوە نەوەستاوە. یۆنانستانیش کە هەمان تێگەی دەستکردیی مێژوویی کتومت وەك خۆی پەیڕەو دەکات، دەستی کردووە بە گوتنی ئەوەی کە تورك لە ڕۆژئاوای تراکیا بوونی نییە و دەڵێت ئەوانەی خۆیان بە تورك دەزانن، یۆنانین و بە زەبری شمشێر کراون بە موسڵمان و حکوومەتی تورکیش لە ئاستی ئەم ڕووداوە گوێی خۆی کەڕ کردووە.

سەرۆکی بەڕێز و دادوەرانی بەڕێز، وەك ئەوەی لە خوارەوە ڕوونی دەکەمەوە، تا مرۆڤ بەتەواوی نەگات بە ئازادیی مرۆڤبوونی خۆی و تا "میت" و داواکارانی کۆماری تێ نەگەن ئازادیی مرۆڤ واتای چییە و تا ڕاستی پارێزان هێشتا سزا بدرێن و تا بێباکی بەردەوام بێت، ترسی ئەوەم هەیە ڕۆژێك بێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە تورکەکانی دانیشتووی تورکیاش تورك نین.

ئومێدم وایە کەسی پسپۆڕ پرۆفیسۆر د. کەیهان ئیچەل و بەڕێز بولبان ئاکباشی داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەتیش سوود لە لێدوانە کورتەکانم سەبارەت بە ئازادیی مرۆڤ وەربگرن.

سرووشتیترین و لە پێشترین و سەرەتاییترین ئازادیی هەر مرۆڤێك ئازادیی مرۆڤبوونیەتی. سەرجەم ئازادییەکانی تر (بیرکردنەوە، باوەڕ و هاوشێوەکانیان) لە دوای ئازادیی مرۆڤبوونی مرۆڤەوە دێن. بەدرێژاییی مێژووش لە هیچ جاڕنامەیەکی مافی مرۆڤدا نەنووسراوە "ئازادیی مرۆڤبوونی مرۆڤ"، چونکە ئازادیی مرۆڤبوونی مرۆڤ چەمکێکی ئاشکرایە (بەلگەنەویست –Axiom-ە، دەدان پێدانراوە و شتێکە پێویست ناکات ڕاستبوونی بسەلمێنرێت.) واتا هیچ کەسێك داوا لە هیچ کەسێکی تر ناکات مرۆڤبوونی خۆی بسەلمێنێت، چونکە مرۆڤ بێ ئەوەی پێویستی بە سەلماندن بێت، مرۆڤە.

نیشانە و تایبەتمەندیی ئازادیی مرۆڤبوونی مرۆڤ بەپێی سەردەم گۆڕانی بەسەردا دێت. لەم چاخەی ئێمەدا سەرەکیترین نیشانەی ئازادیی مرۆڤبوونی مرۆڤ ئەوەیە مرۆڤ ئازاد بێت لە دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و کەسایەتیی خۆی. واتا مرۆڤ تەنیا خۆی دەتوانێت پەیوەندارییی نەتەوەییی خۆی دیاری بکات. ئەگەر ئەم قسەیە بەدڵی ئەوانەش نەبێت کە دەیانەوێت لەم چاخەدا درێژە بە سەردەمە کۆنەکان بدەن، دەبێت بزانرێت لەم سەردەمەدا مرۆڤێك ناتوانێت ناسنامەی نەتەوەیی و کەسایەتیی مرۆڤ و ناسنامەی نەتەوەیی و کەسایەتیی دایك

و باوك و باپیر و باپیرەگەورانی مرۆڤ دیاری بكات. مرۆڤ هەروەك چۆن ئازادە لە هەڵبژاردنی ناسنامەی نەتەوەییی و كەسایەتیی دایك و باوك و باپیرانی، بەهەمان شێوە خاوەنی مافی هەڵنەبژاردنیەتیشی. بۆ نموونە، هەر مرۆڤێك دایك و باوكی لە چ نەتەوەیەك بێت، ئازادە لە بوونی بە ئەندامی ئەو نەتەوەیەی كە خۆی ئارەزووی دەكات و ئەگەر بەر لە هەموو شتێك ددان بە ئازادیی مرۆڤبوونی مرۆڤدا نەنرێت، سەرجەم ئازادییەكانی تر هیچ واتایەكیان نابێت. بەتایبەتیش وڵاتێكی وەك توركیا كە دەیان هەزار ساڵە بووە بە خەرمانی مێژوو و مرۆڤ و نەتەوەكان، ناتوانرێت پەیوەندارییی مرۆڤ بۆ نەتەوەیەك لە نەتەوەكان لە ڕێی پەیوەندیی دایك و باوك و پەیوەندیی خوێنەوە دەستنیشان بكرێت. ئا لەم سۆنگەیەوەیە كاتێك كۆمەڵێك مرۆڤ لەوانەی لە توركیا دەژین و تێكەڵ بە مێژووی تورك بوون، ئەگەر بە خۆیان بڵێن كورد، هیچ كەسێك مافی ئەوەی نییە بڵێت لەبەر ئەوەی باب و باپیرانیان تورك بوون (ئەگەر تەنانەت ئەم تێگە داتاشراوە ڕاستیش بێت)، ئەمان كورد نین و توركن. كەس مافی ئەوەی نییە توركبوونیان بەسەردا بسەپێنێت.

مەرجی سەرەكیی نەتەوایەتی لەم چاخەی ئێمەدا پشت دەبەستێت بە ویستی مرۆڤەكان بۆ پێكەوە ژیان لە سایەی یەكیەتیی بەرژەوەندیی ئابووریدا. ئەمەش بە ویستی ئازادی مرۆڤ و بەشێوەی دڵخوازانە پێك دێت. ئەو وڵاتانەی كە بە زەبری یاسا، یان گوشاری نایاسایی نەتەوەییبوون دەسەپێنن، ئیدی لە دنیای هاوچەرخ و شارستانیدا جێیان نابێتەوە.

ئەوەی من لەم بابەتەدا دەمەوێت، ئەوەیە یاسای ئاماژە بۆ كراو بە دیموكراسیترین و یاساییترین ڕێباز بگۆڕدرێت و كوردەكانیش سەرجەم مافە كلتوورییەكانی خۆیان بەدەست بخەن بۆ ئەوەی توركیا لە دنیای هاوچەرخدا جێی خۆی بگرێت.

هانی كەسم نەداوە یاسا بشێوێنێت و دنەی كەسم نەداوە بۆ بەكارهێنانی توندوتیژی. گرنگترین ئەركی هاووڵاتیبوونم ڕاپەڕاندووە و كەڵكم لە مافی خۆم وەرگرتووە و دیموكراتیزەكردنی یاسایەكی لەگەڵ ئەم چاخەدا نەگونجاو دەخوازم و هەمیشەش دەمەوێت.

لەگەڵ ڕێزمدا.

سەرۆكی دەستەی دادوەران پرسیاری دوایین وتەمی كرد. تاوانباركراوان بە شێوەیەكی گشتی پاش بەرگریكردن لە خۆیان، لە دوایین وتەدا داوا دەكەن بێتاوان دەربخرێن. من دوایین وتەی خۆم لەو دانیشتنەی دادگەدا لە ژمارەی ڕۆژی 1988/7/1ی ڕۆژنامەی "جمهوریەت"ەوە وەردەگرم كە هەواڵەكەی بڵاو كردووەتەوە:

"چاخی ترسانی من بەسەرچووە. داوای بێتاوان دەرخستنیش ناكەم. ئەوە وڵات، ئەوە داواكاری كۆماری، ئەوە من، ئەوە كورد و ئەوەش ئێوە. چیتان دەوێت، ئەوە بكەن."

★★★

پاشان پارێزەر وەلی دەڤەجیئۆغلو لەبەردەم دادگە بەرگرینامەیەكی تێر و تەسەلی پێشكەش كرد و لە سەرەتادا گوتی "ئۆگوست كۆنت دەڵێت: ''بۆ ئەوەی بتوانین بەباشی لە بیرۆكەیەك تێ بگەین، پێویستە لە مێژووەكەی بكۆڵینەوە.'' كێشەی كورد كە هێشتا ژیانیترین بابەتی ڕۆژەڤی توركیایە، تا دوێنێی نەزانراو، مەحاڵە وەك پێویست ئەمڕۆی ڕوون بكرێتەوە و هەڵبسەنگێندرێت. دیارە هەر دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی ڕابردوویەكی هەیە و ئەو سەردەمەی تیایدا دەژین، وەری دەگرێت و بە شێوەیەك لە شێوەكان ڕادەستی داهاتووی دەكات.

بۆیە پێویستە هەبوونی مێژوویی کورد، ئەو نیشتمانەی لێی دەژین، هەوڵ و تێکۆشانی ئابوورییان، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تردا و ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی لەسەر گشت ئەوانە بنیاتنراویان بزاندرێت، تا ئەمڕۆ بتواندرێت بڕیاری ڕاست لە بارەی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردەوە بدرێت و سەرچاوەی کێشەکان دەستنیشان بکرێن و چارەسەری دروست بەرهەم بهێندرێت."

(...)

"...ئەو مرۆڤانەی ئێوە دادگاییان دەکەن، وەك ئێمە مرۆڤی ئاسایی و فانی نین. وەك بەختێکی گەورەی نەتەوەمان لە ناو ئێمەوە پەیدا بوون و مایەی شانازیی گەلی تورك و ئەم نیشتمانەن. نەوەکانی داهاتوو لە سۆنگەی ئەوەی مرۆڤی هەمان نەتەوەی ئەمانن، شانازییان پێوە دەکەن. ئێمەی مرۆگەلی بەختەوەر بەڕێککەوت لە نێزیك ئەوانەوەین و کتێبە واژۆکراوەکانی ئەوان وەك گەورەترین میراتی لە پاش خۆمان بۆ منداڵەکانمان بەجێ دەهێڵین.

ئەوانە بەها و ڕووی گەشی نەتەوەی ئێمەن. تورکیای ئێمە وڵاتێکە لە کاروانی شارستانی دواکەوتووە. بەڵام لە هەموو ڕوویەکەوە وا نییە. بۆ نموونە، باوەڕم وایە لە بواری ئەدەبیاتدا شان لە شانی پێشکەوتووترین دەوڵەتان دەدەین.

ئاواتەخوازم و حۆزگە دەخوازم دادوەریشمان بەهەمان شێوە بێت. بۆ پێشاندانی ئەوەش هەلێکی مێژووییتان لەبەر دەستدایە. ئەنادۆڵ بێشکەی شارستانییە گەورەکانە و نەتەوەکەشمان میراتگری ئەو شارستانییانەیە. وەك خۆ فوودانێك بۆ تاسەکردنی ڕابردوو نا، بگرە لە باوەڕێکی لە دڵەوە هەڵقوڵاو ئەمە دەڵێم.

موەکیلەکانم هیچ پەیوەندییەکیان بەو تاوانەوە نییە و نایانبێتیش.

بەم هەستەوە ئارەزوو دەکەم بڕیار لەسەر بێتاوانبوونی هەموویان بدەن. ڕێز دەنوێنم.

پارێزەر وەلی دەڤەجیئۆغلۆ

★★★

بڕیاری بێتاوان دەرخستن

بڕیاری دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ

بڕیار

ژمارەی بناغەیی: 1987/258

ژمارەی بڕیار: 1988/157

ژمارەی داواکاری کۆماری: 1987/242

سەرۆك: گولتەکین توران

ئەندام: شەمسەدین شانال 15592

ئەندام: فیکرەت ئولوچ 15779

یاریدەری داواکاری کۆماری: گویهان ئولگەن 18589

نووسەر: جەمال گۆکگوێز

داواکار: ك. ه

هەواڵنامەی کێر

تاوانبارکراوان:

1) محەمەد عەلی بایار: کوڕی تەحسین و عالیەیە، لە دایکبووی ساڵی 1926ە، لە بەیئۆغلۆی ئیستانبوڵ تۆمار کراوە و لە بەبەك ئیبتکار ئارالغی – ژمارە 14/4 دادەنیشێت.

2) محەمەد نوسرەت نەسین (عەزیز نەسین): کوڕی عەبدولعەزیز و حەنیفەیە، لە دایکبووی ساڵی 1915یە لە ئیستانبوڵ، لە گوندی گۆربەکی سەر بە گیرەسۆن تۆمار کراوە و لە وەقفی نەسین لە قەزای چاتالجە دادەنیشێت.

3) فاتمە یازجی: کچی محەمەد نیازی و عالیەیە، لە دایکبووی ساڵی 1955ە، لە گوندی شوباسی سەر بە قەزای کەمالیە تۆمار کراوە و لە شەقامی کاباکولاك – ژمارە 6/3، قەرەگومرك – ئیستانبوڵ دادەنیشێت. لێپرسراوی گۆڤاری بەناو "ئیکیبینە دۆغرو"ە.

تاوان: لاوازکردن و لە ناوبردنی هەستە میللییەکان لە ڕێی وەشان و بڵاوکردنەوەوە.

مێژووی تاوان: 1987/8/9

تاوانبارکراوان محەمەد عەلی بەیار و هاوڕێکانی بە "لاوازکردن و لە ناوبردنی هەستە میللییەکان لە ڕێی بڵاوکردنەوەوە" تاوانبار کراون و فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگەی تەناهیی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ داواکارینامەی ژمارە 1987/206، بناغە 1987/242ی بە مێژووی 1987/12/28 بەپەلە بۆ دادگەی ئێمە ڕەوانە کردووە بەمەبەستی کردنەوەی دۆز لە دژی تاوانبارکراوان. لە ئەنجامی دانیشتنەکانی دادگاییکردندا:

باوەڕ دەکرێت:

داواکردن: تاوانبارکراوان محەممەد عەلی بایار-محەممەد نوسرەت نەسین و فاتمە یازجی بەپێی ئەوەی سەرپێچییان لە مادەی 142/3-6ی یاسای سزای تورك کردووە، دۆز لە دژیان کراوەتەوە و داواکاری کۆماری دوای ئەنجامدانی لێپرسینەوە، داوای کردووە تاوانبارکراوان محەممەد عەلی بایار و محەممەد نوسرەت نەسین بە مادەی 142/3-6 و تاوانبارکراو فاتمە یازجی بە مادەی 16/1. لە یاسای ژمارە 1987/258 و بە مادەی 142/3-6 لە یاسای سزای تورك سزا بدرێن.

لێپرسینەوە و بەرگری:

لە لێپرسینەوە و بەرگرینامەی تاوانبارکراو فاتمە یازجیدا هاتووە: "ئەو داواکردنە ڕاست نییە، سەرنووسەری گۆڤاری هەفتانەی ''ئیکیبینە دۆغرو''ە، وتاری سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ژمارە 32ی 9-1987/8/15دا پێشتر ئەم دیوێتی و پاشان بڵاو کراوەتەوە، هیچ ڕەگەزێکی پێشێلکاری مادەی 142 لە یاسای سزای تورك لەو وتارەدا نابینێت و لەو ڕوانگەیەشەوە بڵاوی کردووەتەوە، ڕاپۆرتی کەسی پسپۆر سەبارەت بە دۆزینەوەی ڕەگەزی تاوان بە زانستی نازانێت، پرسی کورد لە وڵاتانی تری وەك ئەڵمانیا و ئەمریکا بە ئاشکرا تاوتوێ دەکرێت، تاوتوێکردنی لە تورکیا هیچ ئەنجامێکی زیانبەخشی نابێت، بڵاوکردنەوەی بۆچوونی کەسانی بەنرخ سەبارەت بەو بابەتە مایەی شانازییە، ئەرکی هاووڵاتیبوونە، "بێتاوانە" و داوای کردووە بڕیار لەسەر بێتاوانبوونی بدرێت.

لە لێپرسینەوە و بەرگرینامەی تاوانبارکراو محەممەد نوسرەت نەسیندا هاتووە: "بیرۆکەی نووسینی لە داواکارینامەدا ئاماژە بۆ کراو هی خۆیەتی، لەلایەن خۆیەوە ڕاگەیەندراوە، بەهیچ جۆرێك ڕەگەزەکانی مادەی 142/3 لە یاسای سزای تورك لە لێدوانەکانیدا نییە، تەواوی بابەتەکە بریتییە لە وەڵامی پرسیاری ئایا لە تورکیا کورد هەیە یان نییە؟، دەوڵەتی تورکیا لە هەڵوێستی سیاسیی خۆیدا بانگەشەی نەبوونی کورد دەکات، ئەم بۆچوونە هەڵەیە، ناکرێت هیچ کەسێك لە ئاشکراکردنی ڕەچەڵەکی خۆی قەدەخە بکرێت، لە بولگارستان تورك و لە تورکیاش کورد هەیە، هەموو مەسەلەکەی پێ پەسەندە و بابەت ئەوەیە ئەم ناخوازێت ئەو کۆمەڵانە تەگەرە بۆ یەکیەتیی ئەو دەوڵەتانە دروست بکەن، بەو جۆرە لە ڕەوشەکە حاڵی بووە، کردنەوەی دۆزێکی لەم جۆرە پێچەوانەی سیاسەتی تورکیایە، دواجار لە وتارەکە و بەشێوەیەکی گشتیش لە بیر و بۆچوونەکاندا ڕەگەزی تاوانبارکردن نابینێت" و داوای کردووە بڕیار لەسەر بێتاوانبوونی بدرێت.

لە لێپرسینەوە و بەرگرینامەی تاوانبارکراو محەممەد عەلی بایاردا هاتووە: (...)

بەڵگەکان-هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنیان: لە ڕاپۆرتی کەسی پسپۆر پرۆفیسۆر کەیهان ئیچەل و لە ناوی هەنووکەییی ئەو گۆڤارەوە وەك ئەوەی لە دۆسیەکەدا هاتووە و لە نووسینی ناو ئەو گۆڤارەوە کە تاوانبارکراوان بۆچوونەکانی خۆیان تێدا خستووەتە ڕوو، ڕوون بووەتەوە فاتمە یازجی سەرنووسیاری گۆڤاری "ئیکیبینە دۆغرو"ە، دەستنیشان کراوە کە بۆچوونەکانی ناو وتاری "چارەسەر بۆ پرسی کورد" لە ژمارە 32ی مێژووی 9-1987/8/15ی ئەو گۆڤارە بیر و بۆچوونی تاوانبارکراوەکانی ترە، تاوانبارکراو محەممەد نوسرەت نەسین (عەزیز نەسین) بۆچوونی خۆی لە ژێر سەردێڕی "پێویستە مافە کولتوورییەکان بدرێن"دا بەیان کردووە، تاوانبارکراو محەممەد عەلی بایاریش بۆچوونی خۆی لە ژێر سەردێڕی "شەڕی ڕزگاریی نەوەتەوەیی دەکەین"دا خستووەتە ڕوو، لێدوانەکانی هەردوو تاوانبارکراو ڕەگەزی تاوانی پڕوپاگەندەکردن بۆ لاوازکردن و نەهێشتنی

هەست میللییەکان لە خۆدەگرن وەك ئەوەی لە مادەی 142/3ی یاسای سزای تورکدا هاتووە و لەبەر ئەو هۆیە ئەم دۆزە کراوەتەوە.

لە ئەنجامی دانیشتنەکانی دادگەدا گەیشتینە باوەڕێك ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵ تاوانبارکراون ڕەهەندی مەبەستداریی تێدا نییە و لەبەر ئەو هۆیە ڕێی بڕیاردان لەسەر بێتاوانبوونی سەرجەم تاوانبارکراوان گیرایە بەر.

بە واتای: وەك ئەوەی لە ڕاپۆرتی کەسی پسپۆریشدا ئاماژەی بۆ کراوە، تاوانبارکراو عەزیز نەسین گوتوویەتی: "باسکردنی ئەو بابەتە لە سایەی یاساکانی ئەمڕۆدا مەحاڵە، یاساکان توانای دۆزینەوەی چارەسەریان بۆ کێشەی کورد لەناو بردووە، ناخوازێت بەئاشکرا خۆی بخاتە خانەی تاوانکردنەوە، ئێستا کورد بەدەستی کورد دەکوژرێت و کورد تورك دەکوژێت و سەرباز دێنە کوشتن و زەمانی چارەسەرکردن زۆر دواکەوتووە، گەورەترین هەڵە بریتییە لە نکۆڵیکردن لە گەلێك بەتەواوی، هەمان گەمە بەسەر ئێمەش هات، بولگارەکان بەهەمان فەلسەفە حسێبی نەبوو بۆ تورکەکانی ئەوێ دەکەن، لەبەر ئەوەی ئێمەش هەمان شت دەکەین، نەمانتوانیوە هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرامان هەبێت، هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە بە گەلێك بڵێت ''ڕەچەڵەکی تۆ ئەوە نییە، ئەمەیە''، گەلێك هەیە بەناوی گەلی کورد، تێکۆشانی سەربەخۆییی گەلی کورد وەك تێکۆشانی سەربەخۆییی کولتوور تێ دەگات، لایەنگری سەربەخۆییی سیاسی نییە، ئەوە لە بەرژەوەندیی کوردیش نییە، تیرۆر ڕێی بەرژەوەندی نییە، تیرۆری دژ بە تیرۆریش ڕێی بەرژەوەندی نییە، کێشەکە بەو ڕێبازانە چارەسەر نابێت کە ئەمڕۆ دەوڵەتی تورك دەیانگرێتە بەر، گەورەترین هەڵە بریتییە لە داتاشین و خستنە ڕووی تێگەی مێژوویی ''کورد بوونی نییە، ئەوانە تورکن''، ئەگەر دوای خۆشگوزەرانیی ئابووری مافە کولتوورییەکانیش بدرێت، دەکرێت بارودۆخەکە بگەیەندرێتە خاڵێکی نەرمتر، شتێکی ڕاست نییە ئەگەر گەلی کورد ئەو بزووتنەوانە بە هی خۆی بزانێت، ئەوانەی خوازیاری سەربەخۆییی کوردن، هەڵە دەکەن ڕێگەی چارەسەر بە پەسەندکردنی هەبوونی کورد و پەسەندکردنی ڕاستیی مێژوویی و زانستیدا تێ دەپەڕێت."

تاوانبارکراو لەو نووسینەدا تورکەکانی نیشتەجێی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی وەك کورد پێشان داوە و بە پێویستی زانیوە سەربەخۆییی کولتوورییان پێ بدرێت و لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا کە تاوانبارکراو بەم دەربڕینانە جواداخوازی کردووە، بە لەبەر چاوگرتنی سەرلەبەری نووسینەکە ئاشکرا دەبێت لە ڕوانگەی تاوانکردنەوە هەڵسوکەوتی نەکردووە.

بەتایبەتیش تاوانبارکراو ڕوونی کردووەتەوە "تیرۆر ڕێی چارەسەر نییە، ڕووداوە تیرۆریستییەکانی ڕۆژهەڵاتی سەرکۆنە کردووە، لایەنگری سەربەخۆییی سیاسی نییە، بەپێویستی دەزانێت خۆشگوزەرانیی ئابووری بگەیەندرێتە ئەو هەرێمەش، داخوازیکەرانی سەربەخۆییی کورد هەڵە دەکەن" و بەم جۆرە پێشانی داوە بەمەبەستی لاوازکردنی هەستە نەتەوەییەکان هەڵسوکەوتی نەکردووە.

(...)

ئەنجام:

-1 هەرچەندە بەتۆمەتی سەرپێچیکردن لە مادەی 142/3ی یاسای سزای تورك دۆز لە دژی تاوانبارکراو محەمەد نوسرەت نەسین کراوەتەوە و؛ ئەگەرچی بەپێی ڕاپۆرتی کەسی پسپۆر، تاوانبارکراو لە ژێر سەردێڕی "پێویستە مافە کولتوورییەکان بدرێن" لە وتارەکەی گۆڤاری "ئیکیبینە دۆغرو"دا، هاووڵاتیانی نیشتەجێی هەرێمی ڕۆژهەڵاتمان وەك گەل و نەتەوەیەکی جیاواز پێشان دەدات و ڕوون

کراوەتەوە کە بەم کارەی جوداخوازیی کردووە؛ دادگە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە تاوانبارکراو لەو سۆنگەیەوە هەڵسوکەوتی نەکردووە.

2- هەرچەندە بەتۆمەتی سەرپێچیکردن لە مادەی 142/3ی یاسای سزای تورک دۆز لە دژی تاوانبارکراو محەمەد عەلی بایار کراوەتەوە و؛ ئەگەرچی بەپێی ڕاپۆرتی کەسی پسپۆر، تاوانبارکراو لە ژێر سەردێڕی "شەڕی ڕزگاریی نەتەوەیی دەکەین" کە لە هەمان گۆڤاردا بڵاو کراوەتەوە، بەشێك لە هاووڵاتیانی کۆماری تورکیا لە دەرەوەی نەتەوەی تورك پێشان دەدات و ڕوون کراوەتەوە بەم کارەی جوداخوازیی کردووە؛ دادگە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئەم تاوانبارکراوە بەمەبەستی جوداخوازی پڕوپاگەندەی نەکردووە و بەڵگەی تەواو بەدەستەوە نییە بۆ سەلماندنی ئەوەی پڕوپاگەندەی جوداخوازی کردبێت.

تاوانبارکراو فاتمە یازجی سەرنووسەری گۆڤاری "ئیکیبینە دۆغرو"ە و بەهۆی ئەو لێدوانانەی کە تاوانبارکراوانی تریان پێ تۆمەتبار کراوە، بەپێی مادەی 16/1 لە یاسای چاپەمەنی دۆز لە دژی ئەمیش کراوەتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی دادگە گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەو تاوانانەی دراوەتە پاڵ تاوانبارکراوانی تر ڕەهەندی مەبەستداری تێدا نەبووە، دادگە بە کۆی دەنگ و بەجۆرێك بۆ پێداچوونەوە شیاو بێت، بڕیاری لەسەر بێتاوانیی تاوانبارکراوان دا. تاوانبارکراوان محەمەد عەلی بایار و فاتمە یازجی ئامادەی دانیشتنی دادگە بوون و بڕیاری وەرگیراو لە بەردەمیان خوێندرایەوە. لە ئامادەنەبوونی تاوانبارکراوی تر، محەمەد نوسرەت نەسیندا، بڕیارەکە بە ئامادەبوونی داواکاری کۆماری چایهان ئولگەن لە فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە بەردەم تورگوت کازان و وەلی دەڤەجیئۆغلۆ و راسیم ئۆزی پارێزەرانی تاوانبارکراوادا خوێندرایەوە و ڕاگەیەندرا.

سەرۆك	ئەندام	ئەندام
گولتەکین توران	شەمسەدین شانال	فیکرەت ئولوچ

★★★

هەواڵنامەی کتێب

بەڵگەنامەکان:

وتارەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد

عەزیز نەسین

نووسەری گەورە و مرۆڤی کەم هاوتا و دۆستی نزیکی گەلی کورد

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد

بەشی یەکەم

(رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە 1120، رۆژی 1989/10/23، ل 5)

پێم وایە دەگمەن کوردێکی خوێندەوار هەڵدەکەوێ بەرهەمێکی عەزیز نەسینی بەرچاو نەکەوتبێ. یا هیچ نەبێ جارەهای جار ناوی نەبیستبێ. هەر کوردێکیش دێرێکی یەکێك لە بەرهەمە ناوازەکانی خوێندبێتەوە لە قوڵایی دڵەوە خۆشی دەوێ و هەرگیز لە یادی ناکات.

بۆ ئەمە برایان عەبدوڵای حەسەن زادە و سەعید یەحیا و هیمدادی حوسەین و هەموو ئەوانەی بەرهەمەکانی عەزیز نەسینیان کردۆتە کوردی شایستەی سوپاسی تایبەتین.

عەزیز نەسین نووسەری هەرەبەناوبانگی تورکیای هاوچەرخە. بەرهەمەکانی لە دەرەوەی تورکیا زۆر ناسراون. – بەم جۆرە دەستەیەك رۆژهەڵاتناس لە لاپەڕە 283 ی کتێبی "تورکیای هاوچەرخ" دا، ئەو نووسەرە گەورەیەیان نرخاندووە. تەمەنی ئەو هەڵسەنگاندنە بیست و پێنج ساڵ، واتە چارەکە سەدەیەکە. ئاخۆ ئەو رۆژهەڵاتناسانە ئێستا عەزیز نەسین چۆن بنرخێنن دوای ئەوەی وەك نووسەر و وەك مرۆڤ لەو ماوە دور و درێژە دا توانی هەزار هەنگاوی تر بەرەو پێش بنێ.؟

عەزیز نەسین کە بە پتر لە دوو سەد ناوی جیاوازەوە بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە دوا ناوناوی محەمەد نوسرەت عەزیزە (لە هەندێك سەرچاوەی ئینسکلۆپیدیا لە بریتی محەممەد مەحمود نووسراوە) ساڵی 1915 بە شاری ئەستەموولی پایتەختی ئەوسای وڵاتی عوسمانی لە دایك بووە. واتە ، خواوەندی گەورە دەست بە باڵیەوە بگرێ و تا دێ تەمەنی درێژ کات، خەریکە خۆی دەدات لە حەفتا و پێنج ساڵان.

رۆژ و مانگی لە دایکبوونی نەزانراوە. ئەوەیش نیشانەی ساکاری بنەماڵەیەتی، کە لە بنەڕەتدا لە خێزانە هەژارەکانی ئەنەدۆڵ بووە. عەزیز نەسین بۆ خۆی شانازی بەو هەژارییەوە دەکات. چونکە خۆی واتەنی لەگەڵ زۆرینەی گەلدا لە ریزێکدا کۆی کردۆتەوە, هەڵبەت باری سەختی ژیانی هەژاری دەبوو بە خەست و خۆڵی لە بەرهەمەکانیدا رەنگ بداتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

عەزیز نەسین دوو ژنی هێناوە و چوار منداڵی هەیە. ئەوانەی دیویانە دەڵێن بە لەبزی شیرین و بیری ورد و مرۆڤانە و رەفتاری بەرز و بەرگی ساکاری یەکسەر خۆی دەئاخنێتە ناو دڵ و دەروونەوە و وێنەیەکی نەمر لە یاد و خەیاڵدا دروست دەکات.

دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی عەزیز نەسین چۆتە فێرگەی سەربازیی ناوەندی و لە تەمەنی بیست ساڵاندا لە فێرگەی سەربازیی باڵا وەرگیراوە و لە ساڵی 1937 بۆیتە ئەفسەر. یا خۆی واتەنی لەو ساڵەدا ناپلیونێکی دیکە لە دایك بوو. دیارە عەزیز نەسین لێرەدا گاڵتە بە خۆی دەکات. هەرچەندە راستە شۆڕەسوارێکی وەك ناپلیۆن، بەڵام لە مەیدانی فکر و ئەدەبدا، هاتە گۆڕێ.

سەربازگەری و شیر و تیرسازی لەگەڵ هەستی ناسکی شاعیرانەی عەزیز نەسیندا نەدەگونجا، بۆیە دوای حەوت ساڵان دەستی لە ئەفسەری هەڵگرت و کتێبخانەیەکی کردەوە و ماوەیەکیش بووە وێنەگر و بەقاڵ. بەرلەوە عەزیز نەسین کەوتبووە شیعر نووسین و خولیای هونەر دابووی لەسەری و ماوەیەکی بە خوێندنەوە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بردە سەر. لەوساوە عەزیز نەسین بە جارێك تێکەڵ بە کۆڕی بایەخداری رۆژنامە و چیرۆکنووسی بوو. دەستی لە شیعر هەڵگرت و تا ئێستا تەنها یەك دیوانی بڵاوکراوەی هەیە. هەر زوو نازیم حیکمەتی شاعیری بەناوبانگ تێی گەیاندووە کە دەستی لە شیعربێژییدا کورتە. بۆ خۆیشی بەم جۆرە باسی شاعیرێتی خۆی دەکات:

"ئەو کاتە تەمەنم سیازدە ساڵان بوو. وەك هەر لاوێکی تورکی شیعرم دادەنا. لە وڵاتی ئێمە لە نێو هەردوو کەسدا سێیان شاعیرن."

لە رێگەی رۆژنامەنوسی یەوە عەزیز نەسین باشتر لە دەرد و ئازاری جەماوەر و برینە پڕ ئێش و نەخۆشی یە کوشندەکانی کۆمەڵ تێگەیشت.

لە ساڵی 1946ەوە دایە پاڵ نووسەری پێشکەووتوخوازی بە ناوبانگی تورکیا صەباحەددین عەلی (1907-1948) کە بەر لەوە بە ساڵێك کەوتبووە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری گەپنووسی (ساتیری) مارکۆ پاشا. گۆڤارە چیرۆك و وتارە رەخنەیی یە زووەکانی عەزیز نەسینی بڵاوکردەوە. ساڵی 1948 بە کوشتنی ناڕەوای صەباحەدین عەلی "مارکۆ پاشا" لە دەرچوون کەوت.

دیارە خاوەن خامە و بیری وەك عەزیز نەسین نەیدەتوانی دەسەوەسان دانیشێ. کوشتنی هاوڕێ و هاوبیری شاڵاوی رقی پیرۆزی توند و تیژتر کرد. ساڵی نەبرد کەوتە دەرکردنی گۆڤاری "کەشتی نوح" (نوح واپۆرو) کە وەك "مارکۆ پاشا" ئازایانە بە دەم گاڵتەپێکردنی قووڵی پڕ تەوسەوە دەردەکانی کۆمەڵی شی دەکردەوە و سەبەبکارانی ریسوا دەکرد.

نەسین بەو جۆرە دەیویست وەك نوح بە کەشتی یە تایبەتی یەکەی خۆی کۆمەڵ لە کێشە کوشندەکانی قورتار بکات، هەر وەك چۆن لای خۆشمان مامۆستا مەلا نەجمەدینی نەمر، رەحمەتی خوای لێ بێ، دەیویست بە کەشتی یە بێ هاوتاکەی لاوانی کوردی لە بەڵای ناگاهانی نەخوێندەواری و بەرهەمی دەگمەنی کوردی لە مەترسی فەوتان رزگار بکات.

بڕوا بفەرموون ئەرکی سەر شانی خاون کەشتی نوحەکەی خۆمان سەختتر بوو، چونکە ئەمیان بە ژیانی کولەمەرگی ئەو کارە پیرۆزەی رادەگەیاند و زۆر بە داخەوە ببووە گاڵتەجاڕی گەلێك نەفام.

هەرچۆن بێ زۆر خۆشە بیری وردی عەزیز نەسینێکی لە هەموو جیهاندا ناسراو لەگەڵ بیری وردی خوێندەوارێکی هەڵکەوتووی کوردی لە کەم شوێن ناسراو بەو جۆرە یەك بگرنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

کەشتی یەکەی عەزیز نەسین زۆری کرد، بەڵام کەمی بڕی. دوژمنانی ژیانی ئاسایی بە جوانەمەرگی لە سەرەتای ژیاندا بە زۆری زۆردارەکی سەریان پێ نایەوە. دیسان نووسەری گەورە دەستی هەڵنەگرت.
ئەم جارە رووی کردە رۆژنامە و گۆڤارە هەرە بڵاوەکانی تورکیا کە راست و چەپیان بە شانازی یەوە دەرگەیان بۆ نووسینەکانی خستە سەر گازی پشت بێ ئەوەی زۆر جار بزانن عەزیز نەسین خاوەنیانە. بە دەیان نازناوی جیاوازەوە کەوتە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، لە "یەنی گەزێتە" و "ئاق بابا" و "ئەقشام" و گەلێکی تردا کە هی وایان تێدا بوو بە دەیان هەزار دانەیان لێ چاپ دەکرا. "ئەقشام" (شەو) کە لە ساڵی 1918ەوە لە ئەستەنبوڵ دەردەچێ و بێ لایەنە دەمێك ساڵە پتر لە صەد و پەنجا هەزار دانەی لێ بڵاو دەبێتەوە.
ئەمە بۆ خۆی بووە هۆیەکی تری زیاتر پێناسینی عەزیز نەسین بە خوێندەوارانی تورکیا. لەسەرەتای سەشتەکانەوە بۆ خۆی کەوتە دەرکردنی گۆزاری "زەبوق". (دار جگەرە یان قەندە).
کاربەدەستی بچوکی بێ لانە، رووناکبیری بەدبەختی بێ چارە، هەژاری قوڕ بەسەر، ئەو بێ کارانەی بۆ پارووە نانێك وەك سەگی چەڤاوەسوو بە ناچاری سەر بە هەموو کونێکدا دەکەن. دوورخراوەی سیاسی، بەندی بێ تاوان، لەگەڵ ورکنی ڤژڕوتاوەی چاوبرسی و زوڵی حەرامزادەی مەرایی کەر و هەلپەرستی بێ مەزەب و نەفامی پفدراوی خۆ بەشت زان و بەرتیل خۆری بێ ویژدان قارەمانی سەرەکی ی بەرهەمەکانی عەزیز نەسینن. تایبەت کورتە چیرۆك و رۆمان و شانۆنامەکانی. بێ پەروا باسی شا و گەدا دەکات و هەر کەسێ هەڵگرێ بە خامەی رەنگینی گاڵتەی پێ دەکات و دەیکاتە بووکەسەماکەرە و با لەسەر کاغەزیش بێ تۆڵەی بەر و دوای کۆمەڵی لێ دەسێنێ. هەمووش بە پەرۆشەوە نووسینەکانی دەخوێننەوە و بە ئاسانی لە زمانی پاراو و رەوانی بێ سەر و بۆر و پێچ و پەنای تێ دەگەن و وەك خۆی دەیەوێ تا چاویان پڕ دەبێ لە فرمێسك بە قارەمانانی چیرۆك و شانۆنامەکانی پێ دەکەنن. لە خۆڕایی نی یە نازناوی "مەلای مەزبوورەی سەدەی بیستەمین" ی پێ دراوە.
"هەر بژی هەژاری" "شێتە پەتەڕی یەکان" "کام حیزب سەردەکەوێ" "شەڕە کورسی" "فس فس پاڵەوان" "بزنسمین"، "گێلە پیاو"، "ئافەرین"، "کەری تۆپیو" ئەمانەیش نموونەی ناونیشانی چیرۆکەکانین کە مۆرکی رەخنەی توند و تیژی رژێمی سیاسی و زوڵمی کۆمەڵایەتی یان پێوە ئاشکرایە.
بە هۆی ئەو جۆرە بەرهەمانەیەوە عەزیز نەسین، وەکو جۆزێف ناشف دەڵێت:"بۆتە یەکێك لەو ناودارانەی سەدەی بیستەم کە تێکەڵ بە جیهانی ئەدەب بوون. ئەویش نەك تەنها لەبەر ئەوەی بلیمەتن بەڵکو لەبەر ئەوەیش کە بە لایانەوە ئەدەب و هونەر چەکێکی کاریگەری کۆڕی خەباتن." (بڕوانە: من المسرح العالمی/ الکویت، العدد 197 اول فبرایر 1986 ص 5).
لە ساڵی 1956 ەوە عەزیز نەسین تەواو ناو و شۆرەتی دەرکرد. ئەو ساڵە خەڵاتی یەکەمی پێشبڕکێی گەپنووسی (ساتیری) وەرگرت کە هەموو ساڵێك لە ئیتاڵیا ساز دەکرێت. بۆ ساڵی داهاتوو دیسان هەمان خەڵاتی بەرزی وەرگرتەوە. لەوساوە خوێنەرانی زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان کەوتنە سۆراخی بەرهەمی ئەم چیرۆکنووسە بلیمەتە.
تا ئێستا بە کوردیی ئازیزی خۆمانەوە بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر پتر لە بیست زمانی وەك ئینگلیزی و فەرەنسی و روسی و ئەڵەمانی و ئیتاڵی و عەرەبی و ئازەری و فارسی و چینی و بەلگاری و رۆمانی و گەلێکی تر. وەك دەگێڕنەوە ئەو هۆڵەی ساڵی 1964 لە کالیفۆرنیای وڵاتە یەکگرتووەکان یەکێك لە شانۆنامەکانی پێشکەش کرد، لەبەر لێشاوی بینەران جمەی دەهات.

ئەمانە هێندەی تر پیتیان دایە بەرهەمە نازدارەکانی عەزیز نەسین. لە ماوەی تەنها هەشت ساڵدا دوای وەرگرتنی خەڵاتی یەکەم، واتە لە ساڵی 1956ەوە تاوەکو ساڵی 1964 عەزیز نەسین چوار رۆمانی گەورە و سی و پێنج کۆمەڵە چیرۆکی دەرکرد، کە بەسەر یەکەوە دەکاتە سی و نۆ کتێب. واتە، ماڵی خامەی ئاوا، ژمارەی ئەو کتێبانەی لە ساڵێکدا تەنها لەو ماوەیەدا دەری کردوون لە چوار تێپەڕ دەکات. پاش سێ ساڵی تر ژمارەی کتێبەکانی گەیشتنە پەنجاو سێ. ژمارەی ئەو کۆمەڵە چیرۆك و رۆمان و شانۆنامانەی تا ئیمساڵ چاپی کردوون گەیشتۆتە هەشتا و نۆ. بەڵی هەشتا و نۆ، دیسان ماڵی خامەی هەزار جار ئاوا.

نووسەرێکی وا گەورەی چەسپاو لە ناخی دەروونی رۆوناکبیرانی تورکیا و جیهاندا دەبوو جێگەی رەوا و شیاوی خۆی لە دەزگا ئەدەبی یە بەرزەکاندا بدرێتێ.

شەش دانە ساڵە لەسەر یەك سەرۆکی راستەقینەی یەکیەتی نووسەرانی تورکیایە. واتە لە سێ هەڵبژاردنی یەك لە دوای یەکدا بێ هیچ دەست تێوەردانێك بۆ ئەو شوێنە هەڵبژێردراوە. هەمان کات ئەندامی دەستەی کارگێڕی یەکیەتی نووسەرانی ئاسیا و ئافەریقا و یاریدەدەری سکرتێری گشتی ئەو یەکیەتییە یە.

بێگومان گەورە پیاوێکی وەك عەزیز نەسین لە هەموو دڵ و چاو و دەروونێکی خاوێندا جێگەی دەبێتەوە تەنها لای زۆرداران نەبێ کە ئەفسوس وا دیارە لە دڵ و چاو و دەروون بێ بەرین بۆیەکا لە خۆیان بەو لاوە کەسیان خۆش ناوێ. لەبەر ئەوە وەك د. ئیبراهیم داقوقی دەڵێ:"تورکیا رژێمێکی بەخۆیەوە نەدی عەزیز نەسین نەگرێ، یا راوەدووی نەنێ و دووری نەخاتەوە." (بڕوانە: من المسرح العالمی/ الکویت، العدد 196 اول ینایر 1986 ص 23).

ساڵی 1946 عەزیز نەسین لە وتارێکی کورتدا داوای کرد بە هۆی قەرزەوە "نیشتمانی ئازیز" نەکرێتە خۆراکی "ملیاردێرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا"، لەسەر "ئەو کفرە گەورەیە" بۆ ماوەیەك ئاخنرایە زیندانەوە. عەدنان مەندەرێسی سەرەك وەزیران هەرچەندە گەلێك شەیدای نووسینەکانی عەزیز نەسین بوو کەچی ئەیلولی ساڵی 1952 فەرمانی گرتنی دەرکرد.

کە بیست و حەوتی مایسی (مانگی پێنج/ ...) ساڵی 1960 بە هاندانی دەستەیەك ئەفسەری خوێن گەرم جەنەراڵ جەمال گۆرسێل رژێمی جەلال بایار - عەدنان مەندەرەسی سەر بە رۆژئاوای روخاند، عەزیز نەسین بە گەورەیی پێشوازیی رژێمی نوێی کرد و لە خۆشی یانا خەڵاتە زێڕنەکانی خۆی پێشکەش رابەرانی کرد. هەرچەندە کۆدێتای ساڵی 1960 هەنگاوێکی سیاسی بوو بۆ پێشەوە، بەڵام بەر لەوەی بگاتە نیوەی رێ لە بەڵێن و پەیمانە زۆرەکانی پاشگەز بۆوە. بۆیەکا هیچ سەیر نەبوو عزیز نەسینی رۆڵەی بە وەفای گەل و خاکی نیشتمان لەسەر چەوساوان ببێتە یەکێك لە نەویستانی حکومەتی "یەکیەتی نیشتمانی" گۆرسێل. عزیز نەسین دیسان لە بەندیخانە توند کرایەوە.

بۆ خۆی بە تەوسەوە باسی ئەو گرتنانەی دەکات و دەڵێ:"پێش ئەوەی بچمە بەندیخانە پیاوێکی لەڕ و لاواز بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی لە بەندیخانەدا کارم تەنها خواردن و خەوتن بوو زوو قەڵەو بووم." لەبەر ئەوەی خۆشبەختانە رژێمی سیاسی تورکیا بەرەو لیبرالیزمی رۆژئاوایی دەڕوات دەمێکە شوکور راوودوونانی عەزیز نەسین لە مەترسی تواندنەوە و سەرەونگوم کردن قوتار بووە. جاری وا هەیە لە مەیانی دادوەریدا دەنگی ئەو بەسەر دەنگی رژێمدا زاڵ دەبێ. ساڵی 1967 عەزیز نەسین دوای گەڕانەوەی لە کۆنگرەیەکی ئەدەبی جیهانی کۆمەڵێك شیعری نازیم حیکمەتی لەگەڵ خۆیدا هێنابۆوە، بۆ ئەوەی لە تورکیا لە چاپیان بدات. لەسەر ئەوە لە فڕۆکەخانەوە راپێچ کرایەوە، بەڵام "دادگەی رۆژنامەنووسی" کە ئەندامانی ژمارەیەك دادوەر و رۆژنامەنووسی

بەناوبانگن، بڕیاری بەردانی عەزیز نەسین و چاپکردنی شیعرەکانی نازیم حیکمەتی دا. چونکە بە پێی یاسای یۆنسکۆ نابێ هیچ بەرهەمێکی روناکبیری قەدەغە بکرێ. هەزاران چەپکە گوڵی رازاوە بۆ یاسا و بڕیاری وا کە بێ بەرییان لە هەر کەس زیاتر لە تام و لەزەتی بێ ئەندازەی تێدەگەن.

وا دیارە ئەوانە سەرڕاست و خاوەن هەست و بیری رەسەنی راستەقینەن لە هەر چوار لاوە تیر و توانجی ناڕەوایان تێدەگیرێ. لەم بارەیەوە قسەکانی دکتۆر ئیبراهیم داقوقی دەربارەی عەزیز نەسین دێنینەوە، داقوقی دەڵێ: (ئەوەی دەربارەی دەگوترێ وا لە پیاو دەکات لە قاقای پێکەنیندا بەسەر گازی پشتدا بکەوێ. کە ساڵی 1950 "ئەم وڵاتە وڵاتی ئێمەیە"ی نازیم حیکمەتی لە گۆڤاری "یاشدان"دا بڵاوکردەوە، پارتی کۆمۆنیستی تورکیا تۆمەتی سیخوڕی دایە پاڵ. کەچی هەمان کات پۆلیسی تورکیا بە پیاوی رووس و ئەندامەتی پارتی کۆمۆنیستی تورکی ی نهێنی لە قەڵەم دا و لەسەر ئەوە چەند ساڵێك دووچاری بەندی و دەربەدەری کرد. راستڕەو و پیاوە ئاینییەکان دەڵێن زەندیق و ماسۆنییە، لە رێگە نووسین و چیرۆکە کورتەکانییەوە بیر و باوەڕی مارکسی بڵاو دەکاتەوە. "هەمان سەرچاوە ل 24-25").

لە سایەی راستییەوە بەشی یەکەمی ئەو بۆچوونە چەپەڵە لەگەڵ دروشمی ستالینیی چەپڕەوی "ئەوی لەگەڵم نییە دوژمنمە" گۆڕ بە گۆڕ بوو، بۆیەکا دەمێ ساڵە نووسەر هەرە پێشکەوتووخوازەکانی تورکیا عەزیز نەسین بە "سامانی نەتەوەیی" هەموو وڵات دادەنێن و هەموو کات ئەو نووسەرە کۆنخوازانەی بە خوێنی سەری چەپڕەوگەری تینوون، ئێستە دەڵێن سێ دەستەن ئەوانەی عەزیز نەسینیان بە دڵ خۆش دەوێ: "کەس و کاری، سەرانسەری گەلی تورك و کاربەدەستانی ئەمن و موخابەرات" بڕوا ناکەم مەسیحیش بەو رادەیە خۆشەویست بووبێ. ئەو خۆشەویستییە دەگمەنە پڕ بە پێستی نووسەری هەڵکەوتووە. نەك تەنها ئەدیب و رۆژنامەنووسانی خۆ و بێگانە تامەزرۆی بینینی عەزیز نەسینن، بەڵکو بینینێکی وا بۆتە ئاواتی سەرجەمی خوێنەرانی تورکیا. لاوی خوێن گەرمی ئەوتۆ هەیە بە سەدان کیلۆمەتر رێگە دەبڕێ هەر بۆ ئەوەی بە دیداری شاد بێ و وێنەیەکی لەگەڵ بگرێ یان بەرهەمەکانی خۆی بۆ دەبات بە خەتی خۆی پێشکەشیانی بکات. یان بۆ راوێژ و رێ نیشاندان. نووسین لەسەر کەڵە پیاوێکی وەك عەزیز نەسین ئاو زۆر دەکێشێ چونکە هەموو رەفتار و لایەنەکانی ژیانی شایانی باس و پیا هەڵدانن. "بێکەسخانەی عەزیز نەسین" کە بەشی داهاتووی ئەم وتارەی بۆ تەرخان دەکەین، یەکێکە لەو شتە هەرە بەرزە دەگمەنە سەیرانەی ئەم دونیایە.

عەزیز نەسین

نووسەری گەورە و مرۆڤی کەم هاوتا و دۆستی نزیکی گەلی کورد

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد

بەشی دووەم

(رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە 1122، رۆژی 1989/10/30، ل 10)

پیاوێکی بێ ئەندازە گەورەی وەك عەزیز نەسین دەبێ خاوەن هەست و بیر و دڵێکی سەیر و بێ وێنە بێ و خەیاڵی بەرزی تەنها بەلای کار و کرداری مرۆڤانەی بێ هاوتادا بشکێتەوە. بەرهەمەکانی عەزیز نەسین لە هەموو لاوە دەقۆزرێنەوە و وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی تر و لەسەر شانۆ نیشان دەدەرێن. بۆیەکا دەمێك ساڵە بۆتە خاوەن داهاتێکی گەورە. هەڵبەت دانایەکی وەك ئەو باش لە نرخی راستەقینەی پارە و پووڵ گەیشتووە، بۆیەکا سۆراخی پارە پێکەوە نان نییە. ئاغا و سەروەری پارەیە نەك عەبدی. بۆچوون و تێگەیشتنی وا دروست و دووربین بووە هەوێنی پرۆژەیەکی مرۆڤانەی بێ هاوتا لە بیر و مێشکی نووسەری گەورەدا. عەزیز نەسین بڕیاریدا ئەو سامانەی هەیەتی بۆ کارێکی وای تەرخان بکات بە بیری کەسدا نەهاتبێ. لە ساڵی 1972ەوە کەوتە خۆ بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیەی کە پێم وایە لای هەموو فامدارێك گەلێك لە کەنشتە و کڵێسە پیرۆزتر وئەجر و نرخی لای خواوەندی گەورە زۆرترە. لە ناوچەی رازاوەی چەتاڵجە، کە یەك دوو سەعات لەو لای ئەستەنبوڵەوەیە، لەسەر دەریا عەزیز نەسین پێنج دۆنم زەوی کڕی و لە ناوەندیا کۆشکێکی گەورەی بە سارداوەوە چوار نهۆمی دروست کرد. ئەوەی تری کردە کێڵگە و بێستان و لەوەڕگەی گا و مانگا و شوێنی بەخێوکردنی پەلەوەر و بەرهەمهێنانی هێلکە. سارداوی کۆشکەکەی کردە شانۆیەکی خنجیلانە و هۆڵێکی سینەما. نهۆمی یەکەمی بەسەر دوو کتێبخانەدا دابەش کرد. یەکەمیان کتێبخانەی تایبەتی خۆی و دووەمیان کتێبخانەیەك بۆ منداڵان، نهۆمی دووەمی کردە شوێنی خزمەت و چێشتخانە و ژووری نان خواردن. لە نهۆمی سێیەمیشدا چەند ژوورێکی نووستنی دروست کرد. تەواوکردنی ئەو کارانە دەوروبەری شەش ساڵی خایاند. ئینجا عەزیز نەسین لە ساڵی 1978ەوە کەوتە سۆراخی ئەو هەتیوانەی نە دایك، نە باوك، نەکەسێکیان هەیە داڵدەیان بدات. هەر ساڵەی چوار کەساسی بێ چارەی وای وەرگرت تا ژمارەیان گەیشتە بیست و پێنج کەس. بەسەرپەرشتی خۆی ئەو منداڵانە بە ئەوپەڕی ئاسوودەیی، تێر و تەسەل، پۆشتە و پەرداخ پەروەردە دەکرێن تا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆ تەواو دەکەن. کامیان زیرەك و بلیمەت دەرچێ عەزیز نەسین خوێندنی باڵای لە تورکیا یان لە ئەوروپا پێ تەواو دەکات. ئێستە دوو ئەندامی "بێکەس خانەی عەزیز نەسین" لە زانکۆ دەخوێنن. ئەوانی تریان لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندین. هەر کامێك لەو بیست و پێنجە پێگەیشت ئیتر ژیانی سەربەخۆی خۆی دەست پێدەکات و بێکەسێکی تر جێگەی دەگرێتەوە کە مەرج نییە هەر تورك، یان تەنها تورکیایی بێ. یەکێك لە ئەندامانی "بێکەسخانەی عەزیز نەسین" منداڵێکی بێ لانەی ئەڵەمانی یە.

خەرجی مانگانەی "بێکەسخانەی عەزیز نەسین" پێنج ملیۆن لیرەی تورکی یە، کە بە پێی گۆڕینەوەی ئێستە دەکاتە بیست و پێنج هەزار دۆلار. بەهەموو سەنگ و پێودانێك ئەو پارەیە یەکجار زۆرە، تایبەت بۆ بارودۆخی

ئەمرۆکەی تورکیا. بێگومان "بێکەسخانەی عەزیز نەسین" بەرزترین و بەختەوەرترین خێزانی ئەم جیهانەیە. ئەندامانی بە هۆی نووسەری گەورەوە لە هەر کەس کەسدارترن. عەزیز نەسین بۆ خۆی سەرپەرشتی هەموو کارێکیان دەکات، خوێندنیان، خواردنیان، تەندروستیان، ڕەفتاری ڕۆژانەیان، وەرزشیان، کاری هەرەوەزی یان، هەموو ژیانی لەگەڵیان دەباتە سەر. هەر لەوێش بەرهەمە شاکارەکانی دەنووسێ و پێشوازی میوانەکانی دەکات کە جگە لە وەزیر و گزیر هی وایان تێدایە مامۆستا یان ڕۆژنامەنووسی بە ناوبانگی تورکیا و دەرەوەی تورکیایە. ئەوانەی "بێکەسخانەی عەزیز نەسین" یان دیوە بە تایبەتی باسی پاکژی و خاوێنی دەکەن. کەس بۆی نییە بە پێڵاوەوە پێ بنێتە ناو هۆڵ و ژوورە ڕێك و پێکەکانییەوە. کەسدارە بەختەوەرەکانی شانازی بە عەزیز نەسینی باوکیانەوە دەکەن و بە دەستوری بنەماڵەی موتاپچی لای خۆمان هەر بە "بابەگیان" بانگی دەکەن و ناوی دێنن. دیارە ئەویش روحی بەسەریانەوە دەردەچێت. لە دایك و باوکی راستەقینە بە پەرۆشترە بۆیان. تا ئێستەیش بە قورگی پڕ لە گریانەوە باسی ئەو دوو زاڕۆڵەیەی دەکات کە ماوەیەك لەمەوبەر بەداخەوە لە کاتی مەلەدا خنکاون. وێڕای زیرەکی و تێگەیشتنی راستی ژیان و نرحاندنی دروستی سامان، بێگومان یادی باری سەختی ژیانی هەژاریی خۆی و براکانی لە هەڕەتی منداڵیدا لە ناخی دەروونی چەسپیوە و بە "لا شعور" کردوویەتە بێکەس پەرست. بۆ خۆی کاتێك پوختەی سەرگوزشتەی ژیانی دەگێڕێتەوە، دەڵێ:

"ئەگەر بۆتان باس بکەم چۆن چوار برام لە بەرانبەر برسیەتی و تینویەتیدا بە چۆکدا هاتن و یەك لە دوا یەك خواحافیزیان لەم جیهانە کرد، تێدەگەن کە من لە ژیاندا چەند گیان سەختم". ئەو گیان سەختی یە وای لە عەزیز نەسین کرد چ بە نووسین چ بە کردار هەموو توانا و دەسەڵاتی خۆی بۆ بەختەوەری و گیان نا سەختی خەڵکی تەرخان بکات. بۆ خۆی بەم جۆرە پەیوەندی ئەو گیان سەختی و ئەو ئارەزووی بەختیارکردنی کەسانی ترە پێکەوە دەبەستێ و دەفەرموێ:

"بۆ هەر کوێ دەچم ئەو دۆزەخەی لە دەروونمدا قوڵپ دەدات لەتەك خۆمدا دەیبەم. هەرچەندە هەموو شتێکم هەیە و لە هیچم کەم نییە، بەڵام لە ئاسودەیی و دڵنیایی بێ بەریم. بە هەموو توانامەوە لە ڕێگەی نووسین و کردارمەوە هەوڵم داوە هەمووان بەختەوەر بکەم." لەگەڵ ئەوەشدا نە دەشێ، نە دەبێ عەزیز نەسینی مرۆڤی کەم هاوتا لە ژیان بێ هودە بێ و بڵێ: "بڕوام پێ بکەن گەلێك جار حەز دەکەم بمرم. دەزانن بۆچی؟ چونکە دەمەوێ بحەوێمەوە." دیارە دوعای خێری بێکەسان بۆتە پەرژینی دەوری ئەو پیاوە گەورەیە بۆیەکا یەزدان دەستی بە باڵیی یەوە گرتووە و شوکور تەمەنی درێژ کردووە. ئەوی خاوەنی بێکەسخانەیەکی وەکو بێکەسخانەکەی ئەو بێ پێویستە لە هەر کەس زیاتر حەزی لە ژیان بێ، ژیانێکی واش کە بۆ خەڵکە نەك بۆ خۆی. "بێکەسخانەی عەزیز نەسین" کرداری دوو نووسەری گەورەی جیهان دێنێتەوە یاد. یەکەمیان "یۆتۆپیا" بە ناوبانگەکەی تۆماس مۆری ئینگلیزی (1478-1535) کە بریتی بوو لە کۆمەڵگایەکی یەکسانی بەختەوەر. بەڵام لە جیهانی خەیاڵ و دووتوێی کتێبدا. پێم وایە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین عەزیز نەسین دوای نزیکەی پێنج سەد ساڵ بەکردەوە یەکێك لە ئاواتە بەرزەکانی تۆماس مۆری نەمری هێنایە دی. دووەمیان نووسەری گەورەی رووس و جیهان لیف تۆلستۆی (1828-1910) کە لە بنەماڵەیەکی زەویداری دەوڵەمەند و ناسراو بوو. تۆلستۆی ویستی ئەو زەوی و زارەی لە باپیرانییەوە بۆی ماوەتەوە، هەموو بەسەر جوتیارە نیمچە کۆیلەکانی یاسنەیا پەلیانادا دابەش بکات. کە خێزانی ڕێگەی ئەو کارەی نەدا بڕیاری دا هەموو بەرهەمەکانی بکاتە موڵکی موفتی خوێنەران بەوەی پولێك لە بلاوکردنەوەیان وەرنەگرێ. تۆلستۆی ئەو بڕیارەی لە ڕۆژنامەکانی ئەوسای

رووسیادا بڵاوکردەوە. تۆماس مۆری ئینگلیز و لیَف تۆلستۆی رووسی و عەزیز نەسینی تورك وەك یەك عەودالی بەشینەوەی تاجەگوڵینەی بەختەوەرین بەسەر هەموو کەساسانی جیهاندا.

"بێکەسخانەی عەزیز نەسین" بۆی هەیە کۆتەڵی خۆشەویستی و قەدر و رێزی زۆر لە دڵی هەموو دڵسۆزێکی ئەم جیهانەدا بۆ نووسەری گەورە هەڵبەستێ. پێشم وایە کەس وەك بێکەسی کورد لە قەدری بەرزی بێکەسخانەکەی عەزیز نەسین تێ ناگات. کە وەك لە کۆتایی بەشی یەکەمدا گوتمان، یەکێکە لەو شتە هەرە بەرزە سەیرانەی ئەم دونیایە. بێکەس بمایە رازاوەترین هۆنراوەی ژیانی بۆ دەگوت. بریا لە جیهاندا هەزاران عەزیز نەسینمان دەبوو تا برینی دەرد و ئازاری بێکەسان سارێژ دەبوو.

زۆر سەیر دەبوو مرۆڤێکی کەم هاوتای وەك ئەم عەزیز نەسینە ئاوڕ لە کورد نەداتەوە. ئەو باسەی خوا یار بێ دوا بەشی ئەم زنجیرە وتارەی بۆ تەرخان و چاوی خوێنەری ئازیزی کوردی پێ روون و دڵی پێ خۆش دەکەین.

کۆشکی "بێکەسخانەی عەزیز نەسین" کە خۆی ناوی "وەقفی عەزیز نەسین"ی لێ ناوە، سێ بەختەوەری کەسداری "بێکەسخانەی عەزیز نەسین".

.....

هەواڵنامەی کتێب

عەزیز نەسین

نووسەری گەورە و مرۆڤی کەم هاوتا و دۆستی نزیکی گەلی کورد

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد

بەشی سێیەم

(رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە 1123، رۆژی 1989/11/2، ل 6)

راستە لە سەرانسەری هەموو جیهاندا مرۆڤێکی رێك و پێك هەڵناکەوێ لە قوڵایی دڵەوە ڕقی لە جەور و ستەم و زۆردار و زۆرداری نەبێت، بەڵام رەنگبێ شەپۆلی رەوای ئەو ڕقە پیرۆزە لە دەروونی کەسدا بە ڕادەی عەزیز نەسین پەنگی نەخواردبێتەوە.

بە نووسین و ڕەفتارەکانیدا بە ئاشکرا دیارە تا چ ڕادەیەك قێزی لە زاڵم و زۆردار دێتەوە. ئەو ڕق و قێزە لای عەزیز نەسین سنوور بڕە. وەك یەك نەفرەت لە زۆرداری خۆ و بیانی دەکات. لە پای کنوزی هەموو دنیادا بێزی نایە بە شانوباهوی هیچ زۆردارێکدا هەڵدات. لە چلەکاندا (سەدەی بیست/ ئامادەکاران) شەش مانگان لەسەر فاروقی پاشای میسر و فەرمانڕەوایەکی زۆرداری تر خرایە زیندانەوە.

عەزیز نەسین کابرایەکی کورتە بنەی تێکسمڕاوە. دوای دەرچوونی یەکێك لەو شانۆنامانەی کە هەموو گاڵتەپێکردن و تیزەجاڕییە بە زۆردارە لە خۆبایی بووەکان رۆژنامەنووسێکی تورك لە وتارێکیدا دەربارەی شانۆنامەکە نووسیبووی، دەڵێ:"ئەو عەزیز نەسینە بستە باڵایە هەموو زۆردارانی جیهانی گێژ کردووە."

ئەم هەڵوەستە دروستەی نووسەری گەورە لە باوەڕی قوڵی بە مافی رەوای ئازادی مرۆڤ هەڵقوڵاوە. بۆیەکا ئەو بە هەست و بە گیان لەگەڵ هەموو زۆرلێکراوێکی ئەم جیهانەیە بێ ئەوەی گوێ بداتە، یا بیروباوەڕ و پایە و مەقامی. ئەوەی عەزیز نەسینی کردۆتە دروشمی سەربەستی بیر و را لە تورکیا و نمونەی نووسەری مرۆڤپەروەری خەباتگێڕ لە جیهاندا. ." (بڕوانە،4 من المسرح العالمی/ الکویت، العدد 196 اول ینایر 1986 ص 25).

لەم قوژبنەوە عەزیز نەسین سەیری کێشەی گەلان و قوڕبەسەری لێقەوماوان بە دەست زۆردارانەوە دەکات. نووسەرێکی عەرەب دوای دیدەنییەك لەگەڵی نووسیویە، دەڵێ: (لە گفتوگۆوە لەگەڵی بۆم دەرکەوت ئەم نووسەرە باش ئاگاداری ئەدەبی نیشتمانی عەرەب و ئەو کێشە سەرەکیانەیە کە نەتەوەی عەرەب دووچاری هاتوون...) "هەمان سەرچاوە ژمارە 197، 1.2.1986 لاپەڕە 5-6).

هەر بەو جۆرەش نووسەری گەورە و سەروەر ئاگاداری دەرد و ئازاری دێرینی گەلی کوردە. جارێکیان میوانێکی کورد پێی دەڵێ: خوێنەرانی کورد بە رادەیەك خۆشیان دەوێیت، لایان بویتە کورد. لە وەڵامدا فەرموویە:"من کورد نیم، بەڵام لەبەر ئەوەی مرۆپەروەرم گەلانی هەموو جیهانم خۆش دەوێت، تایبەت زۆرلێکراوانیان."

زۆر جێگەی داخ و سەرزەنشتی دەبوو ئەگەر عەزیز نەسینی گەورە ئاگاداری دەرد و ئازاری نزیکترین گەلی وەڵاتەکەی خۆی نەبێ کە بەداخەوە زۆر زۆری بەدەست عوسمانی و کەمالیەکانەوە چێشتووە، هەرچەندە کۆڵەگەیەکی گەورەی رژێمی هەردوو لایان بوو. ئێمە هەمیشە گلەیی ئەوە لە نازیم حیکمەتی بە ناوبانگ و نووسەرە پێشکەوتخوازەکانی تورکیا دەکەین کە دەرد و ئازاری بێ ئەندازەی برا کوردەکانیان جارێك نەیبزواندوون. هەرچەندە ئەو دەرد و ئازارە کێو لە بن دێنێ. نازیم حیکمەتی خوالێخۆشبوو بە کوڵ بۆ رەش

پێستانی ئەمەریکا و زۆرلێکراوانی هەر چوار گۆشەی جیهان دەگریا، لە کاتێکدا ژیانی زۆربەیان گەلێك لە ژیانی کوردی تورکیا باشتر بوو. با ئەوەیش لە یاد نەکەین کە دەرفەتی نازیم حیکمەت بۆ بزواندنی ئەو جۆرە باسانە گەلێك لە دەرفەتی عەزیز نەسین لە بار و زیاتر بوو. چونکە ئەویان بەشی زۆری ژیانی لە دەرەوەی وڵات بردە سەر و لە زۆر لاوە و بە گەلێك زمان دەرگەی بڵاوکردنەوەی بۆ ئاوەڵە کرابوو بێ ئەوەی لە گرتن و راوەدوونان بترسێ. عەزیز نەسین هەڵوەستێکی مێژوویی گەورەی هەیە بەرانبەر بە کورد. هەڵوەستێك کە هەر لەو نووسەرە گەورە مرۆپەروەرە دێ. "گۆڤاری بەرەو ساڵی دوو هەزار" کە بە تورکی لە ئەستەنبوڵ دەردەچێ و بە گۆڤارێکی پێشکەتخواز ناوی دەرکردووە لە دیدەنی یەکی تایبەتیدا داوای بیروڕای عەزیز نەسینی دەربارەی مەسەلەی کوردی تورکیا کردووە، گۆڤاری ناوبراو لە ژمارەی رۆژی نۆی ئابی (ئاوگوستۆس) ساڵی 1987یدا وەڵامی عەزیز نەسین بڵاوکردۆتەوە کە هەمووی لایەنگری بووە بۆ گەلی کورد.

دیارە کاربەدەستان فەرمایشتە ڕەواکانی عەزیز نەسینیان بە دڵ نەبوو، لەبەر ئەوە یەکسەر فەرمانی کۆکردنەوەی هەموو ئەو ژمارانەی گۆڤاری "بەرەو ساڵی دوو هەزار"یان دەرکرد و هەمان کات عەزیز نەسینیان دایە دادگە.

ئەم کارە هەموو تورکیای هەژاند، تایبەت روناکبیران و سیاسی یانی و لە هەمووانیش زیاتر دەستە و دایەرەی پێشکەوتوخوازەکانی و مرۆپەروەرەکانی. هەژدە پارێزەر بە جارێك خۆیان بۆ بەرگری لە عەزیز نەسین ناونووس کرد. ئەنجام دادگە نەك هەر بڕیاری بێ تاوانیی عەزیز نەسینی دەرکرد، بەڵکو وێڕای ئەوە بڕیاریشی دا ژمارە کۆکراوەکانی گۆڤاری "بەرەو ساڵی دوو هەزار" بدرێتەوە دەستەی بەڕێوەبەری بۆی ئەوەی دیسان بیانخاتەوە بازاڕ. ئەمانیش، هەزارجار ئافەرین، ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکەیان بە بەرگێکی نوێوە بڵاوکردەوە، کە ئەم ڕستەیەیان خستە سەر "وێنەی بەرگی ئەو ژمارەیەی بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەت قەدەغەکرا". ئەمە هێندەی تر سەرنجی خوێنەرانی راکێشا.

هەڵوێستی عەزیز نەسین و بڕیاری دادگە سەرکەوتنێکی بۆ ژیانی دیمۆکراسی تورکیا، کە وەك گوتمان، خۆشبەختانە بەرەو لیبرالیزمی ئەوروپایی دەچێت.

هەر ئەوەیش بۆ خۆی بووە هاندەرێکی تر بۆ ئەوەی گۆڤاری "بەرەو ساڵی دوو هەزار" دەست هەڵنەگرێ. دیسان کەوتەوە سۆراخی بیروڕای نووسەران و مامۆستایان و دادوەران و ناسراوانی تری وڵات دەربارەی هەمان مەسەلە.

زۆری نەبرد گۆڤاری "بەرەو ساڵی دوو هەزار" هەنگاوێکی گەورەتری نا. ئەمجارەیان بەڵگەنامەیەکی مێژوویی یەکجار بایەخدار و گرنگی مستەفا کەمال ئەتاتورکی دەربارەی کوردی بڵاوکردەوە.

کەمالییەکان لە کۆڕی خەباتی سەختی نەتەوەیی-رزگاریخوای گەلدا تا ئەیلولی ساڵی 1922 توانییان بە تەواوی بەسەر لەشکری یۆنانی داگیرکەردا زاڵ ببن و هەموو خاکی ئەنەدۆڵیان لێ پاك بکەنەوە. شەوی شازدە لەسەر حەڤدەی کانوونی دووەمی ساڵی 1339ی رۆمی کە دەکاتە 1923ی زاینی مستەفا کەمال پاشا بەو بۆنەیەوە لەگەڵ رۆژنامەنووسانی ئیستەنبوڵ لە شاری ئیزمیتی ئازاد کراو لە جنگی یۆنانییەکان کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە تا سەعات سێی بەرەبەیانی رۆژی حەڤدەی کانونی دووەمی خایاند، مستەفا کەمال داوای لە هاتووان کرد، هەر پرسیارێکیان هەیە بێ پەروا و سڵ بیکەن. ئەحمەد ئەمین یەڵمانی نووسەر و سیاسی و مێژووزان و رۆژنامەنووسی بەناوبانگ دەربارەی مەسەلەی کوردی پرسیاری لێدەکات. لە وەڵامدا مستەفا کەمال باسی نزیکی و هاوچارەنووسی تورك و کورد دەکات و دەڵێت، نیاز وایە بە پێی یاسای کارگێڕی بنەڕەتی خودرموختاری بدرێت بە ناوچە کوردەوارییەکان.

سەرجەمی پرسیاری رۆژنامەنووسان و وەڵامی مستەفا کەمال لەو کۆبوونەوەیەدا کراوەتە راپۆرتێکی شازدە لاپەڕیی کە بە دەستخەت نووسراوەتەوە. دەقی ئەو راپۆرتە لە ئەرشیفی گۆڕی ئەتاتورک لە ئەنقەرە هەڵگیراوە. جگە لە چەند وێنەیەکی کە لە کتێبخانەی "کۆڕی مێژوویی تورکی" و ئەرشیفی سەرکردایەتی لەشکر هەڵگیراون.

ئەو شۆڤێنیانەی دژی مافی رەوای کوردن بوون بە هۆی سەرەونگوم کردنی ئەم بەڵگەنامە گرنگە تا گۆڤاری "بەرەوساڵی دوو هەزار" لە ژمارەی رۆژی شەشی تشرینی دووەمی ساڵی 1988یدا پەردەی لەسەر هەڵماڵی و بە گەورەیی دەقی بە رێنووسی کۆن و بەرانبەر بە لاتینی نوێ بڵاوکردەوە. جگە لەوەی بە نیازی سەرنجڕاکێشانی زیاتر بەرگی ئەو ژمارەیەی بۆ ئەو باسە تەرخان کرد و بە وێنەیەکی گەورەی مستەفا کەمال و سەردارێکی کوردی لایەنگری رازندییەوە کە پشتێنەی وێنەکەیش بریتییە لە زەنگۆگرافی چەند بەشێکی دەقی بەڵگەنامەکە خۆی لەسەرەوەی بەرگی دەرەوەی بە گەورەیی نووسراوە (بەڵگەنامەی شاردراوە). لە دامێنیشیدا بە پیتی گەورەتر نووسراوە (ئۆتۆنۆمی بۆ کورد).

ئەم کارەی گۆڤاری "بەرەو ساڵی دوو هەزار" بووە هۆی تەقینەوەیەکی گەورە لە ناو ڕیزەکانی ڕای گشتی سەرانسەری تورکیادا. دوور نییە هەر ئەوەیش بۆ خۆی عەزیز نەسینی زیاتر هاندابێ بۆ نانی هەنگاوی بایەخداری داهاتووی لە هەڵوێستی مرۆڤانەیدا بەرانبەر بە کورد.

نووسەری گەورە و سەروەر ئەمجارەیان کتێبێکی سەربەخۆی بۆ کورد و بەشێك لە هاوڕەگەزانی خۆی تەرخان کرد، کە هەزار جار ئەفسوس، چارەنووسیان لە چەند روویەکەوە لە چارەنووسی کوردی تورکیا دەکات. بە قەوارە ئەو کتێبە دوو سەد و شازدە لاپەڕەیە، بەڵام بە ناونیشان و بە ناوەڕۆك و مانا هەزاران جار گەورەترە.

سەرەتای ساڵی 1989 عەزیز نەسین کتێبی بێ ئەندازە بەهاداری (تورکی بەلغاریا و کوردی تورکیا)ی بڵاوکردەوە. بەرهەمی نوێی عەزیز نەسین بریتییە لە پوختەی بیروڕای بەرانبەر کوردی تورکیا و بەسەرهاتی موحاکەمەی لەسەر ئەو وەڵامی پرسیارەی کاتی خۆی گۆڤاری "بەرەو ساڵی دوو هەزار" بڵاوی کردبۆوە. جگە لە وتارە بڵاوکراوەکانی دەربارەی تورکی بەلغارستان. وەك یەك ئاوڕدانەوە لە دوو لایەنی زۆرلێکراو. یەکێکیان هاوخوێن و رەگەز و ئەویتریان هاونیشتمان. بەڵگەی گەورەی و سەروەری و بەرزی و دووربینی و وردبینی و عەقڵ و فامی ئەو مرۆڤە بەڕاستی دەگمەنەیە کەوا لە پیاو دەکات تاریکبین نەبێ و دڵنیا دڵی بە دوارۆژی دونیا خۆش بێ کە بە پێی بۆچوونی دانتێ دەبێ جڵەوی کار بە دەست پیاوی بەراستی زیرەك و لە خۆبوردووی وەك عەزیز نەسینەوە بێ.

جا براینە با چەند دێڕێکیش لەسەر تورکە هاودەردەکانی بەلغارستانیش بنووسین.

وەك ئاشکرایە هۆزە کۆچەرە تورکەکان لە سەدەی یازدەوە لە ئاسیای ناوەند و ئێرانەوە روویان کردە ئەنەدۆڵ، ئا ئاسیای بچوك، دوای ئەوەی لەم ناوچەیەدا جێگیر بوون و دەسەڵات و دامودەزگای خۆیان دامەزراند، لە ناوەندەی سەدەی چوارەمینەوە بەرەو نیمچە دوورگەی بەڵکان، کە بەلغارستان بەشێکێتی، کشان. دووبەرەکی دەربەگی بووە هۆی کەوتنی رژێم و دەسەڵاتی گەلانی بەڵکان، کە بەو هۆیەوە وڵاتیان کەوتنە ژێر رکێفی بە دەسەڵاتی عوسمانییەوە.

بەدەم ئەم رووداوانەوە بەشێك لە تورکە عوسمانییەکان روویان کردە ناوچەکانی نیمچە دوورگەی بەڵکانی نزیك تورکیا و لەوێ نیشتەجێ بوون و لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی عوسمانی لەو بەشەی ئەورووپادا دەورووبەری پێنج سەدەی خایاند تەواو خۆیان گرت و بوونە خاوەن زەوی ز زار و تەخت و بەختی خۆیان.

دوای رزگاربوونی گەلانی بەلکان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، ئەو تورکانە مانەوە، چونکە لە هەموو روویەکەوە بوونە بەشێك لەو گەلانە. ئێستەیش ژمارەی ئەو تورکانە لە یۆنان لە سەد هەزار تێدەپەڕێ. لە یۆگۆسلاڤیایش دەگاتە دووسەد و پەنجا هەزار کەسێك.

ژمارەی تورکی بەلغارستان لە ملیۆنێك تێدەپەڕێ. بەشی هەرە زۆریان نیشتەجێی ناوچەکانی باکوری-رۆژهەڵات و باشوری وڵاتن. هەموویان بە ئاین موسوڵمانن. شایانی باسە زۆربەی قەرەجی بەلغارستان و بەشێکیش لە بەلغارەکان کە بە رەگەز لە سلاڤەکانی باشورن، بوونەتە موسوڵمان. بەلغارە موسوڵمانەکان دانیشتووی ناوچەی رۆدەپاخی سەر دەریای ئیجە و ناوەندی مەکەدۆنیا و باکوری رۆژهەڵاتی بەلغارستانن.

دوای ئەوەی بەر لە سەدەی رابردوو بەلغارستان لە دەوڵەتی عوسمانی جیابۆوە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو تورکانە لەوێ مانەوە، زۆر بە داخەوە ماوەیەکە کاربەدەستانی ئەو وەڵاتە ئەوروپاییە دەیانەوەی بە زۆری زۆردارەکی مافە رەوا مێژووییەکانی ئەو تورکانە زەوت بکەن. کار گەیشتووە بەوەی بە زۆر دەستیان لە ناوی نەتەوەیی خۆیان پێ هەڵبگرن.

هەڵبەت رەفتارێکی وا ناڕەوا رقی هەموو مرۆڤێکی خاوەن هەست هەڵدەستێنێ. چ جای نووسەرێك مرۆپەروەری وەك عەزیز نەسین. دیارە ئەنقەرەیش بە گەرمی لەسەر تورکی بەلغارستا هاتۆتە دەنگ. سەیر ئەوەیە لە گێژاوی ئەم بێنە و بەرەیەدا، بەلغارەکانی کوردی تورکیایان بیرکەوتۆتەوە بە کوڵ (بۆ) چاوی رەشیان دەگرین. دەڵێن ئێزگە و چاپەمەنی سۆفیا لەم بوارەدا تۆز دەکات و پاش شەست و پێنج ساڵان بە خێرێ تازە کەوتۆتە شین و شەپۆر و قوڕپێوان بۆ ئێسك و پروسکی پیرۆزی شێخ سەعیدی پیران و هاوبیرانی.

هەر خوار بکات زوو دەست هەڵنەگرێ!

کوردی قوڕبەسەری تورکیا ئاتاجی هەڵوەستی وا هەلپەرستانە نییە. ئەو عەوداڵی دوو کرداری پیاوانە و رەسەنی وەك کرداره بەرزەکانی عەزیز نەسینی گەورە و سەروەرە، کە لە یەك کاتدا و وەك یەك لە (تورکی بەلغارستان و کوردی تورکیا) گاڵە بە کورتبینی فەرمانڕەوایانی هەردوو وڵات دەکات. ئەوانەی لە دوو رێگەی جیاوازەوە لە یەك گەرووی تەنگەبەری پڕ شەرمەزاریدا یەك دەگرنەوە.

لە (تورکی بەلغارستان و کوردی تورکیا)دا، عەزیز نەسین بە گەرمی داوای جێبەجێکردنی مافە رەواکانی کورد دەکات. لەو کتێبەیدا دەڵێت:"ئێمەی تورك گەر بە ڕاستی ڕێزی خۆمان و نەتەوەمان دەگرین، پێویستە رێزی نەتەوەی کوردیش بگرین." بەرهەمی نوێی نووسەری گەورە هەرایەکی سەیری لە ناو روناکبیران و سیاسەتکاراندا ناوەتەوە. هی وایان هەیە پێی هار و هی وایشیان هەیە پێی شاد بووە. عەزیز نەسینی گەورە و سەروەر، خودا دەست بە باڵتەوە بگرێ و تا دێت لە وێنەت زۆر بکات.. ئامین، ئامین!

سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەم وتارە:

1. چەند دیدەنییەك لەگەڵ هاوڕێ و برا و دۆستی کورد د. ئیبراهیم داقوقی.

2. ژمارەیەك سەرچاوەی ئەنیسکلۆپێدیایی.

3. تورکیای هاوچەرخ، بە زمانی روسی، مۆسکۆ 1965

4. عەزیز نەسین، داستانی ژیانی خۆم. "بیرەوەرییەکانی دوورخراوەیەك"، وەرگێڕانی عەبدوڵای حەسەنزادە. بەغدا 1979.

5. عەزیز نەسین، وحش تۆرۆس، ترجمە جۆزیف ناشف، مراجعە و تقدیم الدکتور أبراهیم الداقوقی، فی سلسلە (من المسرح العالمی)، الكويت، العدد 196، اول يناير 1986.
6. عەزیز نەسین، أفعل شيئا يامت، ترجمە جۆزیف ناشف، مراجعە و تقدیم الدکتور أبراهیم الداقوقی، فی سلسلە (من المسرح العالمی)، الكويت، العدد 197، اول فبراير 1986.

هەواڵنامەی کتێب

وتارەکانی محەمەدی مەلا کەریم لە وەڵامی وتارەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەددا

بە داوێنی هەندێ بە بۆچوونەکانی دوکتۆر کەمال مەزهەرەوە لە وتارە سێ ئەڵقەیی یەکەیا لەمەڕ عەزیز نەسین

1

محەمەدی مەلا کەریم

لام وایە ئەگەر لە مەیدانی بیروڕادا دەرد هەبێ لە دەردی نەبوونی ئازادی و دیمۆکراسی قورستر و گرانتر بێ، دەردی ژێر پێ خستن و شاردنەوەی ڕاستی یە لەبەر خاتری دۆستان و دڵ نەیەشانیان، لە کاتێکا کە ئەو دۆستەی ئەو ڕاستی یەی بە خەیاڵی خۆت بۆ سوود و مەسڵەحەتی ئەو ژێر پێ ئەخەی، مەسڵەحەتی ڕاستەقینەی – بەتایبەتی ئەگەر لەو جۆرە کەسانە بێ بەو دوای ڕاستیدا ئەگەڕێن- لەوەدایە کە ڕاستی یەکەی پێ بڵێی، هەر ئەوەندە و تۆ خۆت بە باوەڕی خۆت لات ڕاست بێت.جا ئەگەر لە ڕاستیدا ڕاست نەبوو، ڕێگا لە ڕاستکردنەوەی هەڵەت نەگیراوە و، ئەو خۆی یا ڕۆژگار ئەتوانن بۆت دەرخەن کە تۆ بۆ خۆت بە هەڵە چووبووی نەك ئەو.
دکتۆر کەمال مەزهەر دۆستێکی دێرینی گیانی بە گیانیمە. ناسیاویمان ئەگەڕێتەوە بۆ یەکەم ساڵی پاش شۆڕشی نەمری 14ی تەمووز. کاتێ کە من بەرپرسی بە چاپ گەیاندنی گۆڤاری "هیوا" بووم، وتارێکی بە ناوونیشانی "نەورۆزی ساڵی 1959 لە بەغدا" هێنا بۆ هیوا و بۆم بڵاوکردەوە2. بەڵام چەسپانی ناسیاویمان و وەرگەڕانی بە دۆستایەتیی یەکی وا کە تا ئێستا بە دڵ و شانازیی پێوە ئەکەم پاش گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت و پێکەوە کارکردنی هەردوکمان بوو لە کۆڕی زانیاری کوردەوە دەست پێ ئەکا.
ئەگەر دەربڕینی بیروڕا و بە خەیاڵی ئینسان خۆی وتنی ڕاستی ئەرکێکی پێویستی سەرشانی هەموو مرۆیەکی بەشەرەف و خاوەن هەستی دڵسۆزی بەرانبەر بە گەل و نیشتمان و مێژوو و ڕاستیی مێژوویی بێ، ئەوە، زیاد لەوەیش، بەش بە حاڵی کەسێکی وەك من و بەرانبەر بە هەموو دۆستانم، نەخوازەڵا کەسێکی وەك دکتۆر کەمال، ئەرکێکی دووبارە ئەرکە.
دکتۆر کەمال هەرچی ئەنووسێ من دەسبەجێ پاش بڵاوبوونەوەی ئەیخوێنمەوە و، زۆر جاریش پێش بڵاوکردنەوەی خۆی پیشانم ئەدا. بیروڕا لە ناوخۆمانا ئاڵ و گۆڕ ئەکەین و منیش چیم بە لاوە راست بێ لەو ڕووەوە، پێی رائەگەیەنم. وایش بووە مەسەلەکە گەیشتووەتە ڕادەی خستنە سەر قاقەزی، وەك لە وەرگێڕانی کتێبی (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا)دا کە لە کوردی یەوە کردم بە عەرەبی، لە شوێنێکا هەندێ سەرنجی تایبەتیی خۆمم بەرانبەر بە بۆچوونێکی ئەو دەربڕیوەو، وەك ئەڵێن بەرپەرچی بیروڕایەکیم لە پەرازێزدا داوەتەوە3. هەروا وەك پاش دەرچوونی کتێبی (مێژوو)ەکەی لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)ا لە سەریم نووسی و چەند ڕەخنەیەکم لە یەك دوو بابەتی گرت4. کە وتارە سێ ئەڵقەیی یەکەی ئەم دوایی یەیشی

نووسی و دای بە رۆژنامەی (هاوکاری)، بە تەلەفۆن لێی پرسیم: دیوتە؟. ئەو، چونکە سروشتی کاری من لە هاوکاریدا ئەزانیّ5، لای وابوو پیشانم دراوە. کە بە (نەئ) وەلامم دایەوە، پێیشم وت: وەنەبیّ هەموو جۆرە بابەتێکم بدرێتە دەست، چونکە سکرتێری نووسین بە بیرورای خۆی ئەزانیّ چ بابەتیّ پێویستی بە هەڵسەنگاندن و پیاچوونەوەیە و چ بابەتیّ نا، کە بلاوکرایەوە ئەیخوێنمەوە. بەم جۆرە ئەلقەی یەکەمیم بە بلاوکراوەیی و ئەلقەی دووەمیم بە پرۆڤەیی و، ئەلقەی سێهەمیشیم هەر بە بلاوکراوەیی خوێندەوە.

ئەلقەی یەکەم و دووەمی وتارەکەم بیّ گریّ و گۆلّ بەسەردا تێپەڕی. بەلام لە ئەلقەی سێهەمیدا هەستم کرد هەندێ باری سەرنجی جیاوازم لەگەلّ هیی دوکتۆر کەمال هەیە و، ئەبیّ بە پێی ئەو باوەڕەم کە پێشتر باسم لیّ کردو، بە گوێرەی ئەوەی د. کەمال دۆستێکی گیانی بە گیانیمە و ئەبیّ هەرچی بەرانبەر بەو بە ڕاست بزانم، لەوەی بەرانبەر بە کەسێکی تر بە راستی بزانم زووتر پێی بلێم، ئەم چەند دێرە نووسینە سەریان هەلّدا و، ئەبیّ ئەوەیش بلێم کە کاک کەمال خۆیشیم لیّ ئاگادار کردووە و، ئەویش، وەك زانایەکی ڕاستەقینە و پێڕەوی کەری ڕێگای دەمەتەقیّ بۆ گەڕان بە دوای راستیدا بە سنگێکی فراوانەوە گوێی بۆ شل کردم.

بەر لە هەرچی لەم بەشی سێهەمەی وتارەکەی کاک کەمالدا هەست بە چەردەیەك جلّەو بەردان بۆ سۆز و تەراکەوتن لە ڕێبازی زانستی ئەکەم کە ئەوەیش بە زیادەڕەوی و دوورکەوتنەوە لەوە ئەزانم کە پێی ئەلێن "مەوزووعیەتی زانستی". کاک کەمال کە لە سەرەتای ئەم بەشە چڕ و پڕەی وتارەکەیا (یەکەم پارچەی وتارەکەی لە لاپەڕە 6ی ژمارە 1123ی هاوکاریدا) ئەلیّ: "ڕاستە لە سەرانسەری هەموو جیهاندا مرۆڤێکی ڕێك و پێك هەلّناکەویّ لە قولاییی دلّەوە رقی لە جەور و ستەم و زۆردار و زۆرداری نەبیّ، بەلام رەنگ بیّ شەپۆلی ڕەوای ئەو رقە پیرۆزە لە دەروونی کەسدا بە ڕادەی عەزیز نەسین پەنگی نەخواردبێتەوە..."، بەر ئەمە ئەکەویّ کە ئێستا وتم. راستە کاک کەمال سەرەتای ئەم حوکمەی بە "رەنگ بیّ" دەست پیّ کردووە و، هەروا ڕاستە ئەم جۆرە زیادەڕەوی یانە لە نووسیندا و بە تایبەتی لە نووسینی ئەدەبیدا بووە بە باو، بەلام بە هەر حالّ ئەوەیش – هەر هیچ نەبیّ بە لای منەوە- ڕاستە کە ئەمە زیادەڕەوی یە و، زیادەڕەوی یش کاری زانای هیچ بوارێکی زانست نی یە. من لام وایە ئەبوو کاک کەمال لەم مەیدانەدا شتێکی وەك ئەم رستەیە بلیّ: عەزیز نەسین یەکێکە لەو بنووسانەی شەپۆلی ئەو ڕقە پیرۆزە بە شێوەیەکی زۆر بە گوڕم و توند و تیژ لە نووکی قەلّەمیانەوە سەرئەکا.

کاک کەمال لە وتارەکەیا بڕگەیەك لە بارەی عەزیز نەسینەوە لە سەرچاوەیەك ئەگێڕێتەوە (بڕگەی حەوتەمی ستوونی یەکەم) بە "دروشمی سەربەستی بیرورا لە تورکیا و نمونەی نووسەری مرۆپەروەری خەباتگێڕ لە جیهاندا"ی تیا ناو ئەبا. ئەمە هەرچەند وەسفی یەکێکی ترە بۆ عەزیز نەسین، بەلام مادەم کاک کەمال خستوویەتیە ناو نووسینی خۆیەوە، وا ئەگەیەنیّ بە هەلّسەنگاندنی وا قایلە. من ئەمەیشم هەر بەلاوە زیادەڕەوی یە و زیادەڕەوی یەکی گەورەیشە. بیّ گومان عەزیز نەسینم لا زۆر خۆشەویست و پایەبلّندە و هەر بەرهەمێکیم بە کوردی یا عەرەبی یا فارسی دەستگیر ببیّ ئەیخوێنمەوە. هەر لە ڕێگای بەرهەمەکانیەوە و لە ڕێگای ئەو زانستە کەمەوە کە لە بارەی ژیانیەوە هەمە ئەتوانم ئاوای هەلّسەنگێنم کە "نمونەی بنووسی ڕەخنەگری کۆمەلایەتی و سیاسی یە لە دژی هەلّسوکەوتی ناڕاست و دروستی کاربەدەستانی ولاتەکەی و دەس و پێوەندانیان، کە هەر ئەمەیشە جار و بار ڕایکێشاوە و ڕای ئەکێشیّ بۆ بەشداری کردن لە سیاسەتا بە واتا زەقەکەی و تووشی گیروگرفتی کردووە و ئەکا. هەرچی دروشمی "نمونەی سەربەستی بیرورا لە تورکیا"کەیە ئەتوانریّ لەگەلّ کەمیّ چاوپۆشیدا بە بالای عەزیز نەسین ببڕیّ، بەلام "نمونەی مرۆپەروەری خەباتگێڕ"

گەلێك بە گەورەتر ئەزانم لەوەی بەبەری بکا. ئەمە بە باڵای ئەدیبێکە لە ڕێگای نووسینەوە لە وڵاتێکی دیمۆکراسی بە تەواوی تیا پێشێل کراوی، وەك تورکیای تا ئەم دوایی یەی عەزیز نەسینا، ئازار و سزایەکی زۆر و بێ ئامانی دیبێ، وەك ئەوەی نازم حیکمەت و ئەدیبە پێشکەوتخوازەکانی تری ئەوێ دییان و ئەوەی خەباتگێڕە کوردەکان لەوێ دیویانە و ئەیبینن. بۆیە پێم خۆش نەبوو کاك کەمالی خۆشەویستم هەرچەندە عەزیز نەسینیشی زۆر خۆش بوێ و، بە تایبەتی کە ئێستا ئەرکی داکۆکی لێ کردنی مافی مرۆوایەتی کوردیشی خستۆوەتە ئەستۆی خۆی، ئەم کاڵا بە قەد و باڵا نەشیاوە کە بەرگدروویەکی زیادەڕەو بۆ دووروبوە، ئەویش بێ قۆڵی بۆ تێهەڵکێشێ.

لە مەیدانی قەدرزانینی داکۆکی کردنێکی ئەم دوایی یەی عەزیز نەسیندا لە کوردی وڵاتەکەی، کاك کەمال قسە ئەگەیەنێتە بەراورد کردنێك لە نێوان عەزیز نەسین و نازم حیکمەت و بنووسە پێشکەوتخوازەکانی تورکیادا (بڕگەی حەوتەمی ستوونی یەکەم) و، ئەڵێ: "ئێمە هەمیشە گلەیی ئەوە لە نازم حیکمەت و نووسەرە پێشکەوتخوازەکانی تورکیا دەکەین کە دەرد و ئازاری بێ ئەندازەی برا کوردەکانیان جارێك نەیبزوادوون، هەرچەندە ئەو دەرد و ئازارە کێو لە بن دێنێ. نازم حیکمەتی خوالێخۆشبوو بە کوڵ بۆ ڕەش پێستانی ئەمەریکا و زۆرلێکراوانی هەر چوار گۆشەی جیهان دەگریا لە کاتێکدا ژیانی زۆربەیان گەلێك لە ژیانی کوردی تورکیا باشتر بوو. با ئەوەیش لە یاد نەکەین کە دەرفەتی نازم حیکمەت بۆ بزواندنی ئەو جۆرە باسانە گەلێك لە دەرفەتی عەزیز نەسین لەبارتر و زیاتر بوو، چونکە ئەویان بەشی زۆری ژیانی لە دەرەوەی وڵاتە بردەسەر و لە زۆر لاوە و بە گەلێك زمان دەرکەی بڵاوکردنەوەی بۆ ئاواڵە کرابوو بێ ئەوەی لە گرتن و ڕاوەدوونان بترسێ".

هەواڵنامەی ڕێبێر

بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە بخەمە چوارچێوەی ڕاستەقینەی خۆیەوە ئەبێ بڵێم دوو ڕوو هەیە بتوانین نازم حیکمەتیان لێوە بخەینە بەر لێپرسینەوە و داوەری لەم بارەوە.، یا لەو ڕووەوە کە سەر بە ئایدۆلۆژیایەکە ئیدیعای لایەنگری گەلانی ژێردەستە و ستەم لێکراوی جیهان ئەکا و داوای یەکگرتنی چەوساوانی گێتی دروشمیەتی، کە ئەمەیش واتە خستنە بەر لێپرسینەوە و داوەر کردنی ئایدۆلۆژییەکە، یا لەو ڕووەوە کە هونەرمەندێکی مرۆڤایەتی یە کە ئەمەیان خودی خۆی ئەگرێتەوە. ئەگەر لە ڕووی یەکەمەوە بۆ مەسەلەکە بچین ئەبێ بڵێین بەم پێیە نازم خۆی لە هیچ بەرپرس نییە و هەڵوێست چاك بێ و خراپ بێ ئەو ڕێبازە بەرپرسە لێی کە گرتوویەتییە بەر و ئەو ئایدۆلۆژیایەی بۆ خۆی پەسەند کردبوو لە ژیانا. لێرەدا پاش هێنانەوە بەرچاوی بار و دۆخی ئەو سەردەمەی کە کەم و زۆر سەرانسەری ماوەی ژیانی نازم ئەگرێتەوە، ئەگەینە ئەوەی کە پێویستە چەند ڕاستییەك ڕەچاو بکەین. یەکەم ئەوە کە بزوتنەوەی کورد لە تورکیادا بەرانبەر بە ڕژێمێك بوو لەسەر بنەمای بەرەو رووبوونەوە و بە گژاچوونی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی تورکیا هاتبوە رووی کار و لەسەر ئەمە پشتیوانیی سەرانسەری جیهانی ئازادیخوای بۆ خۆی دەستەبەر کردبوو، ئەمە لە لایەکەوە. لە لایەکی تریشەوە، لە سیاچارەیی کورددا، سەرکردایەتیی بزوتنەوەکەی بە دەستی کەسانێکەوە بوو هەندێکیان ئایدۆلۆژییەکی ئایینی و سۆفیانەی بە کۆنەپەرست دراوە قەڵەمیان هەبوو لە تورکیای نوێی عەلمانیدا و تەنانەت بە لایەنگری خەلافەتی ڕزیو و کۆنەپەرستی عوسمانی دائەنران. بەرانبەر بە ڕژێمێکی کۆماریی تازە بابەت و، هەندێکیشیان دەرەبەگی پاشکەوتوو بوون لە بەرانبەری بۆرژواو وردە بۆرژوازی شۆڕشگێڕ و، بە هۆی بەرەوڕووبوونەوەی تورکیای نوێوە لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەوروپاوە کەم و زۆر جۆرە دەست تێوەردانێکی ئیمپریالیستەکان لەو بزوتنەوەیەی کورددا لە بەرچاو بوو، کە هەموو ئەمەیش کۆسپ بوو لە ڕێی تێگەیشتنی بە دادیی مەسەلەی کورد و لەسەرکردنەوەیا، بەڵکو، بە پێچەوانەوە، ڕێگای بۆ

گوناهبارکردنی تەخت و ئاسان کرد. دووەمیش بزووتنەوەی کرێکاری بە هۆی داسەپانی سەرکردایەتی و بیروباوەڕی ئاسۆ تەسك و دیکتاتۆریانەی ستالینیزمەوە، چ لە یەکێتی سۆڤیەت و چ لە هەر لایەکی جیهانا کە لقێکی تازە پەیدابووی ئەم بزووتنەوەیە بووبێ، تووشی دەردی کپ کردنی بیری ئازاد و داخستنی دەرگای لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و فەرمان سەپاندن و مەڵبەند پەرستییەکی وشکی دوور لە هەموو وردبوونەوە و لێکدانەوە و دوگماتیزمێکی کوشندە بووبوو، هەر کەس لە ئاستیا سەری هەڵبڕیایە و ناڕەزایی پیشان دایە، بە خۆفرۆشتوو نۆکەر و خەفیە و دوژمن و ناو و ناتۆرەی چەپەڵی لەم بابەتانە تاوانبار ئەکرا و، ئەگەر سەریشی تیا نەچوایە بە جۆرێ بەدناو ئەکرا لە هیچ کۆڵانێکا گا بە دەنگی نەڕوا و، یا ئەبوو بیدایەتە پاڵ ئۆردوگای دوژمن و یا سەری خۆی کز کردایە و تا سەری یەکجاریی ئەنایەوە بێ دەنگ و کپ دانیشتایە. لە ئەنجامی ئەم وەزعەوە بە چاوێکی دوگمایانەی قوڵ ڕۆنەچوە خوارەوە سەیری زۆر مەسەلە ئەکرا و، بارودۆخێکی وا خوڵقا بوو مەسەلەی کوردیش لە لایەن بزوتنەوەی پێشکەتخوازی جیهانەوە، وەك مەسەلەی گەلێکی ستەم لێکراو و سەیری نەکرێ و بە یاخی گەرییەکی کۆنەپەرستانە و ئاینی بناسرێ. ئەم بارە ناخۆشە بەش بە حاڵی نازم حیکمەت هەموو ساڵانی چوونی دووەمی بۆ مۆسکۆ و گەڕانەوەی بۆ تورکیا و گیرانی و چوونە بەندیخانەی و پاشان بەرەڵلاکردنی و چوونی سەرلەنوێی بۆ مۆسکۆ و تا مەرگی لەوێ، کەم و زۆر، ئەگرێتەوە. کەواتە لە حاڵی وادا کەس مافی گلەیی لە نازم نییە ئەگەر لە بەدادیی مەسەلەی کورد نەگەیشتبێ و لەسەری نەهاتبێتە دەنگ. ئەوێ کە لە ژێر کەلەپچەی زیندانیشا تا ماوەیەکی زۆریش بەیت و بالۆرەی نیشتمانپەروەری (باوکی گەلی وڵاتەکەی) بدرێ بە گوێیا، ئەبێ بە تەمای چ یارمەتییەك بین لێیەوە بۆ گەلێك لە بارودۆخێکی وەك ئەوەی ئێستا باسم کرددا لە رووی ئەو (باوك)ەدا راست بووێتەوە و ئاڵای شۆڕشی هەڵگرتبێ. لە دواساڵەکانی ژیانیشیا کە وردە وردە تەمی دوگماتیزم و وشکەدەروێشی لە بزوتنەوەی کرێکاریدا کەوتبووە رەوینەوە و تا چەردەیەك ئازادی بیرکردنەوە و فرەڕایی خەریك بوو تیا پەیدا ئەبوو، زۆر لەوە بێ هێزتر بوو کۆتی ئەو بۆچوونە چەوتانەی کۆن بشکێنێ و کاری ماوەیەکی گەلێ زۆرتر و هەنگاوی گەلێ بە تینتری ئەویست. بەڵکو ئێستایش پاش حەفتا ساڵ هێشتا ئەو جۆرە سەرنجە لە زۆر شوێن و لای زۆر لا هێشتا حوکم فەرمایە.

خۆ ئەگەر لە رووی دووەمیشەوە بۆ مەسەلەکە بچین واتە رووی دەمی لێپرسینەوە بکەینە نازمی شاعیر و هونەرمەند و خاوەن هەست و کە مرۆی وا زۆر جار لە پیاوی سیاسی مرۆڤانەتر ئەڕوانێتە کاروبار و، تەنانەت ئەگەر خاوەت ئیلتیزامی سیاسییش بێ زۆر جار ئەو لایەنەی ئەو لەگەڵیەتی ناتوانێ زۆر توند رەخنەی لێ بگرێ و لێی بپرسێتەوە و چاو لە سەرکێشییەکانی ئەپۆشێ، ئەوە ئەبێ بڵێین لەم مەیدانەدا دوو شت هەیە، یەکەم ئەوەتەی نازم زۆر کەم راستەوخۆ وەك سیاسی دواوە و، لەگەڵ ئەوەیشا کە سەرجەمی کارە ئەدەبییەکانی خزمەتی ئامانجە مرۆڤایەتییە سیاسییەکانی ئەکەن، زۆر بە دەگمەن نەبێ ناوی هیچ کەسێ یا هیچ گەلێ ناهێنێ و کە داکۆکی ئەکا داکۆکی لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەکا و لە دژی خوێن مژین و چەوساندنەوە ئەدوێ و، تەنانەت بەشدار بوونیشی لە سیاسەتدا چ بە قەڵەم و چ بە هاوکاری لە ئاستی باڵای ئەنتەرناسیونالیستیا هەر لەو چوارچێوە ئینسانی یە گشتییەدا بووە و مەسەلەی هەر گەلێکی کردبێ بە بابەتی شیعرێکی لە دیدگای تراژیدیای یەك کەسی ئەو گەلەدا کردوویەتی و هەموو ئەمەیش لە قاڵبێکی ناسکی هونەریدا کە کەم کەس یەکەن دەردوو دەرك بەوە ئەکا لەو دیو ئەم بابەتە هونەرییەوە مەبەستێکی سیاسی خۆی حەشارداوە.

لە بارەی کورد و نازم حیکمەتەوە مامۆستا شوکور مستەفا ئەڵێ، لە حەوت بەرگ لە هەشت بەرگی تێکڕای بەرهەمی لە چاپدراوی نازم حیکمەتدا کە خوێندوویەتیەوە تەنها لە دوو شوێنا ناوی کوردی بەرچاو کەوتووە.

لە شوێنێکیانا کە باس لە بڕوبیانوو گرتنی دەوڵەتی وڵاتەکەی خۆی ئەکا بۆ گرتن و ڕاوەدوونانی خەڵك و ئەڵێ مەسەلەی شێخ سەعیدیان کردووە بە بیانوو بۆ هەرچی کە بیانەوێ دەرهەقی ئەم خەڵکەی بکەن. واتای ئەم قسەیە دیارە کە داکۆکی یە لە کوردی خاوەنی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و لەو دیموکراتانەی وڵات کە دەنگی ناڕەزاییان لە داپڵۆسین و سەرکوت کردنەوەی کورد کردووە لەوێ.

لە شوێنێکی تریشا لە چوارچێوەی گەشتنامەیەکی خۆیا باس ئەکا کە لە ناو شەمەندەفەرا ئافرەتێك ئەبینێ ژنە پۆلیس ئەبێ، باسی ژیانی خۆی و مێردەکەی بۆ ئەکا، ئەڵێ: ناردینیانە ناو خەڵکێ پێیان ئەڵێن کورد، پێشتر پێیان وتبووین کلکیان هەیە. کە چویین دیمان نە کلکیان هەیە و نە هیچ و، ئەوانیش هەر وەکو ئێمە وابوون. واتای ئەمەیش ئاشکرایە کە ڕسواکردنی شۆڤێنییەکانی وڵاتەکەیەتی کە چۆن ناو و ناتۆرەی ناشیرین لە بارەی کوردەوە لە ناو خەڵکەکەدا بڵاو ئەکەنەوە و، چۆن ڕەشە خەڵکەکە تا سەر بەو درۆ و دەلەسانە ناخەڵەتێنن و، چۆن هەر کە ڕاستییان بۆ دەرئەکەوێ ئەچنەوە سەر ڕێی ڕاست.

کاك شوکور هەروا ئەیگێڕێتەوە کە لە میهرەجانی لاوان و قوتابیانی وارشۆی ساڵی 1955دا نازم حیکمەتی دیوە و ئەڵێ: یەکێ لە نوێنەرانی لاوانی کورد کە لە وەفدی عێراقدا ئەندام بوو، داوای کرد دەعوەتێك بە ناوی کوردانی بەشداری میهرەجانەوە بۆ نازم ڕێك بخەن و لە لایەن سەرۆکی وەفدی عێراقیشەوە پێشوازی لەم داوایە کراو، ئەو –واتە مامۆستا شوکور- نێردرا بۆ لای نازم بۆ بانگ کردنی. مامۆستا شوکور ئەڵێ: کە چووم بۆ لای نازم، نوسخەیەکم لە پارچە شیعرێکی عەبدوڕڕەحمانی شەرەفکەندی (هەژار) لەگەڵ خۆم بۆ برد کە بە بۆنەی میهرەجانەوە دایانابوو. ئەڵێ کە دانیشتم لای، شیعرەکەم بۆ خوێندەوە و بۆم کرد بە تورکی، سەرەتای شیعرەکە بەم جۆرەیە:

کوردێکم ئەوێ چاپوك و پتەو

سەفەرێك بکا بە تاریکەشەو

نەیەڵێ تورك و عەجەم بزانن

داگیرکەرانن، لە کوردستانن

مامۆستا شوکور ئەڵێ: کە نازم گوێی لە تەرجەمەی ئەمە بوو، وتی، نا، تورك و عەجەم داگیرکەری کوردستان نین، فاشیستەکانی (تورك و عەجەم) داگیرین. ئەوجا دەعوەتەکەی قەبوڵ کردو بۆ ڕۆژی دووەم هات بۆ لامان و قسەی بۆ کردین و لە ناو قسەکانیا وتی: من میوان نیم، من خاوەن ماڵم. من لەگەڵ براکانمم. من شیری کوردم خواردووە و بەشیری کورد پەروەردە کراوم. هەروا وتی میللەتی کورد و میللەتی تورك لە ناو خۆیانا هیچ گیرگرفتێکیان نییە، گیرگرفت لەگەڵ حوکومڕانانە و، لەم جۆرە قسانەی زۆر بۆ کردین. دەمڕاستی کوردەکان لە ناو وەفدی عێراقا بەو بۆنەیەوە قاتێ چۆغە و رانکی کوردیی پێشکەش کردو، ئەویش بە پێخۆشحاڵی یەکی زۆرەوە وەری گرت.

***

کاك ئەحمەد موحەممەد ئیسماعیلیش کە یەکێکە لە چیرۆکنووسە کوردە تورکی زانە بەدەرەوەکانمان و تەنانەت یەکێ لە بەرهەمەکانی نازم حیکمەتیشی کردووە بە کوردی، پێی وتم: کەوا جگە لەو هەشت بەرگە بەرهەمەی نازم حیکمەت کە لە بولگاریا بڵاوکراوەتەوە و وادانراوە سەرجەمی بەرهەمیەتی، پاشتریش هەندێ بەرهەمی تری تازە دۆزراوە لە بەرگێکدا بڵاوکراوەتەوە. لەو بەرگەیشیا لە چەند شوێنێکا باسی کورد هاتۆتە ناو کە لە یەکێکیانا باسی نامەیەکی تێکۆشێکی کورد ئەکا کە بۆ نازمی ناردووە و شانازیی خۆی بە هەڵوێست و تێکۆشانی قارەمانانەیەوە تیا دەربڕیوە.

لەمەیش هەموو بایەخدارتر ئەو دەسنووسەی نازم حیکمەتە کە لە ئەرشیفی کامەران عالی بەدرخانا بووە و پاش مردنی بەدرخان کوردێکی تورکیا بە ناوی (کەندالً) بە کورتە پێشەکی یەکەوە لەگەڵ فۆتۆکۆپی یەکەی لە ژێر ناونیشانی (دەستنڤیسارێکی نازم حیکمەت لسەر کوردان) لە ژمارە (1)ی تشرینی یەکەمی 1983ی گۆڤاری (هیوا)ی پاریسدا بڵاوی کردووەتەوە. ئەو فایلەی بەدرخان کە ئەم دەسنووسەی تیا بووە، ساڵی 1961ی لەسەر نووسراوە. کەندالً لە پێشەکی یەکەیا ئەڵێ:

ئیحتیماله ئەم دەسنووسە لە ساڵی 1961دا نووسرابێ. ئەم دەسنووسە کە لە (8) لاپەڕەی (5،13&21) سانتیمەتریدا نووسراوە، هەڵوێستێکی روونی پێشکەوتخوازانە و ئەنتەرناسیۆنالیستانەی بەرانبەر بە مەسەلەی گەلی کورد و پێوەندی بە گەلانی دراوسێ یەوە تیایە. هەمان بەڵگە بەوجۆرەی لە گۆڤاری (هیوا)دا بڵاوکراوەتەوە، پاش وەرگێڕانی بۆ سەر تیپی عەرەبی، لەگەڵ فۆتۆکۆپیی نووسراوەکەی نازمدا، لە لایەن سەعید دێرەشی یەوە، لەبەرگی دووەمی بڵاوکراوەی (دەنگێ مە)ی ساڵی 1985یشدا بڵاوبووەتەوە.

ئەمەم هەر بۆ ئەوە نووسی یەوە کە زۆر کوردی تریش قسەی وەك قسەکەی کاك کەمال ئەکەن و تەنانەت زۆریشیان ئەیکەن بە بەڵگە بۆ بەگژاچوونی سیاسیی دەستە و دائیرەی نازم و بۆ بانگهێشتنی دوورە پەرێزی لە گەلانی تر و بە تایبەتی گەلانی دراوسێ لە ناو کوردا. ئەگینا ئەگەر هەر هیچ بەڵگە و بەڵگەکاری یەکیش نەبێ لە ئارادا، عەقڵی هیچ لە سیاسەت گەیشتوویەك ئەوە ناگرێتەوە خۆی نازم حیکمەتی شاعیر و شانۆنامەنووس و هونەرمەند و تێکۆشی مرۆپەروەری سێزدە ساڵ زیندانی لە پێناوی گەلانی تورکیادا، هەڵوێستی دۆستی و هاودەردیی بەرانبەر بە گەلی کوردی وڵاتەکەی خۆی نەبووبێ، ئە\ینا ئەبێ جیاوازیی چی بێ لە نێوان ئەو و ئەوانەدا کە زیندانیان کردبوو؟!

ئەنجا ئاخۆ ڕاستە "دەرفەتی نازیم حیکمەت بۆی بزواندنی ئەو جۆرە باسانە گەلێك لە دەرفەتی عەزیز نەسین لە بار و زیاتر بوو، چونکە ئەویان بەشی زۆری ژیانی لە دەرەوەی وڵات بردە سەر و، لە زۆر لاوە و بە گەلێك زمان دەرکەی بڵاوکردنەوەی بۆ ئاواڵە کرابوو بێ ئەوەی لە گرتن و راوەدوونان بترسێ"؟

بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم ڕستەیەی کاك کەمال ئەبێ بڵێم بەش بە حاڵی نازم و نازمەکان مەسەلە مەسەلەی بوونی دەرفەت و بە ئازادی ژیان و نەترسان لە گرتن و راوەدوونان نییە، هەرچەندە ئەمەیش بایەخێکی ئێجگار زۆری هەیە، چونکە بوونی ئازادی و نەبوونی زەبروزەنگ دەرفەتی لێکۆڵینەوە و باش لێ حاڵی بوونی بار و دۆخ و کرۆکی رووداوەکان بە باشی دابین ئەکا، بە پێچەوانەوە بوونی ترس و لەرز و سەرکوت کردن و دەس بەستن و دەم دروونەوە، ئەگەر هەڵوێست دەربڕین لای نازم بە ئازادیی دەربڕینەوە بەند بوایە، ئەبوو لە مەسەلەی گەلی

وڵاتەکەیشی بێ دەنگ بوایە و خۆی نەخستایەتە بەر گیروگازی جەندرمەی ڕژێم و چەند جار و دواجاریان بۆ سیازدە ساڵ نەچوایەتە کونجی زیندانی تاریکەوە. ئەمانە چییان باوەڕ پێ بووبێ وتوویانە و کە یەکێکی بەرپرسیشیان ئەوە وەك ئەوە وایە هەموویان وتبێتیان و کەسیان نکوڵیی لەو وتراوە نەکردووە و، ئەگەر کردبێتی بە پاشگەزبوونەوەی لە رابردووی تا ئەو کاتە دانراوە.

کەواتە مەسەلە مەسەلەی باوەڕە. باوەڕیش لەم مەیدانەدا دوو لقی هەیە. باوەڕ بە شتێك و باوەڕ بەو تەکتیکانەی لە پێناوی هێنانەدی ئەو شتەدا ئەگیرێنە بەر. نازم حیکمەت، لام وایە کاك کەمالیش باوەڕی بەوە هەیە، لە پێناوی گەلی تورکیادا تێکۆشاوە. گەلی تورکیایش، وەك هەموو ئەزانین، هەر تورك نییە، کوردیشە، عەرەبیشە، ئەرمەنیشە، یۆنانیشە، لازیشە و لام وایە کەمایەتیی تریش هەن کە من پێیان نازانم. کەواتە تێکۆشانی نازم بۆ رزگاریی هەموو دانیشتوانی وڵاتەکەی بووە. ئەوەی کە ئەکرێ بە زەقی بە نازم و هاوبیرەکانی بووترێ ئەوەیە بۆ لەسەر شۆڕشەکانی کوردی تورکیایان نەکردۆتەوە؟ ئەمە پرسیارێکی بە جێ یەو وا من لێرەدا هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەدەم، ئیتر نازانم تا چەند راستی ئەپێکم.

نازم حیکمەت پێش گیرانە گەورە و دوور و درێژەکەی دوو ماوە لە یەکێتی سۆڤیەت ژیاوە، لە 1920ەوە تا 1924 و لە 1925ەوە تا 1927. لەو دوو ماوەیەدا و تا ماوەیەکیش لەوەپاش تورکیا بە وڵاتێکی شۆڕشگێڕ دراوەتە قەڵەم و دۆستی سۆڤیەت بووە و هەموو ئازادیخواهانی جیهان لایەنگری بوون و تەنانەت پێشکەوتخوازانی یۆنانیش دژی رژێمی وڵاتەکەی خۆیان لایەنی ئەویان ئەگرت و لەسەری ئەچوونە زیندان. بزووتنەوەی ئەو سەردەمەی کوردی تورکیایش —وەك پێشتریش وتمان- هەر بەم پێیە لە ریزی ئەو تەقەلایانەدا دائەنرا کە ئیمپریالیزم ئەیاندا بۆ گێڕانەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو لە تورکیادا بۆ دواوە. جا کەسێکی وەك نازم حیکمەتیش، لەو سەردەمەدا، نە لە دەروونی خۆیا دەرفەتی لەسەر بزووتنەوەی کورد هاتنە دەنگ و رەخنەگرتن لە ڕژێمی وڵاتەکەی خۆیی شك بردووە و، نە ئەگەر شکیشی بردبێ لە سۆڤیەتێکی ئەوتۆدا کە بە هاوسەنگەری تورکیا دائەنرا ئەیتوانی ئاڵای نارەزایی لە سیاسەتی وڵاتەکەی بەرزبکاتەوە. پاشانیش کە ئیتر وردە وردە کۆنەپەرستیی رژێمی ئەو وڵاتە بۆ بزووتنەوەی پێشکەوتخوازی جیهانی دەرکەوت، ئەم دیاردە تازەیە هەرگیز ئەوەندە دیالێکتییانە نەبووە چاوگێڕانەوەیەکی بە هەڵوێستی پێشوودا بەرانبەر بزووتنەوەی کوردی تورکیا بەدەمەوە بێ. ئەم ماوەیەش بە شێوەیەکی خەست و خۆڵ سەرجەمی ساڵانی پێش گیرانە سیازدە ساڵییەکەی نازم و ساڵانی گیرانی و پاش بەربوونی و چوونی بۆ سۆڤیەت و ژیانی لەوێ و تا مردنیشی لە حوزەیران (مانگی شەش-جون)ی 1963دا ئەگرێتەوە. نازم لەم ساڵانەدا، هەرچەند نیشانەی ئەوەیش هەیە کە لە دوا ساڵەکانیا تا چەردەیەك خۆی لە کۆتی دۆگماتیزم و رێبازی ستالینی رزگار کردووە، هەرچۆن بێ هەر لە ژێر تەئسیری، ئەگەر نەیشڵێین کوتەك، مۆرفینی ئایدۆلۆژیی ئەو وشکە دەروێشی یەدا بووە کە تێکرای بزووتنەوەی سۆشیالیزمی زانستی یانەی گرتبوەوە. کەواتە دەرفەت بەش بە حاڵی نازم حیکمەت دەرفەتی رەهابوونی بیرە لە کۆت و زنجیری دۆگماتیزم و سەرکوت کردنەوەی ناوخۆییی بیر، نەك کۆت و زنجیری پۆلیس و بەندیخانە کە هەرگیز نەیتوانیوە رێی یەکجاری لە هیچ وڵاتێکا لە هیچ نازم حیکمەتێ بگرێ.

هەرچی عەزیز نەسینە، کابرایەك لیبراڵ. خۆی بە غەیری خۆی و بۆچوونی خۆیەوە بە هیچی ترەوە نەبەستووەتەوە. بۆچوون و بەرژەوەندی خۆی —بە مانا گشتییەکەی- سەرچاوەی بیرکردنەوەیەتی. وڵاتەکەیشی لەم سێ چوار ساڵەی دواییدا کە ئەویان لەسەر کورد تیا هاتوەتە دەنگ، هەرچۆن بێ چەردەیەك لێبرالیزمی هەر تیا بووە. کەواتە دەرفەتی نازم و نەسین زۆر لێك جیان و، ئەمەیش —سێ بارە- ئەیڵێمەوە بۆ داکۆکی نییە لە

کەس ئەوەندەی کە بۆ داکۆکییە لەوە کە هەر کەس ئەوەندەی تەکلیف لێ ئەکرێ کە لە دەسەڵاتیا بێ چ بە تێگەیشتن و چ بە کردن.
ئەنجا نازم حیکمەت بە کوڵ بۆ کەس نەگریاوە، نە ڕەش پێستانی ئەمەریکا و نەزۆرلێکراوانی هەر چوارگۆشەی جیهان —کە کوردیش ئەگرێتەوە-. ئەمە کاری ئەو نییە، کاری ئەو شاعیرانە هەر بە دروشم و دروشمکارییەوە خەریکن و بڵندگۆی سیاسی حیزبەکانیانن . نازم حیکمەت وەك هونەرمەندێکی وردی ناسك مەسەلەکان دێنێتە پێش و ئاهێکی نەگرفتە ئەگەر جارێ ناوی کەسێ یا لایێ بێنێ، مەگەر ناوی موعەززەزی ژنی و موحەممەدی کوڕی. نازم مەگەر لە چوارچێوەیەکی بەربڵاوی مرۆڤانەی وەك باسی جەنگدا ناوی گەلێکی جەنگ زەدە یا دەوڵەتێکی دەسدرێژیکەر لە شیعریا بێنێ. کارەکانی نازم حیکمەت دیارە لە کرۆکا هەموو کاری سیاسین، بەڵام ئەوەندە هونەرمەندانە و مرۆڤانە نووسراون دووئاتەشەترین مرۆی کۆنەپەرست یارای ئەوەی نییە وەك شیعر و شانۆنامەی سیاسییان بداتە قەڵەم و لەو دیدگاوە بییانداتە دواوە، مەگەر لە کۆنەپەرستیدا شووڵی بێعاری لێ هەڵکێشا بێ و بە ڕۆژی نیوەڕۆ جاڕی کۆنەپەرستی خۆی دابێ.
بە راستی لە ناخی دڵمەوە پێم ناخۆشە خۆم بە ناچار ئەزانم لە بارەی ئەم بڕگەیەی وتارەکەی کاك کەمالەوە لەمەڕ هەڵوێستی نازم حیکمەت بەرانبەر مەسەلەی کورد بڵێم: ئەگەر چاو لە ڕاستی نەپۆشین، وا ئەگەیەنێ نازم حیکمەت، بەدەسەنقەست، نەك هەر دژی ئەو ئامانجە سیاسییانە بووە کە رێکخراوە کوردەکان تورکیا بۆ خۆیانیان داناوە، بەڵکو تەنانەت دژی رەشە خەڵکەکەی کوردیش بووە، کە هەرگیزا و هەرگیزیش، وەك مرۆیەکی ئینسان دۆست، لە دۆستێکی دڵسۆزی گەلی کورد و هەموو گەلێ کەمتر نەبووە.
کاك کەمال کەرتێکیشی لە بەشی سێیەمی وتارەکەی تەرخان کردووە بۆ تورکەکانی بولگارستان. لەم مەیدانەدا چەند بڕگەیەك لە نووسینەکەی کاك کەمال ئەگوێزینەوە بۆ ئێرە:
کاك کەمال لە سەرەتای ئەم بەشەی وتارەکەیدا (بڕگەی دووەمی ستوونی چوارەم) ئەڵێ: "سەرەتای ساڵی 1989 عەزیز نەسین کتێبی بێ ئەندازە بەهاداری (تورکی بولغاریا و کوردی تورکیا)ی بڵاوکردەوە. بەرهەمی نوێی عەزیز نەسین بریتییە لە پوختەی بیر و رای بەرانبەر بە کوردی تورکیاو ... تاد"، پاشان ئەڵێ: "جگە لە وتارە بڵاوکراوەکانی دەربارەی تورکی بەلغارستان، وەك یەك ئاوڕدانەوە لە دوو لایەنی زۆر لێ کراو، یەکێکیان هاوخوێن و رەگەز و ئەوی‌تریان هاونیشتمان، بەڵگەی گەورەیی و سەروەری و بەرزی و دووربینی و عەقڵ و فامی ئەو مرۆڤە بە راستی دەگمەنەیە کە وا لە پیاو دەکات تاریك بین نەبێ و دڵنیا دڵی بە دوا رۆژی دنیا خۆش بێ کە بە پێی بۆچوونی دانتێ دەبێ جڵەوی کار بە دەستی پیاوی بەراستی زیرەك و لە خۆبووردووی وەك عەزیز نەسینەوە بێ"،
پێشەکی ئەبێ بڵێم کورد واتەنی لەم قوڕە ئەوەندە تۆز هەڵسێ و، لە وڵاتێکی وادا کە تا ئەم دواییەیش بە کوردی تیا ئەوترا (تورکی کێوی)، کورد لە ئاستی تورکی بولگاریایشدا دابنرێ هەر شوکرانە بژێری ئەوێ. ئەمە لە کاتێکا کە هەڵوێستەکە لە تورکێکی تورکیاوە بێ هەرگیز بە بیروباوەڕی ئەنتەرناسیۆنالیستی ناوی دەرنەچووبێ. بەڵام کاك کەمالی کوردی بە بیروباوەڕی پێشکەوتخواز ناسراو بێ هەڵوێستێکی وا بە ناوونیشانی "گەورەیی و سەروەری و بەرزی و دووربینی و عەقڵ و فام" دانێ و، خاوەنی هەڵوێستێکی وا بە پیاوی "دەگمەن" بداتە قەڵەم و، هەر لە بوونی پیاوێکی وا دەگمەنەوە دڵی بە دنیا ئەوەندە خۆش بێ بڵێ:"وا لە پیاو ئەکات تاریك بین نەبێ و دڵنیا دڵی بە دوا رۆژی دنیا خۆش بێ"، ئەوە لای من بە هیچ کلۆجێ مایەی شادمانی نییە.

بەر لە هەرچی ئەزانم ئێستا هەندێ کەسی وا هەن ئەڵێن: من ئەم قسانەم تەنها بۆ داکۆکییە لە ڕژێمی بولگاریا و هیچی تر. بەڵام با سوور بیخەمە مشتی ئەوانەوە و بڵێم من لەگەڵ ئەوەیشا کە لە ڕووی ڕاستی گیروگرفتی نێوان تورکەکانی بولگاریا و دەوڵەتی بولگاریا شارەزا نیم، بە هەموو هێزمەوە نارەزایی خۆم لە هەر زۆر بۆ هێنانێکی ئایینی یا نەتەوەیی یا بیروباوەڕی یا چینایەتی دەرئەبڕم کە دەوڵەتێك لە دژی کەسێك یان کۆمەڵە خەڵکێکی بەکاربێنێ، بەوەی بولگاریایشەوە و، بەڵکو لەوانەیە بڵێم ئەمە لە وڵاتێکی سۆشیالیستدا کە ئیدیعای باوەڕ بە هاوسانیی گەلانی گەورە و بچوك ئەکا گەلێ پێناخۆشترە تا لە وڵاتێکی دەرەبەگی یا سەرمایەداریدا کە ئەگەر شتی وایش بکا لە سروشتی خۆی نەچۆتە دەرەوە.

بەڵام ئاخۆ بە ڕاستی ئەم دوو تای تەرازووە هاوسەنگن؟ ئاخۆ تورکی بولگاریا لە بەکارهێنانی زمانی خۆیان و لە بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بە تورکی بێ بەشن؟ ئاخۆ ڕێیان لێ گیراوە داب و نەریتی ئایینیی خۆیان لە مزگەوتا جێبەجێ بکەن؟ ئاخۆ لەسەرەتای دامەزرانی ڕژێمی سۆشیالیستییەوە لە ژێر زەبروزەنگی حوکمڕانانان؟ ئاخۆ تا ئێستا سێدارە بۆ کەسیان هەڵخراوە و، هەزارانیان ساڵەهای دوور و درێژ لە زیندانا ڕزیون هەر لەبەر ئەوە کە تورکن؟ ئاخۆ لە ژێر نێڵەی دەرەبەگ و کۆتی سەرمایەدار و پۆستاڵی ژەندرمەدا ئەژین؟ دیسانەوە ئەڵێم من دژی هەر جەور و ستەمێکی ئایینی و نەتەوەیی و چینایەتی و بیروباوەڕیم لە هەر لایەکەوە بەرانبەر بە هەر لایەك.. باوەڕیشم بەوە هەیە دیمۆکراسی لە بولگاریا نە بەش بە حاڵی بولگارەکان خۆیان و نە بەش بە حاڵی کەمایەتییەکان، بە تورکیشەوە، بەوجۆرە نەبوە کە پێویستە لە وڵاتێکی سۆشیالیستی ڕاستەقینەدا هەبێ مادەم سۆشیالیزم بۆ سوودی گەل هاتووەتە ئاراوە.

ئەنجا توخوا بەراست ئەم دنیا وا تاریك بووە کەسی تیا نەبێ لەسەر مافی گەلێکی ستەمدیدە بێتە دەنگ و مرۆ دڵی بە دنیا خۆش نەبێ و تەنها ئەم چەند بەڕە کتێبەی عەزیز نەسین هەبێ ببێ بە دەسەچیلەی هەموو گەلانی جیهان بەرەو دوا ڕۆژی گەش؟ ئەی ئەو هەموو پێغەمبەر و حوکیم و فەیلەسووف و خاوەن بیر و خێرخواز و بەیانیی جیهانی مافی ئادەمیزاد و جاڕی مافی چارەنووسی گەلان و ناچاریی هەر بەرەو پێشەوە چوونی ڕەوڕەوەی مێژوو و، ئەو هەزاران شۆڕشگێڕ و لە خۆبووردوانەی ئەم ڕووی زەوییە چییان لێ هات کە چوونە کۆڕی خەبات و شۆڕش و چوونە سەر سێدارە و لەبەر ڕیزی گوللەی خوێنخۆرانا وەستان و چاوی ترسیان نەترووکاند و، ساڵەهای ساڵ شەو و ڕۆژی سارد و سڕ و تاریك و شێداری زیندانەکانیان بە کەلەپچەی قورسی دەست و پێوە لە پێناوی دوارۆژی مرۆڤایەتیدا بەسەر برد؟ ئەشێ ئەمە هەمووی هیچ بێ و تەنیا عەزیز نەسین پێغەمبەری ئاخر زەمان و بانگەوازی دادپەروەری بێ لە جیهانا.. ئەنجا لەگەڵ هەموو مەمنوونی و قەدرزانینێکما بۆ هەڵوێستی عەزیز نەسین لە ئاست گەلی کوردی تورکیا و خستنە بەرچاوی مەسەلەی ئەم گەلە لە کتێبەکەیا، ئەمەوێ بپرسم ئەم بنووسە کە چەند ساڵە خەڵك ئەیناسن، لەکەیەوە کوردی بیرکەوتووەتەوە و بەدەرکەوتنی ئەو ئەم دەرووی خێرە لە مرۆڤایەتی کرایەوە؟

کەواتە ئەبێ بێ ئەندازەیی بەهاداریی ئەم کتێبە لە کوێدا بێ؟

لەوەیدا کە ڕادەی چەوسانەوەی کوردی تورکیای ئەوەندە بە کەم پیشان داوە لە ئاستی چەوسانەوەی تورکی بولگاریادا بێ کە پێیان ئەڵێن ئێوە بولگارین و ئەبێ ناوی بولگاری هەڵگرن، یا لەوەدا کە چەوسانەوەی تورکی بولگاریای ئەوەندە بەرزکردوەتەوە گەیاندوویەتیە ڕادەی چەوسانەوەی کوردی تورکیا و وتوویە ئەوەی لە تورکیا بە کورد ئەکرێ هەر ئەوەیشە لە بولگاریا بە تورك ئەکرێ؟

کاك کەمال لە بڕگەیەکی تری وتارەکەیا (بڕگەی هەشتەمی ستوونی چوارەم) ئەڵێ: " زۆر بە داخەوە ماوەیەکە کاربەدەستانی ئەو وەڵاتە ئەوروپاییە دەیانەوەی بە زۆری زۆردارەکی مافە ڕەوا مێژووییەکانی ئەو تورکانە زەوت بکەن. کار گەیشتووە بەوەی بە زۆر دەستیان لە ناوی نەتەوەیی خۆیان پێ هەڵبگرن". پاشان ئەڵێ: "سەیر ئەوەیە لە گێژاوی ئەم بێنە و بەرەیەدا، بەلغارەکانی کوردی تورکیایان بیرکەوتۆتەوە بە کوڵ (بۆ) چاوی ڕەشیان دەگرین. دەڵێن ئێزگە و چاپەمەنی سۆفیا لەم بوارەدا تۆز دەکات و پاش شەست و پێنج ساڵان بە خێرێ تازە کەوتۆتە شین و شەپۆر و قوڕپێوان بۆ ئێسك و پروسکی پیرۆزی شێخ سەعیدی پیران و هاوبیرانی. هەر خوار بکات زوو دەست هەڵنەگرێ! کوردی قوڕبەسەری تورکیا ئاتاجی هەڵوەستی وا هەلپەرستانە نییە. ئەو عەودالی دوو کرداری پیاوانە و ڕەسەنی وەك کرداره بەرزەکانی عەزیز نەسینی گەورە و سەروەرە، کە لە یەك کاتدا و وەك یەك لە (تورکی بەلغارستان و کوردی تورکیا) گاڵتە بە کورتبینی فەرمانڕەوایانی هەردوو وڵات دەکات. ئەوانەی لە دوو ڕێگەی جیاوازەوە لە یەك گەرووی تەنگەبەری پڕ شەرمەزاریدا یەك دەگرنەوە".

من لە کاتێکدا کە هیچ پشت بەوە نابەستم لەم گەرمەی کێشەی نێوان بولگاریا و تورکیادا، بولگاریا لەسەر کوردی تورکیا ئەکاتەوە و لەو هەلپەرستییە سیاسییە زۆر دلگرانم کە بە هیچ کلۆجێ لە سەرچاوەی باوەڕ بە مافی چارەنووس دیاریکردنی گەلانەوە هەڵنەقوڵاوە. لام وایە ئێمە، وەك کورد، هەر ئەوەندەمان بۆ ڕەوایە داوای دادان نان بە مافی تورکی بولگاریادا لە لایەن بولگاریاوە بکەین و پێشێلکردنی مافە نەتەوەییەکانیان بە تاوان دابنێین و، لەم جیهانەدا، کە بەداخەوە، تەنیا مەسڵەحەت حوکم فەرمایە تیایا هەرگیز سوود و مەسڵەحەتمان لەوەدا نییە گاڵتە بەو هەڵوێستەی بولگاریا بکەین کە لە ئاست گەلی کوردی تورکیا گرتوویەتیە بەر، چونکە مەبەستی هەر چی بێ و با بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ، لایەنی مەسەلەیەکی دادپەروەری گرتووە کە قازانجی ئێمەی تیایە و، وەك کەسانێکی پێشکەوتخوازیش تەنها ئەوەندەمان بۆ هەیە ئاواتی ئەوە بخوازین ئەم هەڵوێستە بۆ ئێمە بە سوودەی لە سەرچاوە لێڵە هەلپەرستانەکەیەوە بگوێزێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی ئینسانی و ئەنتەرناسیۆنالیستی و، لە هەموو مەسەلەیەکی بەدادی تریشا چ خۆی و چ ئاوەڵەکانی ئۆردوگای سۆسیالیستی یشی هەڵوێستیان هەڵوێستێکی ئینسان دۆستانە و ئەنتەرناسیونالیستانە بێ و، هەر ئەمەیشە ڕێگای ڕاست و، هەر لەم ڕێگا ڕاستەیشەوە کارێك ئەکەن متمانە بە ڕاستگۆییان بکرێ و، بۆ خۆیشیان گەلێ لەو بارە قورسانەی سەرشانیان سووك ئەبێ کە زۆری لە ئەنجامی هەلپەرستی و لە دادپەرستی لادانەوە پەیدا بووە و بووە بە تەوق و چووەتە گەردنیان.

بێ گومان منیش و کاك کەمالیش و هەموو مرۆیەکی نیازپاکیش حەزمان ئەکرد و بە ئاواتەوە بووین ئەم کۆمەڵگای جیهانە ئەوەندە یەك ڕوو بوایە کەس ئاتاجی هەڵوێستی هەلپەرستانەی کەسی تر نەبوایە و، هەر دۆستێك بێ مەبەست و بێ ڕەچاوگرتنی قازانجی تایبەتیی خۆی دۆستایەتیی بکردایە و دوژمنیش زەق بیوتایە من دوژمن و پەنای نەبردایەتە بەر چاوبەست و فرۆفێڵ و دەست برین، بەڵام ئەفسوس جیهانەکە ئەو جیهانە نییە، جیهانی بەرژەوەندی تایبەتی پەرستنە. ڕاستە جیاوازییەکی زۆر و گەورە و گران لە نێوان ڕەوشت و هەڵوێستی لایەنەکانی کێشەی جیهانیدا لە گەلێ ڕووەوە هەیە و ڕەوشت و واقیع بینیش ڕێگەی ئەوە نادەن مرۆ هەموو لایەنەکانی کێشەکە بە یەك چاو سەیر بکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا ئەوەی ڕەوڕەوەی پێوەندی نێودەوڵەتان بەرێوە ئەبا ڕاستییە ڕووتوقووتەکە نییە، سوودی لایەنەکان خۆیانە و ئێمەمانان هەر ئەوەمان بۆ ئەمێنێتەوە کە سوودی (مەوزوعی)مان لە هەڵوێستی لایەکا بێ و، لەمە بەو لاوە هیچ شوێنێکی وامان لە حیسابی هیچ لایەکا نییە. ئەمرۆ ئاوایە و، بۆ سبەینێیش خوا خۆی ئەیزانێ چۆن ئەبێ.

هەرچی کرداری پیاوانە و ڕەسەنی مرۆیەکی ئەدیب و هونەرمەند و ئینسان دۆستی وەك عەزیز نەسین و، کەسانێك و ڕێکخراوە و کۆمەڵانێکی تاك و تەرا و دەسەڵات نەبوویشە لەم گۆشە و ئەو گۆشەی جیهانا، ئەوە بێ گومان بڕی دنیایەك مەمنونینی، بەڵام لەم جیهانە ئاڵۆزەدا کە مەسڵەحەت بەڕێوەی ئەبا و هەر هێز ئەتوانێ باری لاری ڕاست کاتەوە، ئەوە بە زەحمەت ئەگەر بتوانێ چەردەیەك حاڵی کەسێ خۆش بکا و هەر ئەوەندەی لە بارایە بە گوێی بەدبەختانی تری جیهانیدا بدا کە لە فلانە وڵاتیشدا کەسانێکی سیاچارەی وەك ئێوە هەن، نەکەن دڵتان بۆ خۆتان دابمێنێ!

زۆری لەسەر ڕۆیشتم، بەڵام بە بێ هوودەیشی نازانم. عوزریشم ئەوەیە لەم بارودۆخەی ئەمڕۆماندا کە زۆر شت ئاوەژوو کراوەتەوە و، هەلومەرجە پێویستەکانی ئاوەژووبوونەوەی گەلێ شتی تریش لە ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا گەرای داناوە. بۆ ڕاگرتنی ئاستی هۆشیاریی جەماوەر کە بۆ پاشەوە نەگەڕێتەوە و شتێك هەبێ پاڵێکی بۆ پێشەوە پێوە بنێ، هەر تەنها بزووتنەوە خودییەکەی مێژوو پێویست نییە، کەسانی بزووتووی بزوێنیشمان پێویستە. جا ئەگەر یەکێ لەو کەڵەبنووسانەی مێژوومان کە هەم بزووتووی چالاك و هەم بزوێنی چالاکیش بێ وەك دوکتۆر کەمال مەزهەری دۆستی ئازیز و خۆشەویستمان، بیروبۆچوونێکی وای خستە ئاراوە، بەش بە حاڵێ ئەوەی ئەوی پێ ناسراوە، "تازەیی"یەکی تیا بوو و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و تاوتووکردن بوو، ئەبێ چ لەبەر سوودی خۆی و چ لەبەر سوودی جەماوەری خوێنەرەوانێ کە بەپەرۆشەوە بە دوای نووسینەکانیا ئەگەڕێن، لەگەڵی بکەوینە دەمەتەقێ و، ئەگەر، خوانەکردە، زەدەییەك لە شوێنێکا هەبوو هەروا تێنەپەڕێ و ڕاست بکرێتەوە و، خۆ ئەگەر وایش نەبوو و ئێمە باش لە مەبەستێکی حاڵی نەبووبووین، ئەو بتوانێ بیرەکەی خۆیمان بۆ ڕوون بکاتەوە و جەماوەری خوێنەرەوانی خۆی تێبگەیەنێ.

پەراوێز (ی نووسەر):

1. ئەم وتارە کە یەکەم جار لە دوو ژمارەی 1138 و 1139 ی ڕۆژنامەی هاوکاری-ی ڕۆژانی 25ی 12 و 28.12.1989 دا بڵاوکراوەتەوە، ئەوەیە کە دوکتۆر کەمال مەزهەر بە "وتارێکی بێ ناونیشان"ە پێنج ئەڵقەیی یەکەی وەڵامی داوەتەوە، کە ئەم کتێبەی لە وەڵامدا نووسراوە (مەبەست لە کتێبی "بە تەمای گفتوگۆیەکی دیموکراتی بووم، بووم بە کاکە حەمەی کورد"ی کاکە حەمەیە، کە ئێمە ئەم بەشەمان لێیوەرگرتووە. ئامادەکاران).

2. کەمال مەزهەر ئەحمەد: نەورۆزی ساڵی 1959 لە بەغدا، گۆڤاری (هیوا)، ژمارە 8، ساڵی 2، شوباتی 1959، ل 67-82.

3. الدکتور کمال مظهر احمد: کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولی، ترجمة محمة‌د الملا عبدالکریم، بغداد، 1977، مطبعة المجمع العلمی الکردی، ص 269-271.

4. محەمەدی مەلا کەریم: چەند تێڕامانێکی فەلسەفی لە کتێبی "مێژوو"ی دوکتۆر کەمال مەزهەردا، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە 65، شوباتی 1984، ل 35-37.

5. لەو سەردەمەدا (محرری لغوی) بووم لە ڕۆژنامەی هاوکاری.

سەرچاوە: کتێبی "بە تەمای گفتوگۆیەکی دیموکراتی بووم، بووم بە کاکە حەمەی کورد" نووسینی محەمەدی مەلا کەریم. چاپخانەی (الزمان-بەغدا) ساڵی 1990.

تێبینی: رێنووس دەستکاری نەکراوە، دەقەکە لە لای کاکە حەمە چۆن نووسراوە بەو جۆرە گوێزراوەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب